تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

جینۆسایدی کەلی کورد

لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا

دكتۆر مارف عومەر گوڵ

جینۆسایدی گەلی کورد

لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا

ناوی کتێب: جینۆسایدی گەلی کورد - لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا
نووسینی: دکتۆر مارف عومەر گوڵ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٣٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: مریەم موتەقیان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی چوارەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٩٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

پێشکەش

باب گیان!

لەبیرم ناچێتەوە! ڕۆژێک لە ڕۆژە سەختەکانی ١٩٨٨ بەدزیەوە یەکتریمان بینی!

وتم: دەچمە دەرەوەی وڵات بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم.

وتت: چەندت پێ دەچێ؟

وتم: پێنج ساڵ.

وتت: ئای کە زۆرە؟

ئیتر هەر ئەو جارە بوو. نەمزانی جارێکی تر بەدیدارت شاد نابمەوە! من ڕۆیشتم و تۆش کۆچت کرد!

لە گەرمەی ڕۆژانی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بووم، نە ناگاداربووم کە تۆ لە ژیاندا نەماوی، نە بیریشم بەلای مەرگی تۆدا دەچوو! بۆیە بەری ئەم ڕەنجەم پێشکەش بە یادی هەمیشە زیندووی تۆ!

پێشەکی چاپی چوارەم

چاپی چوارەم لە کاتێکدا دەکەوێتە بەردەست، چەند گۆڕانکارییەک لە عێراقدا ڕوویان داوە کە پەیوەندیدارن بە بابەتەکانی ئەم کتێبەوە:-

١- سەرۆکی پێشووی عێراق کە لە سەردەمی ئەودا تاوانی جینۆساید لە دژی کورد ئەنجام دراوە، بەهۆی دادگاییکردنی لەسەر کۆمەڵ کوژی شاری (دوجەیل)، لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو، لەگەڵ بەرزان تکریتی عەواد بەندەر و تەها یاسین ڕەمەزاندا ئیعدام کران.

٢- ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤ هەمان دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق حوکمی ئیعدامی بۆ عەلی حەسەن مەجید کە ناسراوە بە (کیمیاوی) لەگەڵ وەزیری بەرگری سەردەمی ڕژێمی (سوڵتان هاشم) و (حوسێن ڕەشید تکریتی) جێگری ئەرکانی سوپای عێراق. هەروەها بڕیاری زیندانی دووکە حوکمی زیندانی (هەتا مردن) دەرچوو.

گرنگ لەم حوکمانە ئەوەیە بڕیارەکە لەلایەن دادگایەکی لەسەر تاوانەکانی ئەنفال دەرچوون و بە تاوانی جینۆساید دران. ئەوەی بۆ ئەم کتێبەی ئێمە بایەخدارە، هەڵدە هەر لە مانگی شەشدا (ساڵی ١٩٩٠) ئەم لێکۆڵینەوە نامە پێشکەشی زانکۆی کیێف کراوە لە کۆما باشتر دەوڵەمەندتر کراوە. بۆیە چاپی تازەی ئەم بەپێویست زانی.

وتەیەک بۆ چاپی سێیەم

ئەم چاپی سێیەمە لە کاتێکدایە کە سەدام حسێن و ژمارەیەک لە سەرانی پێشووی عێراق لە دادگادا دادگایی دەکرێن و یەکەم سەرۆکی دادگاکەش (ڕزگار محەمەد ئەمین) حاکمێکی کورد بوو.

هەروەها ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٣ دادگایەکی هۆڵەندە لە شاری نهاخ- لاهای) حوکمی پانزە ساڵی دا بەسەر بازرگانی هۆڵەندی انس ڤان ئانرات) بەتاوانی ئەوەی کە کەرەسەی کیمیاوی بردووە ژێمی پێشووی عێراق و ئەو کەرەسانەش وەکو گازی کیمیاوی لە جە و سەردەشت و چەند جێگایەکی تری کوردستاندا ڕژێمی لە دژی کورد بەکاری هێناون.

بەڵگەیەکی یاسایی گرنگە و بەشداری کردنە لە تاوانی دی کوردا.

، ئەم کتێبە کۆمەڵێک ڕاستی لە بواری تیۆری و پراکتیکدا ئەوە لە ئەنجامدانی جینۆسایددا، بۆ جاری سێیەم ، ئەم کتێبەمان بە پێویست زانی چونکە لەبەردەستدا اش زۆر باسی جینۆساید دەکرێ، لە کاتێکدا ئەم کتێبە ەی زانستی بووە تاوانەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی وارچێوەی یاسای نێودەوڵەتاندا بخاتە بەر لێدوان و ە سیاسەتی جینۆساید چۆن لە دژی کورد ەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە بۆ یەکەم جار ئەم ایدی بەو شێوەیە پۆلێن کردووە کە دەیخوێننەوە.

نووسەر ٢٠٠٦/١/١٧

پێشەکی چاپی دووەم

کۆتایی ساڵی ١٩٨٨، لە ڕۆژانی کۆتایی هێرشی ئەنفالەکاندا، لە کوردستانەوە گەیشتمە زانکۆی کییف لە کۆماری ئۆکراین، کەوتمە خوێندن و کارکردن لە خوێندنی باڵای ئەو زانکۆیە. ئەو تاوانانەی کە ڕژێمی جارانی عێراق بە سەرۆکایەتی (سەدام حسێن) بەرانبەر بە گەلی کورد ئەنجامی دا، کارەساتێکی گەورەی وای دروست کرد، لەلای من زۆر زەحمەت بوو بە شیعر و وتار نووسین بتوانم باسی بکەم. میللەتێک خۆی و نیشتمانەکەی لە حاڵەتی کوێربوونەوەدابوون. هەر ئەوە وای لێ کردم کە بەوردی سەیری ئەو بارە نالەبارەی کورد بکەم، بۆ ئەمەش لە کاتی خوێندنەوەو بە دواداچووندا هێڵی هاوبەشی سیاسەتی ڕژێمە داگیرکەرەکانی هەر چوار بەشی کوردستانم بۆ ڕوون بۆوە. هەر بۆیەش بە پێویستم زانی باسی سەرجەم بەشەکانی کوردستان بکەم. ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٠) ئەو لێکۆڵینەوەیەم وەکو نامەی ماستەر کۆتایی پێ هێنا، ئیتر لەو سەردەمەوە تاوانی جینۆساید لە دژی میللەتەکەم نەک بوو بە بەشێک لە بیر و ئەندێشەم بەڵکو تەواوی ژیانمی داگیر کرد.

هەر لە دوای ئەو کارەوە، لە چەندین گفتوگۆ و سیمینارردا بەفراوانی باسی تاوانی جینۆسایدم کردووە. بەڵام ساڵی (١٩٩٧) بەهۆی یانەی کوردی (میدیا)وە لە ئەمستەردامی هۆڵەندە ئەو لێکۆڵینەوەیە (ئەم کتێبە) بۆ یەکەم جار چاپ کرا.

هەر لە سەرەتای ئەوەدەکانەوە، هەندێ جار پێیان دەوتم، کە ئەو تاوانانەی لە کورد کراون وا قورس نین کە پێیان بوترێ جینۆساید.

بەڵام خۆشبەختانە ئەو ڕچە شكێنییەی من كاری چەندین كەسی تری بەدوادا هات و بە تایبەتیش لە دوای كەوتنی ڕژێمی سەدام حسێنەوە لە ٢٠٠٣/٤/٩، ئیتر ژمارەی گۆڕستانی بە كۆمەڵ ئەوەندە بە فراوانی لە سەرانسەری عێراقدا دۆزرانەوەو بەڵگەنامە و نامرازەكانی داپڵۆسین و تاوان نەک تەنها بۆ كورد بەڵكو بۆ هەموو دونیا دەركەوت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم، ئەم لێكۆڵینەوەی من وەكو كارێكی زانستی پشتی بە بەڵگەنامە و ڕووداوی باوەڕ پێكراو بەستووە، بەڵام كارێكی سەخت و زەحمەت بوو لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩٠ هەوڵ بدری سەرچاوەو بەڵگەنامەی پێویست لەسەر تاوانەكانی ڕژێم بەدەست بێت، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونێكی زۆر ئەو كارە ئەنجامدرا، ئیتر لە ساڵی (١٩٩٠) بەدواوە لەكاتی خوێندنی دوكتۆرامدا هەر لە زانكۆی كییف توانیم سەرچاوەو بەڵگەنامەی پێویست بەدەست بێنم لە سەر تاوانەكانی ڕژێمی عیراق و كارەكە دەوڵەمەندتر بكەم لێرەدا با ئەوەش بڵێم، بەهۆی هەل و مەرجی سیاسییەوە، هەر لەو زانكۆیە لە سەرەتاوە بە قورسی ئەو كارەی من وەردەگیرا، بەڵام دوایی ناوی (جینۆسایدی كورد) لەلای زۆربەی مامۆستا و كارمەندانی زانكۆكە لەگەڵ ناوی مندا بەیەكەوە دەهات، دیارە ئەمە وەكو شانازییەكی گەورە دەگێڕمەوە.

زۆر بەداخەوە لەبەر دەستێوەردانی ڕژێمەكانی دەوروبەر ئاسان نەبوو جارێكی تر ئەم كتێبە لە كوردستان چاپ بكرێتەوە، بەڵكو هەندێ ژمارەی بە (فۆتۆكۆپی) لەبەر گیرایەوە و ئەندازەیەكی كەم بڵاو بۆوە.

هاتنی سوپای هاوپەیمانان بۆ عیراق و كەوتنی ڕژێمی (سەدام حسێن) هەل و مەرجێكی تازەی دروست كرد و سنووری ئازادی

فراوانتر بوو، هەر بۆیەش ئەم چاپی دووەمە بەپێویست زانرا بۆ ئەوەی ئەم کتێبەش بچێتە پاڵ کتێبە ئاشکراکانەوە.

پێویستە ئەوە بڵێم، لە دوای بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی ئەم کتێبە لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەک لەو بەڕێزانەی لەم بابەتە دەنووسن، هەندێ جار (بێ سڵەمینەوە!) لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ڕادەگوێزن بۆ باسەکانی خۆیان، چونکە سەرچاوەکانی کارەکەی من دیارە و ئەوانیش هەندێ جار خۆیان لە سەرچاوەکەی من (بێدەنگ) دەکەن.

بەهەر حاڵ، جیاوازی ئەم کارە لەو ساڵانەی کە تیایدا ئەنجامدرا لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیدا جێگای خۆی کردەوە، خۆشحاڵم بەوەی، ئەوەی لەم کتێبەدا زۆر دەمێکە باس کراوە، ئێستا ژمارەیەکی دیاری دڵسۆزان و خەمخۆرانی کورد کاری بۆ دەکەن و هەوڵ دەدەن دادگایەک پێک بهێنرێ بۆ دادگاییکردنی لێپرسراوانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا.

بابەتەکانی ئەم کتێبە سالانی (١٩٩٩-٢٠٠١) بە خوێندکارانی پۆلی یەکەم و خوێندکارانی خوێندنی باڵای کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی وتراونەتەوە.

م. ع. کوڵ

٢٠٠٣/٨/١ سلێمانی

پێشەکی چاپی یەکەم

جینۆساید، لەبەر ئەوەی تاوانێکی نێو نەتەوەییە و ئەنجامی ترسناکی هەیە، بۆیە لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا بە پەیماننامەیەکی تایبەت و گەلێ بەڵگەنامەی تر قەدەغە کراوە.

جینۆساید، تاوانێکی هەمەلایەنەیە، دەکرێ یەک جۆری پراکتیک بکرێت، وەکو نەهێشتنی بەدەنی، دەشکرێ هەمەجۆرە بێت وەکو جینۆسایدی کولتووری نەتەوەیی، بیۆلۆژی و ئابووری. لە هەموو ئەم حاڵەتانەشدا ئەم تاوانە تاوانێکی سەربەخۆیە و لێپرسینەوەی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆی تاوانکارانی.

گرنگی ئەم باسەی ئێمە لەوەدایە، یەکەم جارە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ بە زمانی کوردی پێشکەش دەکرێت کە تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد لە یاسای نێودەوڵەتاندا ڕوون بکاتەوەو بەشێک لەو فاکتانە بخاتە ڕوو کە دەبنە بناغەی جینۆسایدێکی هەمەلایەنی گەلی ئێمە. ئەوەی لەم باسەدا مەبەستمانە، لەبەر ئەوەی پێشتر لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد نەکراوە، ئێمە دەمانەوێ ماناو چەمکی یاسایی تاوانی جینۆساید ڕوون بکەینەوەو فاکتی ئەو تاوانانە بخەینە ڕوو کە لەباکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستاندا، ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بەپلان و بەرنامەی دارێژراو بەدرێژایی مێژووی دابەشکردنی کوردستان لەنێوان عێراق و ئێران و سوریا و تورکیادا، لەپاش جەنگی یەکەمەوە لەدژی گەلی کورد ئەنجامی دەدەن. دیارە تۆمارکردنی سەرجەمی ئەو

تاوانانه، کارێکی زۆر و لێکۆڵینەوەی مێژوویی زیاتری دەوێ، بۆیە مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە بەشێکی ئەو تاوانانە تۆمار بکەین، تا لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا بتوانین خەسڵەتی یاسایی ئەو تاوانانە ڕوون بکەینەوەو بگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرجەمی ئەو تاوانانە، تاوانی نێونەتەوەیی (جینۆساید) پێک دێنن، کە بەڕاستی لەدژی گەلی کورد پراکتیکە دەکرێ. لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە تاوانێکی نێونەتەوەییە، دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ترازاندنی مەسەلەی کورد لەیاساو چوارچێوەی ئەو وڵاتانەو دەبێ لە یاسای نێودەوڵەتاندا چارەسەری بکرێ. ئەوەش ئەو مافە بەگەلی کورد ڕەوا دەبینێت کە داکۆکی لەبوونی خۆی بکات و داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی بکات لەبەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی تاوانکارانی جینۆساید خۆش نەبن، کە ئەو کاتە دەست تێوەردانێ ئارخۆی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، دەبێتە کارێکی ڕەواو پاراستنی ئاشتی و پشتگیریکردنی گەلی کورد لە چارەسەری کێشەکەیدا. مەبەستێکی تریش کە دەمانەوێ ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە کە جینۆساید نەک هەر لە سەردەمی شەڕداو هەر بەئامرازی جەنگی پێڕەو دەکرێ و ئەنجام دەدرێ، بەڵکو دەکرێ وەکو سیاسەتێک ڕەفتار بکرێ و لە سەردەمی ئاشتیشدا ئەو تاوانە ئەنجام بدرێ. سەرباری ئەوەش دەمانەوێ ئەوە بە سەلمێنین کە گەلی کورد وەکو بابەتی تاوانی نێونەتەوەیی (جینۆساید) مافی ئەوەی هەیە، داوای داکۆکییەکی جیهانی بکات، یەکەم بۆ ئەوەی تاوانکارانی جینۆساید لە لێپرسینەوەی نێونەتەوەیی دەرباز نەبن و سزا بخرێتە ئەستۆیان، دووەمیش بۆ ئەوەی گەلی کوردیش وەکو هەر گەلێکی تر داکۆکی لە بوونی خۆی بکات و بەئاشتی و هێمنی لەسەر خاکی خۆی

بژی تا پەرە بە ژیانی سیاسی، کەلتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی بدات و بەشدار بێت لە پرۆسەی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهاندا. بەڕاستی ئەو بێ دەنگییەی لە تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد دەکرێت، ژیان و بوونی کوردی خستووەتە مەترسییەوە. ئێمە بە هەستکردنێکی زۆرەوە بەو مەترسییە لەلای خۆمانەوە زۆرمان مەبەست بووە لەم باسە بکۆڵینەوەو لەڕوانگەیەکی زانستییەوە پشت بە یاسای نێودەوڵەتان ببەستین کە دەکرێ وەکو چەکێکی کاریگەر و ڕەوا بەکاری بهێنین. جێگەی داخە نە بزووتنەوەی ئازادیخوازیمان و نە ڕۆشنبیرانمان گرنگیی زۆریان بەو بوارە نەداوە.

چارەسەرکردنی تاوانی جینۆسایدیش، تەنیا لە چوارچێوەی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا دەکرێ ئەنجام بدرێ و ئەو تاوانەی لەگەڵی کورد دەکرێ، یەکەم کورد خۆی لێ بپارێزێ دووەمیش ئەو مەترسییە بەربەند بکرێ و لابدرێ کە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات. دیارە فەوتاندنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک، چ کۆمەڵێکی نەتەوەیی یا ئاینی یا ئەتنیکی، فەوتاندنی بەشێکە لە مرۆڤایەتی، بۆیە ئەم تاوانە وەکو تاوانێک لە دژی مرۆڤایەتی دەژمێردرێ و بە دڕندەترین تاوان لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا دیاریکراوە.

لەم باسەماندا، ئێمە پشتمان بەگەلێ سەرچاوەی زانستی، یاساناسان و زانایان بەستووە، تابتوانین لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لەم تاوانە بکۆڵینەوە. هەروەها پشتمان بەکۆمەڵێ بەڵگەنامەی جیهانی بەستووە بۆ ئەوەی زیاتر باسەکە دەوڵەمەند بکرێ و چاکتریش پشت بەڕاستی و دروستی ئەو بەڵگەنامانە ببەسترێ. ئەمە جگە لەوەی گەلێ لەو ڕووداوانەی کوردستان لە چاپکراو و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لایەنەکانی

بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد تۆمار کراون، بۆیە ئەو سەرچاوانەمان بەسوودێکی زۆرەوە بەکارهێنا'وە.

لە ڕاستیدا، لە نووسینی ئەم باسەدا گەلێ گیروگرفتمان هاتووەتە ڕێ. چونکە باسی یاسایی لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا زۆر کەمە و گەلێ ڕستەو زاراوەی یاسایی کە پێشتر لە زمانی کوردیدا بەکار نەهێنراون، هەوڵمان داوە بەگوێرەی توانا بەزمانێکی لەبار بیان نووسین تاکو مانای دیاری بدەین بەدەستەوە. لەلایەکی تریشەوە گەلی بڵاوکراوەی کوردی کەزانیارییان تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەتایبەتی دەربارەی قڕکردن و وێرانکردنی کوردستان، هیچ ژمارە و مێژوو و شوێنی چاپکردنیان لەسەر نەبووە، نەمانتوانیوە بەکاریان بێنین.

بۆ زیاتر تێگەیشتن و مەبەستی تەواویش، ئەم لێکۆڵینەوەمان کردووە بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم: چەمکی جینۆساید وەکو تاوانێکی دڕندانە لەدژی مرۆڤایەتی.

بەشی دووەم: فاکتی جینۆساید لە سەرانسەری کوردستاندا.

بەشی سێیەم: مافی گەلی کورد لە داکۆکی نێونەتەوەیی لە دژی تاوانی جینۆساید.

سەرنج: ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە بنەڕەتدا نامەی ماستەر بوو، ساڵی ١٩٩٠ لە کۆلێژی یاسای نێودەوڵەتان لە زانکۆی کییف- ئۆکراینا پێشکەش کرا، پاشتر هەندێ دەسکاریم کردووەو گەلێ سەرچاوەی ترم بۆ زیاد کردووە.

مارتی ١٩٩٥

ئۆکراین-کییف

بەشی یەکەم

جەمکی جینۆساید
وەکو تاوانێکی دڕندانە لەدژی مرۆڤایەتی

(Genocide) جینۆساید لەڕووی زمانەوە لە دوو وشە پێکهاتووە:

١- وشەیەکی گریکی Genos واتە: ڕەگەز، بنەچە.

٢- وشەیەکی لاتینی Caeder واتە: کوشتن، فەوتاندن.

بەلێکدانی هەردوو وشەکە (فەوتاندنی بنەچە) (Genocide) پێک دێت[١]. لەبەرنەوەی ئەم تاوانە پێشێل کردنێکی تەواوی مافی مرۆڤە، بەتایبەتیش زۆر ترسناکانە لەدژی مافی ژیانە و تێکدەری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە، بۆیە، بڕیاری ئەوەی لەسەر دراوە کە تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی. تاوانی دژی مرۆڤایەتیش هاوشانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژی ئاشتی، بە تاوانی نێونەتەوەیی دەژمێردرێن. بۆیە لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا زۆر بەگرنگی جەخت لەسەر قەدەغەکردن و سزاخستنە سەر تاوانکارانی کراوە. لەدوای جەنگی دووەمەوە، بەهۆی تاوانی فاشیستەکانەوە، لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا ئەو پرنسیپە بەتەواوی جێگیر بوو کە، جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەک هەر وڵاتانی تاوانکار بەڵکو ئەو کەسانەش کە بەئەنجامدانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی-نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان[٢].

کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پشت بە بەندی شەشەمی (٦) دەستووری دادگای نورنبێرگ دەبەستێ، کە (جینۆساید، واتە ڕەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەمی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی، هەروەکو چۆن، فەوتاندنی مرۆڤ نیشانەی ڕەتکردنەوەی مافی بوونی ژیانە، ئەوەش ڕەفزکردنەوەی دان پێدانانە بەمافی بوون، سووکایەتی کردنە بە سەرجەمی مرۆڤایەتی و ژیانێکی قەرەبۆ نەبۆوە دروست دەکات. سەرجەمی کولتووری شارستانی کۆمەڵی مرۆڤ دادەماڵی و دژی یاسای ڕەوشت و ناوەڕۆک و مەبەستی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەوەستی)[٣].

پاشتریش پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی لە ١٩٤٨/١٢/٩ دا لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (ر. ن. ی) تایبەت کرا بەو تاوانە نێونەتەوەییەوە. پرۆسەی دانانی ئەو بەڵگەنامە جیهانییە لە گەلێ سەرچاوەدا باس کراوە[٤]. بۆیە ئێمە پشت بە ئەنجامە دروستەکانی ئەو سەرچاوانە دەبەستین تاکو پراکتیکە کردنی جۆرەکانی تاوانی جینۆساید لەدژی گەلی کورد شی بکەینەوە.

شایەنی باسە، کە بنەماکانی مەحکوم کردنی جینۆساید وەکو تاوانێکی دڕندانە لە دژی مرۆڤایەتی، خەسڵەتێکی بالایان هەیە (imperative Jus Congens)، هەر بۆیە بەسەر ئەو وڵاتانەشدا دەکرێتە مەرج (دەسەپێنرێ) کە بەشداریش نین لە پەیماننامەی ١٩٤٨ی قەدەغەکردنی جینۆسایددا. لەو بارەیەوە پشتگیریی ڕای یاساناس (یو. ئە. ڕیشیتەف) دەکەین کە پێی وایە بەرهەڵستی کردنی تاوانی جینۆساید لەبنەما بالاکانی یاسای نێودەوڵەتانەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێ، کە مەرجە بۆ هەموو وڵاتێک بەبێ ڕەچاوکردنی بەشداری

نەکردنیان لە پەیماننامەی ١٩٤٨دا دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی[٥].

هەر لەو بارەیەشەوە دادگای نێودەوڵەتی ڕ. ن. ی لە ١٩٥١/٥/٢٨دا ڕایگەیاند کە (هۆی دانانی ئەو پەیماننامەیە مەبەستی ڕ. ن. ی ـە کە جینۆساید مەحکوم بکاو سزای بخاتە سەر وەکو تاوانێک لەیاسای نێودەوڵەتاندا)، ئەم تیۆر .ش دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو پرنسیپانەی پەیمانەکەیان لەسەر بنیات نراوە، بریتین لەو پرنسیپە دان پێدانراوانەی کە میللەتانی پێشکەوتوو دەیکەنە مەرج بەسەر تەنانەت ئەو وڵاتانەشەوە کە پێوەنددار نین بە پەیماننامەکەوە[٦].

بەندی ١٩ی پرۆژەی یاسای بەرپرسیارێتی دەوڵەت کە لیژنەی یاسای نێودەوڵەتان لە ڕ. ن. ی دایناوە، ئەوە دیاری دەکات، لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، هەر ڕەفتارێکی دەوڵەت کە پابەندێتی نێونەتەوەیی بشکێنی، ئەوە ڕەفتارێکی جیهانی دژ بە یاسایە، ئەم پابەندێتییە نێونەتەوەییەش سەرچاوەکەی لە داب و نەریتەوە یا لەرێکەوتننامەوە بێت، شکاندنی کار ناکاتە سەر بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی کە ڕەفتاری دژ بە یاسای، ئەو دەوڵەتە هێناویەتیە ناراوە[٧]. کەواتە، ئەو پابەندێتییە نێونەتەوەییەی کە دەوڵەت هەیەتی، ئەگەر سەرچاوەکەی لە داب و نەریتی نێودەوڵەتییەوە بێت، یا لەرێکەوتننامەوە، ئەوا شکاندنی دژەکارە لەیاسای نێودەوڵەتاندا، بۆیە لێپرسینەوە لەسەری کارێکی حەتمییە، ئەمەش زیاتر هەمان بیروڕا دەچەسپێنی، کە دەوڵەت بەشداریش نەبێ لەو پەیماننامەی کە تایبەت کراوە بە قەدەغەکردنی جینۆسایدەوە، ئەوا، هەر بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی لەئەستۆدایە و دەبێ پێوەی پابەندبێ.

جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزیکی کۆمەڵە خەڵکێکی نەتەوەیی،

ئێتنیکی، ڕەگەزی یا ئاینی نییە، بەڵکو چەند جۆرێکە:

١- جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی): کوشتن بەهەر جۆرێک بێت[٨]. نیعدام کردن، گوللەباران کردن، هێرشی سەربازی و بەکۆمەڵ کوشتن و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەکو کیمیاوی و فۆسفۆڕی و ژەهرو... هتد.

٢- جینۆسایدی بیۆلۆژی: بەربەند کردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک لە پێشکەوتن و زیادبوون، وەکو بەربەندکردنی منداڵ بوون و زیادکردن، یا لەیەک دابڕینی پیاو و ئافرەت و دابەشکردنی کەسانی خێزان بۆ ماوەیەکی زۆر[٩]. ئەم جۆرەی جینۆساید لەهێرشە شوومەکانی(ئەنفال)ی ١٩٨٨ لە خوارووی کوردستاندا پێڕەوکراوە بەتایبەتی دابڕینی پیاوان لە ئافرەتان و دابڕینی کچان لە دایکان و باوکان، دوایش منداڵان لە دایکان.

٣- جینۆسایدی کەلتووری- نەتەوەیی: وەکو قەدەغە کردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژوو. فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵک[١٠]. هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکو ڕووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مۆزەو گەڕەک و گەرما و و بازاڕو مزگەوت و کڵێسەو هەموو شوێنەوارێک کە پاشماوەی کۆن یا نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت.

٤- جینۆسایدی ئابووری: ئەمە دەکرێ پێی بوترێ (وێرانکردنی ئابووری)، واتە وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبوومی ناوچەکان، تالان کردن و فەرهوودکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی. هەر لە شتوومەکی ناوماڵ، قاپی و پەنجەرەوە تا مەڕ و ماڵات و کەرەسەکانی ژیان. هەروەها گەمارۆی ئابووری بە مەبەستی

برسیکردنی خەڵک. ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی مرۆڤ، جگە لەوەی ڕێژەی مردن بەهۆی نەبوونی خۆراکی پێویست و داوو دەرمان و زیادبوونی نەخۆشییەوە زیاد دەکات، دەبێتە هۆی کۆچکردنێکی بەردەوامیش کە ئەنجامەکەی چۆڵکردنی جێگەی دێرین و ڕەسەنی خەڵکەکەیە، ئەویش زۆر جار دەبێتە هۆی پەرتەوازەکردن و لەدەست دانی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و فەوتاندنی کەلتووری نەتەوەیی. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی سەرباری ئەوەی قڕ دەخاتە مرۆڤ و هەموو زیندەوەرێک، دەبێتە هۆی مردنێکی ئابووری سەراپاگیری. جا وێرانکردنی ناوچەکان و وێرانکردنی ئابووری، هەردووکیان تاوانێکی دیکەیان لێ بەئەنجام دێ، ئەویش تاوانی (Ecocide- ئیکۆسایدـ)ە، واتە وێرانکردنی ئیکۆلۆژیا. کە ئەنجامەکەی بەجینۆسایدێکی گشتی دەشکێتەوە، ئەویش بە وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگە ناسراوە. ئەم تاوانە خۆی تاوانێکی نێونەتەوەیی سەربەخۆیەو لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا زۆر گرنگی پێ دراوە.

پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٧ تایبەت کراوە بە قەدەغەکردنی ئامرازی جەنگ و ئەو ئامرازانەی کە زیان بەسروشت دەگەیێنن، کە تاوانی لەوتاندنی ژینگە بە تاوانێکی نێونەتەوەیی دیاری دەکات. دیارە لەوتاندنی ژینگەش دەبێتە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی مرۆڤ.

چونکە شێواندنی ژینگە دەبێتە هۆی (Biocide- بیۆسایدـ) واتە: (فەوتاندنی ژیان)، ئەمەش کاردەکاتە سەر نەک هەر بوونی مرۆڤ و ژیانی لەو ناوچانەدا[11]. بەڵکو بوونی هەموو گیان- لەبەرێک و چۆنێتی شێوەی ئاسایی سروشتیش.

بۆیە، جینۆساید لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا وەکو تاوانێکی

سەربەخۆ کە تایبەتمەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانی دیکەدا دیاری کراوە، هەر بۆیەش لە تاوانی جینۆسایدا دوو پێکهاتە زۆر گرنگن، کە دەبێ لەڕووی مەبەست و ژمارەی قوربانییەوە سەیر بکرێ:

١- مەبەست: ئەم تاوانە جیاوازە لە تاوانی دیکە، چونکە مەبەستی سەرەکی جینۆساید فەوتاندنی بەشێک یا سەرجەمی کۆمەڵە مرۆڤێکە. جا بوونی مەبەستی نەهێشتنی کۆمەڵە مرۆڤێک، چ بەشێکی یا سەرجەمی، خەسڵەتێکی تایبەتی بە جینۆساید دەداو لەتاوانی تری جیا دەکاتەوە.

٢- ژمارەی قوربانی: لەبەر ئەوەی لە جینۆسایددا، مەبەست فەوتاندنە، بۆیە ژمارەی قوربانی لەبەرچاو ناگیرێ[١٢]. کەواتە، هەر بەبوونی پێشنیاز لە فەوتاندنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک بێت، ئیتر مەبەستەکە لەئارادایە، ئەنجامدانی تاوانەکەش مەرج نییە قوربانی زۆری هەبێ. کەم و زۆر گرنگ نییە و لەبەرچاو ناگیرێ بۆ دیاریکردنی تاوانی جینۆساید و تاوانکارانی.

پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، لە بەندی یەکەمیدا ئەوە دیاری دەکات کە وڵاتانی بەشداری ئەو پەیماننامەیە لەسەریانە ڕێگە لەو تاوانە بگرن و سزا بخەنە سەر تاوانکارانی، چونکە جینۆساید بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان پێشێل دەکات. ئەوەی زۆر گرنگیشە ئەوەیە کە ئەو پەیماننامەیە لە سەردەمی ئاشتی و جەنگیشدا لە کاردایە، هەروەکو بەندی یەکەمی جەختی لەسەر دەکات[١٣]. کەواتە تاوانی جینۆساید خۆی نەک هەر لە سەردەمی شەڕدا بەڵکو لە سەردەمی ئاشتیشدا ئەنجام دەدرێ. ئەمەش لە زانستی یاسای نێودەوڵەتاندا بەگشتی دانی پێدانراوە[١٤].

بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ مەبەستی تاوانی جینۆساید دیاری دەکات و دەڵێ: (ئەنجامدانی تاوانکارییە بەمەبەستی سەرلەبەر قڕکردن یا قڕکردنی بەشێکی هەر گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی یا ئاینی)[١٥]. کەواتە، وەکو (یو. نە. ڕیشیتەڤ) دەڵێ: ئەگەر ئەو مەبەستە لەئارادا نەبێ، ئەوا ئەو کردەوەیە خەسڵەتی جینۆسایدی نییە، ئەگەرچی تاوانەکە لەو تاوانانەش بچێت کە لە بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨دا ژمێردراون، چونکە (جینۆساید، وەکو تاوانێکی یاسایی بەهۆی مەبەستەکەیەوە جیاوازە لە تاوانی دیکەی کوشتن)[١٦]. لێرەدا بۆمان دەرکەوت دەبێ مەبەستی قڕکردنی سەرجەمی یا بەشێکی کۆمەڵە مرۆڤێک هەبێ بۆ ئەوەی بتوانرێ جینۆساید جیا بکرێتەوە لە تاوانی دیکە.

جۆری ئەو تاوانانەش وەکو لە بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨دا دیاری کراون، ئەم کارانەن:

١- کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٢- زیان گەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٣- بە ئەنقەست دانانی ئەو کۆمەڵە لەژێر بارودۆخێکی سەختدا ببێتە هۆی فەوتاندنی هەموو یا بەشێکی.

٤- تەگەرە خستنە بەر منداڵ بوون لەنێو ئەو کۆمەڵەدا.

٥- بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لەو کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر[١٧].

وڵاتە بەشدارەکانی پەیماننامەی ١٩٤٨، ئەو مەرجەیان خستووەتە ئەستۆی خۆیان و پابەند بوونە کە سزا بخەنە سەر نەک هەر تاوانی ڕاستەوخۆی جینۆساید، بەڵکو وەکو بەندی (٣)ی پەیماننامەکە دەڵێ:

١- جینۆساید.

٢- پیلان گێڕان به مەبەستی جینۆساید.

٣- هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بە مەبەستی جینۆساید.

٤- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٥- بەشداری کردن لەجینۆسایددا[١٨].

کەواتە، تاوانکاریی تاوانی جینۆساید، هەر ئەوە نییە ڕاستەوخۆ جینۆساید ئەنجام بدرێ، بەڵکو هەر یەکێک لەو کارانەی بەندی (٣)ی پەیماننامەکە ئەنجام بدرێ ئەوا ئەنجامدەر بەرپرسیارە بەرامبەر تاوانی جینۆساید.

بەندی چوارەمی هەمان پەیماننامە، سزا دەخاتە سەر کەسانی دیاریکراوی تاوانی جینۆساید، هەروەها ئەوە دیاری دەکات، ئەو کەسانە ئەگەر وەزیفە ئەنجام بدەن، یاخۆیان سەربەخۆ ئەو تاوانە بکەن. ئەو تاوانەش پەیوەند نییە بەوەی لەدەستوور و یاسای ناوخۆی وڵاتەکەدا لێپرسینەوە بخاتە سەر ئەستۆیان یا نەیخات[١٩].

واتە، جینۆساید ئەگەر لە یاسای ناوخۆی هەر وڵاتێکدا قەدەغە کرابێ یا نەکرابێ، مەحاڵە دەربازبێت لە بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی، چونکە ئەو تاوانە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتان و لە پراکتیکیشدا ئەوەندە سەختەو دڕندانەیە، لێ خۆشبوونی بۆ نییە.

بەندی شەشەمی پەیماننامەکەی ١٩٤٨ پرنسیپی سزادانی گوناهبارانی ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید دەچەسپێنێ کە: (دەبێ بەدادگایەکی ئەو وڵاتەی کە تاوانەکەی لێ ئەنجامدراوە دادگایی بکرێ)[٢٠]. ئێمە پشتگیری بیروڕای گەلێ لە شارەزایان دەکەین، کە پێیان وایە، بۆ بەربەندکردنی کاریگەرانە، نابێ پشت بەدادگای هەمان وڵات ببەسترێ کە تاوانی جینۆسایدی لێ ئەنجام دراوە، لەبەرئەوەی ڕەنگە وڵاتەکە خۆی گوناهبار بێت بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە، بۆیە

پێویستە دادگایەکی تایبەتکاری نێونەتەوەیی سازبدرێ. سازنەدانی دادگـایەکی لەو جـۆرەش دەبێـتـە هۆی سـزانەدانی تاوانکارانی جینۆساید[٢١]. ئەم کێشـەیەش لەکاتی دانانی پەیماننامەی ١٩٤٨دا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید، لەلایەن کۆمیتەی شەشەمی کۆمەڵەی گشتی ڕ. ن. ی ـەوە لێی کۆڵراوەتـەوە. ئەنجامیش وا چارەسـەر کرا وەکو لە بەندی شـەشـەمی پەیماننـامـەکەدا دیاری کراوە، کـە تاوانبـارانی جـینۆسـاید لەلایەن دادگـایەکی ئەو وڵاتەی کـە جـینۆسـایدی لێ ئەنجامدراوە یا لەلایەن دادگایەکی یاسایی (جنائی) نێونەتـەوەییەوە سـزا بدرێن. دەبێ لەلایەن بـەشدارانی پەیمـاننامـەکەوە هاوکـاری ئەو دادگایە بکرێ[٢٢].

ئەگەرچی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سـزاخسـتنە سـەر تاوانکارانی لە سـاڵی ١٩٥١ـەوە کـەوتووەتە کـار، بەڵام تاکو ئێستا دادگایەکی لەو جۆرە تایبەت بە تاوانی نێونەتەوەیی وەکـو جـینۆسـاید دانەنراوەو گـەلێ لە تاوانکارانی جـینۆسـاید کـە بەفەرمانی وڵاتەکەیان ئەنجامیان داوە، لێیان نەپرسراوەتەوە.

وەکـو بۆمـان ڕوون بووەوە، جـینۆسـاید تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی و پرنسـیپە سـەرەکییـەکانی یاسـای نێودەوڵەتان پێشێل دەکـات و هەڕەشـە لە ئاشـتـی و ئاسـایشی نێـونەتـەوەیی دەکـات. ئەو چارەسەرانەش کە لە پەیماننامەی ١٩٤٨دا دانراون لەدژی جینۆساید، هەتاکـو ئێـسـتـا بـە بێهـێـزی مـاونەتەوە، بۆیە پێـویسـتـە بنـەمـای نێونەتەوەیی دیکە بهێنرێتە کایەوە لەدژی جینۆساید.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١- کورتەی فەرهەنگی سیاسی. کۆمەڵێ زانا. مۆسکۆ-١٩٨٩، چ ٦ ل . ١١٠
٢- فـەرهەنگی دیبلۆمـاسی. ٣ بەرگ. چاپی چوارەم. بەرگی ١مـۆسکۆ- ١٩٨٤ ل

٢٥١(بە زمانی ڕووسی).

٣- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ڕ. ن. ی ٩٦/١ لە ١٩٤٦/١٢/١١دا.

٤- ئەندریوخین م. ن : جینۆساید-دڕندانەترین تاوان لەدژی مرۆڤایەتی. مۆسکۆ ١٩٦١، هەروەها ئەندریوخین: جینۆساید لەسیاسەتی ولاتە ئیمپریالییەکاندا. مۆسکۆ ١٩٦٧، هەروەها: ڕیشیتەف یو. ئە: بەرهەڵستی کردنی تاوانی نێونەتەوەیی دژ بە ئاشتی و ئاسایش. مۆسکۆ ، ١٩٨٣ (بە زمانی ڕووسی).

٥- ڕیشیتەف یو. ئە: هەمان سەرچاوە ل ، ١٠٤.

6- International Court of Justice Report 1951. P.16

٧- زنجیرەی یاسای نێودەوڵەتان/بە سەرپەرشتی: ن. ئە. ئۆشاکەف/٧ بەرگ، ب، ٢ مۆسکۆ ١٩٩٠ ل ٢٢١ (بە زمانی ڕووسی).

٨- گوبین. ڤ. ف. : جیاوازی ڕەگەز-ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەو دژە کاری یاسای نێونەتەوەیی. مۆسکۆ ١٩٧٩ ل.٥٠-٥١(بە زمانی ڕووسی).

٩- ئەندریوخین: جینۆساید- دڕندانەترین تاوان لەدژی مرۆڤایەتی ل ٨.

١٠- ئەندریۆخین: جینۆساید لە سیاسەتی ولاتە ئیمپریالییەکاندا ل ٥- ٦.

١١- کەریێتس ی. ی: تاوانی خەسڵەت نێونەوەیی. مۆسکۆ ١٩٧٩ ل٢٤(بە زمانی ڕووسی).

١٢- ساڵنامەی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتان ،١٩٨٦ بەرگی ٢ بەشی ١، ڕ. ن. ی. نیویۆرک ١٩٨٩ ل ٦٧ (بەزمانی ڕووسی).

١٣- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ڕ. ن. ێ. ٢٦٠/٣ لە ١٩٤٨/١٢/٩دا.

١٤- ئەندریوخین: جینۆساید-دڕندەترین تاوان لەدژی مرۆڤایەتی. ل٨ هەروەها: ڕیشیتەف: هـ. س. ل١٠٢.

١٥- یاسای نێودەوڵەتان لە بەڵگەنامەکاندا. مۆسکۆ ١٩٨٢ ل ٣٣٢(بەزمانی ڕووسی).

١٦- ڕیشیتەف: هـ. س. ل١٠٣.

١٧، ١٨، ١٩ و ٢٠: یاسای نێودەوڵەتان لە بەڵگەنامەکاندا ل٣٣٢.

٢١- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ڕ. ن. ی. ٢٦٠/٣.

٢٢- یاسای نێودەوڵەتان لە بەڵگەنامەکاندا ل ٣٣٢

پێشەکی چاپی چوارەم

چاپی چوارەم لە کاتێکدا دەکەوێتە بەردەست، چەند گۆڕانکارییەک لە عێراقدا ڕوویان داوە کە پەیوەندیدارن بە بابەتەکانی ئەم کتێبەوە:-

١- سەرۆکی پێشووی عێراق کە لە سەردەمی ئەودا تاوانی جینۆساید لە دژی کورد ئەنجام دراوە، بەهۆی دادگاییکردنی لەسەر کۆمەڵ کوژی شاری (دوجەیل)، لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو، لەگەڵ بەرزان تکریتی و عەواد بەندەر و تەها یاسین ڕەمەزاندا ئیعدام کران.

٢- ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤ هەمان دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراقدا حوکمی ئیعدامی بۆ عەلی حەسەن مەجید کە ناسراوە بە (عەلی کیمیاوی) لەگەڵ وەزیری بەرگری سەردەمی ڕژێمی سەدام (سوڵتان هاشم) و (حوسێن ڕەشید تکریتی) جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق. هەروەها بڕیاری زیندانی دووکەسی تر بە حوکمی زیندانی (هەتا مردن) دەرچوو.

گرنگ لەم حوکمانە ئەوەیە بڕیارەکە لەلایەن دادگایەکی عێراقییەوە لەسەر تاوانەکانی ئەنفال دەرچوون و بە تاوانی جینۆساید حوکم دران. ئەوەی بۆ ئەم کتێبەی ئێمە بایەخدارە، حەڤدە ساڵ لەمەوبەر هەر لە مانگی شەشدا (ساڵی ١٩٩٠) ئەم لێکۆڵینەوەیە وەکو ماستەر نامە پێشکەشی زانکۆی کییف کراوە لە کۆماری ئۆکراین، بەڵام پاشتر دەوڵەمەندتر کراوە. بۆیە چاپی تازەی ئەم کتێبەمان لەم کاتەدا بەپێویست زانی.

م. ع. گوڵ - ٢٠٠٧/٦/٢٥

وتەیەک بۆ چاپی سێیەم

ئەم چاپی سێیەمە لە کاتێکدایە کە سەدام حسێن و ژمارەیەک لە سەرانی پێشووی عێراق لە دادگادا دادگایی دەکرێن و یەکەم سەرۆکی دادگاکەش (ڕزگار محەمەد ئەمین) حاکمێکی کورد بوو.

هەروەها ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٣ دادگایەکی هۆڵەندە لە شاری (دنهاخ- لاهای) حوکمی پانزە ساڵی دا بەسەر بازرگانی هۆڵەندی (فرانس ڤان ئانرات) بەتاوانی ئەوەی کە کەرەسەی کیمیاوی بردووە بۆ ڕژێمی پێشووی عێراق و ئەو کەرەسانەش وەکو گازی کیمیاوی لە هەڵەبجە و سەردەشت و چەند جێگایەکی تری کوردستاندا ڕژێمی سەدام لە دژی کورد بەکاری هێناون.

ئەمە بەڵگەیەکی یاسایی گرنگە و بەشداری کردنە لە تاوانی جینۆسایدی کوردا.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە کۆمەڵێک ڕاستی لە بواری تیۆری و پراکتیکدا ڕوون دەکاتەوە لە ئەنجامدانی جینۆسایددا، بۆ جاری سێیەم چاپکردنەوەی ئەم کتێبەمان بە پێویست زانی چونکە لەبەردەستدا نەماوە و ئێستاش زۆر باسی جینۆساید دەکرێ، لە کاتێکدا ئەم کتێبە یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستی بووە تاوانەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتاندا بخاتە بەر لێدوان و ڕوونی بکاتەوە کە سیاسەتی جینۆساید چۆن لە دژی کورد بەکارهاتووە. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە بۆ یەکەم جار ئەم لێکۆڵینەوەیە جینۆسایدی بەو شێوەیە پۆلێن کردووە کە دەیخوێننەوە.

نووسەر ٢٠٠٦/١/١٧

بەشی دووەم

سیاسەتی جینۆساید لە سەرانسەری کوردستاندا

لە چوارچێوەی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانداعێراق، ئێران، تورکیا و سوریا، مەسەلەی کورد هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە و گەلی کورد بە دابەشکراوی بەر شاڵاوی دڕندانەی قڕکردنێکی سەراپاگیری کەوتووە. ئیتر بوونی نەتەوەیی کورد کەوتووەتە مەترسیەوە و مێژوو و کەلتوور و ئابووری کوردستان وا شێوێندراوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تایبەتمەندیی زیاتر تێک دەچێ و قڕکردنێکی فیزیکییش گەلی کوردی گرتووەتەوە، هەر بۆیە جەوهەری بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد، خەسڵەتێکی ڕەوای هەیە، چونکە داکۆکی لە مافی ڕەوای گەلەکەی خۆی دەکات.

چارەسەر نەکردنی مەسەلەی کورد، گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە خاکی کوردستان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەژێر چەوساندنەوەیەکی کۆلۆنیالیانەدا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، ئەوەش نێگەتیڤانە کاردەکاتە سەر پرۆسەی یەکێتی نەتەوەیی گەلی کورد و کاریگەرێتی خەباتی سیاسی لەپێناوی مافە نەتەوەییەکاندا[1]. ئیتر بەردەوامبوونی ئەو سیاسەتەش گەیشتووەتە ئەوەی کە جینۆسایدێکی هەمەلایەنی بەرنامە ڕێژ کراوە لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە جێبەجێ دەکرێ، هەر بۆیەش بوونی گەلی کورد وەکو

نەتەوە لەمەترسیدایە. بەبیروڕای زانای کۆمەڵناسی تورک ئیسمایل بیشکچی وەکو لە کتێبی (کوردستان: کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی)دا ڕوونی کردووەتەوە: (کە کەسایەتی کوردستان تەنانەت لە کەسایەتی و ئاستی کۆلۆنییەک نزمترە، کەسایەتی و ئاستی نەتەوەیی کوردیش لە کەسایەتی و ئاستی نەتەوەیەکی(بەکۆلۆنیکراو) کەمترە[٢].

سیاسەتی ئەو وڵاتانە، بریتییە لە وێرانکردنی شارستانییەت و کەلتووری کورد، هەوڵێکی زۆر دەدەن ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە گەلی کورد لە گەلە هەرە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، نەک هەر ڕێگە بۆ پێشکەوتنی کەلتووری کوردی خۆش ناکەن، بەڵکو وەکو د. جەلیلی جەلیل دەڵێ: (گەلی ئێمە، سەدان ساڵە لەمافی خۆی بێ بەری کراوەو ئەو وڵاتانەی کە ئێمە کەوتووینەتە ژێر دەسەڵاتیانەوە ڕێگەیان بە پێشکەوتنی کەلتووری کوردی نەداوەو بەربەرەکانیشیان کردووەو گەلێک لەمێژوو و فۆلکلۆریشمانیان دزیوە)[٣].

نەهێشتنی کەلتوور، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی فەوتاندنی یەکێتی و بوونی نەتەوەیی هەر گەلێک یا هەر کۆمەڵە مرۆڤێک. لەڕووی فەلسەفیشەوە، (بەهەموو مانایەک، لەهەر جێگەیەک کەلتوور نەبێ، کۆمەڵیش نییە) هەر بۆیەش، (بوونی کەلتوور، کۆمەڵی مرۆڤ لە کۆمەڵی ئاژەڵ جیا دەکاتەوە)[٤]. بۆ تێگەیشتنێکی تەواوی سیاسەتی فەوتاندنی گەلی کورد کە هەموو لایەنێکی گرتووەتەوە، دەبێ ئاگاداری فاکتی پراکتیک کردنی تاوانی جینۆساید ببین لە سەرانسەری کوردستاندا. ئەم بەشەی باسەکەشمان خستنە ڕووی جۆری ئەو تاوانانەیە لەڕووی مێژووییەوە، تابتوانین لەسەر ئەو بناغەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە جینۆساید بە هەموو جۆرەکانییەوە لەدژی گەلی کورد پراکتیک دەکرێ.

فاكتی تاوانی جینۆساید له باشووری كوردستان

هەر لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە/ لە ساڵی ١٩٢١/، پاش لكاندنی خواروی كوردستان پێوەی، كێشەی كورد بەردەوام كێشەی سەرەكی عێراق بووە. ڕژێمە یەک لەدوای یەكەكانی عێراق نكووڵییان لە مافی گەلی كورد لە دیاریكردنی چارەنووسدا كردووەو سیاسەتی دژ بە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی كورد بەرنامەڕێژكراوە، هەر بۆ جێبەجێ كردنی ئەو سیاسەتەش ئەندازەی تاوانی ئەو ڕژێمانە گەیشتووەتە پلەیەكی بەرزو لە هیچ ڕوویەكیشەوە سڵ نەكراوەتەوە. بۆیە كە بەوردی سەیری جۆری ئەو تاوانانە دەكەین، پێكهاتەی تاوانی جینۆساید بە تەواوی دیارە. لێرەدا هەوڵ دەدەین تابلۆیەكی دیاری ئەو تاوانانە بخەینە ڕوو. ئەوەی ئێمەش توانیومانە بەدەستی بهێنین، هەموو ئەو تاوانانە نین كە لەدژی گەلی كورد لەچوارچێوەی عێراقدا ئەنجام دراون، بەڵام هەوڵمان داوە، تائەندازەیەک ڕووداوە سەرەكییە دیارەكان باس بكەین.

له١٩٣٢-١٩٣٤ بۆ دامركاندنەوەی ڕاپەڕینی بارزان، هێزی سوپای عێراق و بەریتانیا كەوتنە هێرش و وێرانكردن. تەنیا لە ناوچەكانی بەرۆژ، مزووری و شیروان ٧٩ گوند وێران كران، لە سەرجەمی ٢٣٨٢ خانووبەرە ١٣٦٥ خانوویان سووتاند و ڕووخاند، واتە ٦٠٪ی وێران كرا(٥).

هاوینی ١٩٦١، ڕژێمی عبدالكریم قاسم، هێرشی كردە سەر كوردستان و نیوەی زیاتری سوپای عێراقی بەهێرش لەدوای هێرش

بەردایە سەر دانیشتوان، تا لەماوەی ساڵ و نیوێکدا نزیکەی(٣٠٠٠) سێ هەزار کەس کوژران، کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنی بوون. زیاتر لە(١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار ئاوارە بوون و کەوتنە چیا، (١٥٠) سەد و پەنجا گوند و شار وێران کران[٦].

١٩٦٣/٦/١١ دیسانەوە شەڕ هەڵگیرسایەوەو لە مانگی یەکەمی هێرشدا نزیکە (٢٠٠) دووسەد گوند سووتێنران و زیاتر لە(٢٠٠٠) دووهەزار کەسیش کوژران[٧]. لە مانگی ١٩٦٣/٧دا وەفدی یەکێتی سۆڤیت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕ. ن. ی. ڕایگەیاند کە شەڕی ڕژێمی عێراق لەدژی کورد، شەڕی جینۆسایدە. لە(١٨) هەژدە ئەندامی لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕ. ن. ی. تەنها چیکۆسلۆڤاکیا پشتگیری ئەو هەڵوێستەی کرد کە حکوومەتی عێراق مەحکوم بکرێ، هەروەها حکوومەتی مەنگۆلیاش لە مانگی ١٩٦٣/٧دا داوای لە ڕ. ن. ی. کرد مەسەلەی سیاسەتی جینۆساید کە عێراق ئەنجامی دەدات لەدژی کورد، لەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لێی بکۆڵدرێتەوە[٨]. بەڵام پاشتر سۆڤیەت لە داواکەی کشایەوە.

١٩٦٣/٧/٩، ڕژێمی عێراق قەدەغەکردنی هاتوچۆی جاڕدا و کەوتە ڕەشبگیرکردنی خەڵکەکە، بەسەدان کەس لە هەموو تەمەن و چین و توێژێک دەسگیرکران. (٨٣) هەشتاو سێ کەس لە پشتی حامیەی سلێمانییەوە گوللەباران کران[٩]. لەو هێرش و پەلامارانەشدا، سوپای عێراق کەوتە گیانی پیاو و ئافرەت و منداڵان و سووکایەتی کردن بەژنان بەبەرچاوی مێردەکانیانەوە کە بەسترابوونەوە. (٥,٠٠٠) پێنج هەزار کەس گیران و (٢٧٦) دووسەد و حەفتاو شەش کوژران و بە بلدۆزەر تەرمەکانیان شاردەوە[١٠]. هاوکات لەشاری کۆیە ڕژێمی

عێراق کەوتە گیانی ژن و منداڵ و پیرەمێردی بێ تاوان(٢٠) بیست کەس بە دارتێلەکانەوە بەسترانەوەو گوللەباران کران[١١].

١٩٦٣/٦/١٣ ڕژێمی بەعس بەربووە گیانی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی کەندێناوەی سەر بە هەولێر و گوندەکانیان بە مزگەوت و قوتابخانەکانەوە سووتاند و وێران کرد، کۆمەڵێ خەڵک شەهید کران، هاوکاتیش بەعسییەکان کەوتنە تەعریبکردنی ناوچەکە. قۆناغی یەکەم لەحوزەیرانی ١٩٦٣ـەوە دەستی پێکرد، قۆناغی دووەمیش لە ١٩٧٥ـەوە، قۆناغی سێیەمیش لە ١٩٨٧ـەوە، سەرجەم (١٥٣) سەد و پەنجاو سێ گوند تەعریب کران، تەنانەت ناوی گوندەکانیش کران بە عەرەبی[١٢].

١٩٦٣/٧/١٠ (٤٠,٠٠٠) چل هەزار کوردی دەوروبەری شاری کەرکووک دەربەدەر کران. دانیشتوانی گوندەکانی ئەو مەڵبەندە ڕاگوێزران و عەرەبی خێڵەکییان لە جێگە نان، ماڵە کوردەکان بە بلدۆزەر تەخت کران و خوێندن و نووسین بە کوردی قەدەغە کران و کەوتنە تەعریب کردنی ناوە کوردییەکان و تاڵانکردنی سەروەت و سامان و باخ و سووتاندنی بێستانی خەڵکەکە[١٣]. لەئەنجامی هێرشی سوپای عێراقەوە بۆ سەر کوردستان لە ١٩٦٣/٦/١١ـەوە تا ١٩٦٣/٧/٢٣ سەرجەم (٨٧٥) هەشت سەد و حەفتاو پێنج گوند وێران کراون[١٤].

ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی ڕینییە مۆریس ڕوونی کردووەتەوە کە ساڵی ١٩٦٥-١٩٦٦ ڕژێمی عێراق گازی ژەهراوی لە کوردستان بەکارهێناوە[١٥]. کۆمەڵەی نێودەوڵەتی لە لەندەن کە تایبەتە بەداکۆکی کردن لە مافی کەمە نەتەوەییەکان لە جیهاندا، لە ڕاپۆرتی تایبەتی ژمارە(٢٣)دا لە ١٩٨٩دا کە تایبەتە بە سەرانسەری کوردستان، کەڵێ

فاكتی تاوانی جینۆسایدی تۆمارکردووە، بە تایبەتی لەسەر خوارووی کوردستان نووسیویەتی کە لە ١٩٦٠-١٩٧٠ (٤٠,٠٠٠) چل هەزار ماڵ لە(٧٠٠) حەوت سەد گونددا وێران کراون. ژمارەی ئاوارەبووان گەیشتە (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار و(٦٠,٠٠٠) شەست هەزار کەسیش کوژراو و بریندارن[١٦]. هەمان ڕاپۆرت ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە ساڵی ١٩٨٨ لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییەوە خەڵکێکی زۆر کوژران و خەڵکێکی زۆریش ئاوارەی تورکیاو ئێران بوونە[١٧].

چەندین جار وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەسەر سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی گەلی کورد ڕێک کەوتوون و ڕێکەوتننامەی هاوبەشیان هەیە لەو بارەیەوە، ئیتر لە جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتننامانەشدا، نەک هەر هێزی چەکداری بزووتنەوەی کوردستان بەرکەوتووە بەڵکو خەڵکی کوردستان بەخۆیان و ماڵیانەوە بوونە قوربانی.

١٩٦٣/٩/٩ یەکێتییەکی سوپایی لە نێوان عێراق و سوریادا پێکهات و ئەنجومەنێکی هاوبەشیان دروست کرد، وەزیری بەرگری عێراق بووە فەرماندەی هێزی هاوبەشی سوریا و عێراق لەدژی بزووتنەوەی کورد لە خوارووی کوردستان. ئیتر سوپای سوریا بەتانک و فڕۆکەی جەنگی و تۆپەوە هاوشانی سوپای عێراق لە ناوچەکانی زاخۆ و دهۆک کەوتە شەڕەوە. حکوومەتی عێراق بەڕەسمی بەشداربوونی سوپای سوریای ڕاگەیاند. سەرۆکی عێراق عبدالسلام عارف، لە دیدەنی هێزەکانی سوریادا لە کوردستان وتی: سەربازەکانی سوریا (ئەرکی پیرۆزی خۆیان جێبەجێ دەکەن)[١٨].

ساڵی ١٩٦٨، هەر لەهاتنە سەر حوکمی بەعسییەکانەوە، تاوانی

جینۆساید زیاتر خەسڵەت و جۆرەکانی ئاشکرا بوو. حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی چ لە نووسراو و ئەدەبیاتیدا یا لە پراکتیکدا، کەوتە هێرش_کردنە سەر گەلی کورد. میشێل عەفلەق-ی دامەزرێنەری حیزبی بەعس دەڵێ: (بەدرێژایی چەندین سەدە، کورد، هاونیشتمانی عەرەبی موسڵمان بووە. وەکو عەرەبی موسڵمان هیچ جیاوازیەکیش لەنێوانیاندا نییە) بەگوێرەی ئەو ڕایەی م. عەفلەق کورد عەرەبە، هەر بۆیەش پێی لێ دادەگرێ و دەڵێ: (گەلی کورد بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب[١٩]). ئەم بیروڕایەی م. عەفلەق، جێگیرکردنی ئایدیایەکی شۆڤێنیستانەیە و جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە حیزبی بەعس لە سەرەتاوە، لەڕووی تیۆرییەوە نەخشەی فەوتاندنی نەتەوەیی گەلی کوردی لە پرۆگرامدا هەبووە، هەر بۆیەش لەپراکتیکدا هەموو هەوڵێکی داوە کە کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەمێنێ و کوردستان لە کورد دابڕێ و بیکاتە نشینگەی عەرەب.

لە مانگی ئابی ١٩٦٩دا، سوپای عێراق هێرشی کردە سەر ناوچەی ئاکرێ، لەو هێرشەدا گوندی (دەکا)و (خورت) تالان کران و سووتێنران، خەڵکی ئەو دوو گوندە خۆیان لەئەشکەوتێکدا حەشاردابوو، ئاگریان تێبەردان و (٦٧) شەست و حەوت ژن و منداڵ سووتێنران[٢٠].

١٩٦٩/٩/١٦ سوپای عێراق هێرشی کردە سەر گوندی (صوریا) لە سێگۆشەی سنووری تورکیا-عێراق-سوریاو (٦٠) شەست کەسیان گوللەباران کرد[٢١].

لە سەرەتای حەفتاکانەوە، ڕژێمی عێراق بە پلان و بەرنامە کەوتە دەرکردنی خەڵکی کوردستان و ئاوارەکردنیان:

١- دەرکردنی فەیلییەکان، لە ١٩٧١-١٩٧٢، (٤٠,٠٠٠) چل هەزار کوردی فەیلی ناسنامەی هاونیشتمانی عێراقییان لێ سەندرایەوەو ڕەوانەی ئێران کران[٢٢]. ژمارەی دەرکراوەکان تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ گەیشتە (٢١٥,٠٠٠) دووسەد و پانزە هەزار کەس[٢٣]. پێویستە ئەوەش بڵێین کە ماڵ و سامانی زۆریان ڕژێمی عێراق دەستی بەسەردا گرت بەبێ هیچ پێویستییەکی ژیان دەربەدەرکران.

٢- ڕژێم بڕیاری دەرکردنی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار کوردی گۆیان و ئۆمەریان-ی دەرکرد کە لە ناوچەکانی موسڵ دەژیان، تا بەرەو سنوورەکانی تورکیا ڕاگوێزرێن[٢٤]. ئەم بڕیارە ئەگەر جێبەجێش نەکرابێ، هیچ لە مەبەستی جینۆساید ناگۆڕێ.

٣- هەزاران کرێکار و فەرمانبەر و خێزانەکانیان لە کەرکووک و خانەقین دەرکران.

ئەگەرچی ئەو سەردەمە، کاتی ئاشتی و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو، بەڵام هاوکات تەعریب و ڕاگواستن و کوشتن و بڕین بەردەوام بوو.

ساڵی ١٩٧٤، دیسانەوە هێرشی سوپای عێراق دەستی پێ کردەوەو ڕژێم کەوتەوە ئاگرباران کردن و وێرانکردنی کوردستان، بەهەزاران کەس لە خەڵکی شار و دێهاتەکانی کوردستان بوونە قوربانی، ساڵی ١٩٧٥ لەدوای هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کوردی، بە کۆمەڵ ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان بەرەو خوارووی عێراق دەستی پێ کرد، (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار کورد بە زیل و لۆری ڕەوانەکران، هەر وەکو لە مانگی ١١ی ١٩٧٥دا کۆمەڵەی پشتگیری کردنی گەلانی

چەوساوە لەئەڵمانیا-گویتنگن، لەگەڵ کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە هۆڵەندە ڕایان گەیاند ژمارەی ڕاگوێزراوان گەیشتووەتە(٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار کەس و (١١٦) سەد و شانزە گوند وێران کراون، (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار کوردی یەزیدیش لە سنجار ڕاگوێزراون[٢٥]. ساڵی ١٩٧٦ دەزگاکانی ڕژێمی عێراق کەوتنە دەرهاویشتن و سووتاندنی ئەو کتێبانەی کە لە مێژووی کورد دەدوێن، هەروەها قەدەغەکردنی بابەتی مێژووی کورد لە قوتابخانەکاندا[٢٦]. هاوکات ڕاگواستن و تەعریبکردن بەردەوام بوون تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٦، (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار کەس بەزۆر بەرەو خوارووی عێراق ڕاگوێزراون، تا سەرەتای ١٩٧٩ ژمارەیان گەیشتە(٧٠٠,٠٠٠) حەوت سەد هەزار کەس، ئەو ڕاگواستن و پەلاماردانە (١٢٢٢) هەزار و دووسەد و بیست و دوو گوندی گرتەوە کە لەناوچەکانی دیالە و سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و دهۆک و موسڵ چۆڵ کران. سەرباری ئەوەش گوندە سنوورییەکانی عێراق-ئێران، وێران کران[٢٧].

هەر دە ساڵ جارێک ئاماری سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عێراق دەکرێ، ساڵی ١٩٧٧، هەر وەکو سەرژمێرەکانی تر بەزۆر کەوتنە بەعەرەب نووسینی خێزانە کوردەکان، بەتایبەتی لە کەرکووک، (ئێمە نووسەری ئەم باسە لەسەر ئەو مەسەلەیە تووشی کێشەو بەرەیەکی زۆر بووین).

بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو، ئامرازی تازەو بەرپاکردنی شەڕ، بە ئەندازەیەکی زۆر بەکارهێنانی بۆمبای ناپاڵمی هەمە چەشنە، ئاو ژەهراویکردن، تەنانەت بەکارهێنانی بۆمبای هێشوویی لەدژی خەڵکی دێهاتەکان و تاقیکردنەوەی، چەکی مۆدێرنی قڕکەر، ئەمانە زۆر بە

بەرنامە و قۆناغ لەدوای قۆناغ لە کوردستاندا بەکارهێنراون.

ساڵی ١٩٨٣ دەزگاکانی ڕژێم (٨٠٠٠) هەشت هەزار پیاوی بارزانییان لە ئۆردوگای زۆرەملێی قوشتەپە دەستگیرکرد و لەخێزان و منداڵەکانیان دابڕین و سەرەونگونیان کردن. ئەم ڕاستییەش لە گەلێ بەڵگەنامەی جیهانیدا تۆمار و بڵاوکراوەتەوە[٢٨]. هەر لە ساڵی ١٩٨٣، دەزگاکانی ڕژێم لە سلێمانی ئەرشیف و دۆکومێنتەکانی سەردەمی عوسمانی و ئینگلیزو بەڵگەنامەکانی حکومەتەکەی شێخ مەحموودیان کۆکردەوەو سووتاندیان[٢٩].

قەیسەری نەقیب لە سلێمانی، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن (وەستا حەسەنی فاتمە غەزایی)ـەوە بۆ (شێخ مستەفای نەقیب)ی مامی شێخ مەحموود ئاواکراوەتەوە. بەدیمەن جوانە و، پەنجەرەی گومەزەکانی لە چەشنی چاوی مرۆڤ"چاوی بادەمی"دا کراون و لە نزیک دەمی دووکانەکانەوە هەر دوو کەوانەیەک بوونەتە یەک کەوانە[٣٠]. لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨دا دەزگاکانی ڕژێم قەیسەرییەکەیان سووتاند و ڕیزە دووکانێکیشیان بە دەمیەوە تەخت کرد[٣١].

دیارە، ئەو شوێنەوارە مێژووییانە، لە کەلتووری نەتەوایەتی هەر میللەتێکدا، ڕاددەی پێشکەوتن و شارستانییەتی ئەو میللەتە دیاری دەکەن، بۆیە لەهەر پلەیەکی هونەری و سەنعەتسازیدابن، پێویستە بپارێزرێن. نموونەیەکی تری فەوتاندنی کەلتووری، ڕێگە پێ نەدانی پەیکەرەکەی شێخ مەحموودی حەفید لە سەرەتای حەفتاکاندا، هەروەها ڕووخاندن و وێرانکردنی پەیکەری کاوەی ئاسنگەر لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٥دا، هەروەها ڕێگە پێ نەدانی گەلێ کاری

هونەری و پەیکەرسازی تر لە کوردستانداو وێرانکردن و فەوتاندنی شوێنەواری مێژوویی و هونەر، بەشێکن لە جینۆسایدی کەلتووری نەتەوەیی. ئەمە ڕژێم خۆی چاک دەزانێ بۆیە هەروا بە توندیش ئاگاداری ئەو لایەنە گرنگەیە تا وێرانیان بکات، بەڵام بەداخەوە لەلایەن ئێمەوە هێشتا مەترسی ئەو کارانە بەچاکی هەستی پێ ناکرێ، کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی مێژووی شارستانی و کەلتووری نەتەوەیی، تەنانەت لە هێرشی ۱۹۹٦/۸/۳۱دا سوپای ڕژێم هەموو کۆمپیوتەرەکانی هەولێری برد و مەڵبەندە کەلتوورییەکانی سووتاند و تاڵان کرد.

لە کۆنفرانسی جیهانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بەرگریکردن لەزمان و شارستانییەتی ئەو میللەتانەی کە بەر هەڕەشەی فەوتان دەکەون، لە ئیتالیا لە ۲۷-۲۹/ تەممووزی ۱۹۸٤دا، بڕیارێک دەرکراوە بۆ داکۆکی کردن لە گەلی کورد کە سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و فەوتاندنی کەلتوور و داگیرکردنی ئابووری کوردستان لەلایەن وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بووە بە هۆی ئاوارەبوونی هەزاران کەس و بەوڵاتانی دونیادا بڵاوبوونەتەوە. بۆیە بڕیاری ئەو کۆنفرانسە پاراستن و داکۆکیکردنە لە داب و نەریت و کەلتووری نەتەوایەتی ئاوارەکانی کوردستان هەروەها بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی ئەورووپی کە تایبەتە بە مافی مرۆڤ و بەگوێرەی ڕاگەیاندنی یونسکۆ لە ۱۹۷۸/۱۱/۲۲دا لەدژی جیاوازی ڕەگەز، کۆنفرانس داوا لە وڵاتانی ئەورووپا دەکات کە ڕێگە خۆش بکەن بۆ پاراستن و دان پێدانانی کەلتووری نەتەوەیی ئەو ئاوارە کوردانەی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەژین[٣٢].

تاوانی جینۆسایید له خوارووی کوردستاندا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرفراوانتر دەبوو، بەکۆمەڵ قڕکردنی بەدەنی، بەکۆمەڵ گرتن، بەتایبەتیش ئافرەت و منداڵ، هەروەها ڕاگەیاندنی-حاله الطواریء- و کوشتن و گوللەباران کردنی خەڵکی لەناو شەقامەکانی شارەکانداو وێرانکردنی ماڵ و دووکان لە شارەکانی کوردستاندا، ئەمانە لەبەرچاوی خەڵکەکە ببوونە کاری ئاسایی ڕۆژانەی ڕژێم.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی یەکێک لەو ئەفسەرانەی کە لەزیندانی-ابو غریب- کاردەکەن، بۆ لیژنەی (کاردری) لە لەندەن، دەربارەی چۆنیەتی گوللەبارانکردنی(٥٠٠٠) پێنج هەزار هاووڵاتی لە زیندانەکانی ابو غریب_دا، لەناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٨٥دا، لە سەعات هەشت و نیوی شەوی ١٢/ ئەیلولی١٩٨٤/دا، صدام حسین بە تەلەفۆن پەیوەندی کردووە بە بەڕێوەبەری زیندانی(الاحکام الخاصة)و وشەی نهێنی (دەست پێ بکە، دەست پێ بکە)ی پێ ڕاگەیاندووە بە حوکمی ئەو دووجار(دەست پێ بکە)یەش فەرمانی گوللەباران کردنی(٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس جێگیر کراو جێبەجێ کرا. ئیتر لە بەرەبەیاندا(٥٠٠) پێنج سەد زیندانی بانگ کران و بردیانن بۆ سەربازگەی بسمایای بەتەلدڕ و گەمارۆدراو لەسەر ڕێگای سەلمان پاک و سەدان سەربازی بێ چەک لەوێ کۆکرانەوە بۆ تەماشاکردنی پرۆسەی گوللەبارانکردنەکە. دە ڕۆژ لەسەر یەک بەم جۆرە، هەر ڕۆژەی(٥٠٠) پێنج سەد کەس گوللەباران کران. پاشتر هەر خێزانێک دەبوایە(٥٠) پەنجا دیناری عێراقی بدا لە بری نرخی ئەو فیشەکانەی کە کوڕەکانیانی پێ گوللەباران کراوە. دەزگاکانی ڕژێم هەڕەشەشیان لەو خێزانانە کرد کە نابێ کۆڕی ماتەمینی ڕێک بخەن و خەڵکی

کۆبکەنەوە. ئەو پێنج هەزار کەسەش، بریتی بوون لە هەڵهاتووانی جەنگی عێراق-ئێران و کەسانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن، هەروەها سەدان کوردی سەر بەلایەنە سیاسییەکان، کە هەندێکیان قوتابی بوون لە زانکۆی (صلاح الدین) لە هەولێر[٣٣].

ڕژێمی عێراق، نەک هەر لەناوخۆی عێراقدا، بەڵکو لەدەرەوەی سنووریش، واز لەخەڵک ناهێنێ و درێژە بەسیاسەتی جینۆساید دەدات. ڕۆژی ٦/٩ و ١٩٨٤/٧/١ فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق بە ناپاڵم بۆمبارانی ئۆردوگای پەناهەندەکانی زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و گەلێ پیر و ئافرەت و منداڵ بەرکەوتن. لە بۆردومانی ڕۆژی ٦/٩ دا(٤٢) چل و دوو کەس کوژران و (٢٣٠) دووسەد و سی کەسیش بریندار بوون، لە بۆردومانی دووەمیشدا(٢) دوو کەس کوژران و(١٤) چواردە کەس بریندار بوون[٣٤].

١٩٨٥/١١/١٠ لە ناوچەی ئامێدی فڕۆکەکانی ڕژێم، بووکۆکەی یاری منداڵانیان (کە لوغم ڕێژ کرابوون)، هەڵداو بەدەستی منداڵانەوە تەقینەوەو دوو منداڵ شەهید بوون[٣٥].

لەو هەنگاوانەی کە ڕژێمی عێراق گرنگی پێداون بۆ زیاتر جێبەجێ کردنی سیاسەتی جینۆساید، ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥، (٧٧٦) حەوت سەد و حەفتاو شەش قوتابخانەی داخست، بەگوێرەی فەرمانێکی نهێنی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆکەوە دەرچووە، بەژمارەی (٥٧٥ لە ٢ /١٩٨٥/١٠)دا پشت بەنامەی نهێنی و تایبەتی لیژنەی تەنسیقی ئەمنی - لجنة التنسيق الامنية - دهۆک دەبەستێ بەژمارەی (٢٣٦) لە ١٩٨٥/٩/٢٢دا دەرچووە جەخت لەسەر داخستنی (٢٠٨) قوتابخانە دەکات. لە هەولێریش، بەڕێوەبەری گشتی

پەروەردە فەرمانێکی دەرکردووە کە (٢٠٠) دوو سەد قوتابخانە لە دێهاتەکانی پارێزگای هەولێر دابخرێت، ئەویش بەگوێرەی نووسراوی ژمارەی (٢٢٧٩) لە ١٩٨٥/٩/١ دا. لە پارێزگای سلێمانی و کەرکووکیش هەر لەو ماوەیەدا (٣٤٠) سێ سەد و چل قوتابخانە بە فەرمانی دەزگای ڕژێم داخران. هەروەها دەیان قوتابخانەی تر لەناوچەکانی سەر بەموسڵ و دەیان قوتابخانەی سەر بە ئاکرێ و شێخان داخران. دەزگاکانی ڕژێم، مامۆستاو کارمەندانی ئەو قوتابخانە داخراوانەیان بانگ کردووە، کە لە ماوەی ئەو ساڵەی خوێندندا نابێ بچنەوە سەر کار هەروەها ئاگاداری قوتابخانەکانی پارێزگاکانیشیان کردووە کە قوتابیانی ئەو قوتابخانە داخراوانە وەرنەگرن[٣٦].

ڕێکخراوی Amnesty International لە لەندەن، لە ١٩٨٩/٣/١٤ دا ڕایگەیاند کە لە شاری سلێمانی لەماوەی نێوان ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٨٥دا، ڕژێمی عێراق (٣٠٠) سێ سەد منداڵی کوردی ئیعدام کردووە کە تەمەنیان لە ١٧ تا ٢٣ ساڵانە، لەهەمان ڕاگەیاندندا باس لە کوشتنی (٥٠٠٠) پێنج هەزاریش کراوە، کە بەچەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە بەرکەوتوون[٣٧].

پەرلەمانی ئەوروپا لە بڕیاری ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٩دا، نارەزایی خۆی دەربارەی گرتن و ئازاردان و کوشتنی (٣٠٠) سێ سەد منداڵ و لاوی شاری سلێمانی دەردەبڕێ. لەهەمان بڕیاردا پەرلەمانی ئەوروپا عێراق وا ئاگادار دەکاتەوە کە بەردەوامبوونی ئەو جۆرە کارانە دەگاتە ئەنجامی خراپ لە پەیوەندی نێوان عێراق و وڵاتانی ئەوروپادا[٣٨]. لە سەردەمی بەعسییە فاشییەکاندا، تا کۆتایی ١٩٨٦ زیاتر لە (١٨٩٥)

هەزار و هەشت سەد و نەوەت و پێنج گوند و شار بەر ڕاگواستن کەوتوون، کە ژمارەی خێزانە ڕاگوێزراوەکانی (١٤٧٦) هەزار و چوار سەد و حەفتاو شەش گوندیان دەگاتە (٨٤.٨٧٧) هەشتاو چوار هەزار و هەشت سەد و حەفتا و حەوت خێزان[٣٩].

لە سیاسەتی ڕژێمی عێراقدا، لەگەڵ وێرانکردن و ڕاگواستندا، بەعەرەب کردن-تعریب- بەرنامەیەکی تایبەتە بۆ شێواندنی سیمای نەتەوەیی کوردستان. هەر بۆ نموونە لە شاری کەرکوک، سەرباری ڕووخاندنی هەزاران ماڵی کورد و دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی، بەپشتێنەیەکی (٢٠.٠٠٠) بیست هەزار لە دواکەوتووترین ماڵە عەرەب، بە ڕەبایەو نۆردوگای سەربازی ئابڵۆقە دراوە. ئەگەر تێکڕای سەرژمێری هەر ماڵێک بە ٤-٥ کەس دابنێین، ئەوا سەرژمێری ئەو عەرەبە نیشتەجێ کراوانە دەگاتە ٨٠-١٠٠ هەزار کەس، زۆربەیان ئەفسەر و پۆلیس و ئەمن و ئیستیخبارات و مخابەرات و کەسانی حیزبی و کەسانی سەر بەسیاسەتی ڕژێمن کە بەشێوەیەکی شۆڤێنییانە پەروەردە کراون تا کورد و تورکمان بەدوژمنی خۆیان بزانن، بۆیە وەزعێکی نائاسایی لە کەرکووک دروست کراوە بۆ تەعریب کردنی تەواوی شارەکەو دەوروبەرەکەی[٤٠]. سیاسەتی وێرانکردن و ڕاگواستنیش بووە هۆی ئەوەی تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ زیاتر لە (٤٢.٤٨٨ کم٢) واتە ٤١.٤٩٪ ی خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق تەعریب بکرێ، کە زۆربەی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا ئەنجام دراوە[٤١]. یاساناسی کورد د. نوری تاڵەبانی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەعەرەبکردن لە سەردەمی بەعسییەکاندا چەند پەرەی سەندووە، بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ زۆربەی دانیشتوانی

کەرکووک کوردن، لەبەرئەوەی ئەو شارە بەکانگای نەوت دەوڵەمەندە، ڕژێمی عێراق، کەوتە تەعریبکردنی، تەنانەت بۆ ئەوەی مێژووی شارەکە بشێوێنێ ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ی فەوتاندووە[٤٢].

تاوانی جینۆساید لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا گەیشتە چڵەپۆپە، ئەوەبوو بەشێوەیەکی فراوان چەکی کیمیاوی بەکارهات و هەزاران کەس بوونە قوربانی و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ژیانیان تێدا نەما، ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢٨ ڕژێمی عێراق بەبۆمبای ژەهراوی بۆردومانی شاری سەردەشتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی کرد و (١٣٢) سەد و سی و دوو کەس کوژران و (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەسیش بریندار بوون[٤٣]. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، پێچەوانەی پرۆتۆکۆڵی جنێفە (١٩٢٥) دەربارەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی و خنکێنەر. ڕاگەیاندنی ڕەسمی سەرۆکی عێراق صدام حسین کە دەڵێ: (عێراق چەکی کیمیاوی کاریگەری هەیە، ئەوەندەی مەگەر هەر تەنیا ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت هەیان بێ)[٤٤]. نیشانەی خۆپیشاندانی عێراقە کە بەپێچەوانەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتانەوە پشتی بەوە قایمە دەتوانێ چەکی کیمیاوی بەکار بهێنێت.

ڕژێمی عێراق نەک هەر چەکی کیمیاوی، بەڵکو چەکی بایۆلۆژیشی ئامادە کردبوو بۆ شەڕی کوردستان. نووسراوێکی ڕەسمی و تەواو نهێنی و تایبەت لە (مقر آمرية قاطع اربيل - الحركات)ەوە بە ژمارە ج ٢٧٧/١ لە ١٩٨٦/٨/٣ بۆ هێزەکانی سەر بەکەرتی هەولێر، بەگوێرەی چەند نووسراوێکی نهێنی تر کە یەکێکیان نووسراوی تەواو نهێنی و

تایبەتی وەزارەتی بەرگرییە بەژمارەی ١٠١٣٥ لە ١٩٨٦/٥/٢٥ کە داوای ئاماری نیوسالانەی-جرد نصف سنوی- هەموو ئەو چەکانەیە (کیمیاوی و بایۆلۆژی)و ئامادە کردنی ئەو ئامارە پێش ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٦(٤٥).

بڵاوکردنەوەی (دانانی) چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی لە سەربازگەکانی کوردستاندا نیشانەی خۆ ئامادەکردنە بۆ بەکارهێنانی، ئەمەش پێشنیازی ڕژێم ڕوون دەکاتەوە لە تاوانەکانیدا دەرهەق بەگەلی کورد. ئەوەبوو بەشێوەیەکی بەرباد لە کوردستاندا چەکی کیمیاوی بەکار هات، بەتایبەتی تاوانی شەهید کردنی شاری هەڵەبجە لەدونیادا دەنگی دایەوە.

هەڵەبجە شارێکی مێژوویییە و جێگایەکی دیاری هەیە لەژیانی کەلتووری و سیاسی و ئابووری کوردستاندا، نزیکەی (٧٠,٠٠٠) حەفتا هەزار کەس دانیشتووی ئەم شارە بوون، ١٦و ١٩٨٨/٣/١٧ ڕژێمی عێراق تاوانێکی زۆر دڕندانەی لەدژی هەڵەبجەو ناوچەکانی دەوروبەری کرد. فڕۆکەکانی ڕژێم بەچەکی کیمیاوی کەوتنە ژەهرباران کردن، زۆربەی سەرچاوەکان لەو بارەیەوە ژمارەی شەهیدانی هەڵەبجە بە(٥٠٠٠) پێنج هەزار دەستنیشان دەکەن و ژمارەی بریندار و بەرکەوتووش بە (١٠,٠٠٠) دە هەزار. خەڵکێکی زۆر لەدوای ئەوەی بەرەو شارەکانی تر ڕایان کرد، ڕژێم بەشێکی زۆری گرتن. پاشماوەی دانیشتوانی هەڵەبجەو ناوچەکانی دەوروبەری بەبێ ماڵ و حاڵیان ئاوارەی ئێران و ئەو ناوچە سنوورییانەی بوون. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی دونیا ڕاپۆرت و وێنەو فلیمی ڕووداوەکانی هەڵەبجەیان زۆر بڵاوکردەوە. نوێنەری سکرتێری گشتی ڕێکخراوی

نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئێران و عێراق دیدەنی نەخۆشخانەکانی ئێران و عێراقی کردووەو ئەو ڕاستییەی تۆمار کردووە کە چەکی کیمیاوی لەدژی خەڵکی کوردستان بەکارهاتووە(٤٦). ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ناوی ٢١٩٨ دوو هەزار و سەد و نەوەد و هەشت شەهیدی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە(٤٧).

سەفیری ئوستڕالیا لە UN نامەیەکی بەکۆنفرانسی چەک داماڵین لە ١٩٨٨دا، داوە، نامەکەش ١٩٨٨/٩/٩ لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئوستڕالیاوە بۆ ئەو کۆنفرانسە نێردراوە. لەو نامەیەدا نارەزایی دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی کورد دەربڕاوە(٤٨).

لیژنەیەکی تایبەت و شارەزا، کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێ دکتۆر بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری کۆلێژی تەکسیکۆلۆژی-ژەهرناسی- Toxicologic- لە زانکۆی (Gent-بەلجیکا)، پرۆفیسۆر A. Hryn-drickx، سەردانی کوردستانی کردوەو گەلێ نموونەی لە شاری هەڵەبجەو ناوچەکانی دەوروبەریان گەیاندووەتە زانکۆی خێنت و لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر کردووە، لیژنەکە لە ١٠-١٩٨٨/٤/١٤ دیدەنی عێراق و ئێرانی کردووە، ڕاپۆرتی لیژنەکە: Report No. 88/ku 2/PJ 881 دەڵێ: هەڵەبجە، مەرگ باڵی بەسەردا کێشاوەو ناوچەیەکی بێ مرۆڤ و بێ ئاژەڵ، باڵندەی بۆگەنبووی تێدا بڵاوبووەتەوە.

ئەندامانی لیژنەکە کەلاکی ئاژەڵ و تەرمی مردوو، نموونەی چاڵی بۆمبا و، پارچەی بۆمبا و جل و بەرگ و بەردی ناوچەکەیان بردووەو لە زانکۆی خێنت تاقیکردنەوەی زانستییان لەسەر کردووە. لیژنەکە ڕایگەیاندووە بەلای کەمەوە سێ جۆر گازی ژەهراوی کاریگەر بەکارهاتووە. لیژنەکە هەموو ئەو نموونانەی لەژێر تاقیکردنەوەی

زانستیدا یەکالا کردووەتەوەو مەترسی ئەو گازانەی باس کردووە[٤٩].

ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی UN لیژنەی مافی مرۆڤ، لە ١٩٨٨/٩/١٦، لە راپۆرتێکدا لەسەر کێشەی مافی مرۆڤ لە ئێران و عێراق دەدوێ، بەتایبەتیش پێشێل کردنێکی ترسناکی مافی کورد/خالی ٢٨/ لەو راپۆرتەدا، لیژنەی مافی مرۆڤ بەتایبەتی ئەوەی دیاری کردووە کە لە عێراق پێشێلکردنی مافی کورد بەرنامە رێژکراوە: کوشتنی هەمە جۆر، گرتن، راگواستن، دوورخستنەوەو بەکۆمەڵ لە سێدارەدان. هەمان راپۆرت ئەوە دیاری دەکات کە لە ئازاری ١٩٨٨دا زیاتر لە (٤٠٠) چوار سەد کەس لە ناوچەکانی قەرەداغ لە سلێمانی بەرچەکی کیمیاوی کەوتوون. هەروەها راپۆرتەکە باسی کیمیا بارانەکەی شێخ وەسان لە دۆڵی بالیسان/هەولێر/ دەکات لە ١٩٨٧دا و دەڵێ کە (٣٦٠) سێ سەد و شەست کەس شەهید بوونە، ئەوەش روون کراوەتەوە کە ساڵی ١٩٨٥ لە سلێمانی (٣٠٠) سێ سەد کەس زیاتر کوژراون و گەلێکیش گیراون و بێ سەر و شوێن کراون.

خالی ٢٠ راپۆرتەکە باس لە وێرانکردنی گوندی چیمەن-نزیک کەرکووک-دەکات لە ١٩٨٦/١١دا، کە (١٥٠) سەد و پەنجا کەس بەمناڵ و ئافرەتیشەوە کوژراون. خالی ٣٢ دەڵێ کە لیژنەی مافی مرۆڤ ئاگاداری ئەوەیە لە باکووری عێراق حکوومەتی عێراق بەردەوامە لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی رزگاری کورد. لیژنەکە ناوی (٤٦) چل و شەش کوردی لەلایە کە حکوومەت گرتوونی کە هەشتیان مناڵن، ئەوە لە سەرجەمی (١٥٠) سەد و پەنجا کەس کە گیراون[٥٠].

لە ئازاری ١٩٨٨ـەوە، رژێمی عێراق لە سەرانسەری ناوچەکانی

کوردستاندا زنجیره هێرشی زەمینی و ئاسمانی بەناوی -الانفال- دەست پێ کرد. بە قسەی وەزیری بەرگری عێراق، هێرشەکانی- الانفال- تا ١٩٨٨/٩/٥ی خایاند. لەو هێرشانەدا سوپای عێراق دەسەڵاتێکی بێ سنووری وێرانکردن و سووتاندن و گرتن و کوشتن و تاڵانکردنی هەبوو. بەتایبەتیش لەو هێرشانەدا خەڵکی بێ چەکی دێهاتەکان مەبەست بوون، بەبێ جیاوازی لەنێوان چەکدار و بێ چەک و پیر و ئافرەت و منداڵدا. وەزیری بەرگری عێراق-عدنان خیرالله- کوشتنی خەڵکی مەدەنی بەوە پاساو دەدات کە مەدەنی و چەکدار هەر بەرگی کوردییان لەبەردایە، بۆیە دەڵێ: (لایمكننا تمییز المتمرد منهم عن غیره لانهم یلبسون الزي الكردي جمیعا الا اذا كان هناك من یحمل بیده سلاحا)[٥١]. واتە: ناتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان یاخی و کەسانی تردا چونکە هەموویان بەرگی کوردییان لەبەردایە، تەنیا مەگەر کەسانێک کە چەکیان بەدەستەوە بێ.

بەگوێرەی بەندی چوارەمی پەیماننامەی جنێف/١٩٢٥/ هەموو وڵاتانی بەشداری پەیماننامەکە لێپرسینەوەی نێونەتەوەییان لە ئەستۆدایەو دەبێ کەسانی ڕەسمی و ناڕەسمی چاودێری حوکمی ئەو پەیماننامەیە بکەن چ لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا بێ یا لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکە)[٥٢].

بەگوێرەی دەستووری دادگای نۆرنبێرگ و تۆکیۆ، تاوانبارانی جەنگ سزادران. لەبەرئەوەی هەموو تاونباران بەر سزا نەکەوتن و نەدرانە دادگای نێونەتەوەیی، بۆیە بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامانە دەبێ تاوانبارانی تاوانی نێونەتەوەیی بدرێنە دادگای نێونەتەوەیی:

١- بەیاننامەی سزادانی تاوانکارانی تاوانی جەنگ لە ١٩٤٢/١/١٣دا[٥٣].

٢- بەیاننامەی بەرپرسیارکردنی هیتلەرییەکان بەهۆی تاوانەکانیانەوە لە ١٩٤٢/١٠/٣٠دا[٥٤].

٣- دەستووری دادگای جەنگ (نێونەتەوەیی) لە ١٩٤٥/٨/٨دا[٥٥].

٤- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی UN لە ١٩٤٦/١/١٣ و لە ١٩٤٧/١٠/٣١دا، دەربارەی تەسلیم کردنەوە و سزادانی تاوانبارانی جەنگ[٥٦].

٥- پەیماننامەی جنێف دەربارەی داکۆکیکردن لە قوربانیانی جەنگ لە ١٩٤٩/٨/١٢[٥٧].

٦- پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی[٥٨].

ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی-لیژنەی مافی مرۆڤ لە UN لەراپۆرتی ١٩٩٢/٢/١٨دا کە (٩٦) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە لەلایەن نوێنەری تایبەت، ڤان دێر ستویل-ەوە ئامادەکراوە، بەدوور و درێژی باسی تاوانەکانی ڕژێمی کردووە لە عێراقدا، بەتایبەتیش جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە تاوانی جینۆساید دەرهەق بەکورد پراکتیک دەکرێ. لەو ڕاپۆرتەدا جگە لەبیروڕای لێکۆڵینەوەی نوێنەری تایبەتی UN دەربارەی تاوانی جینۆساید لەدژی گەلی کورد، نووسەری ڕاپۆرتەکە ئەوەی بۆ ڕوون بووەتەوە کە ڕژێمی عێراق بە کۆمەڵ خەڵکی کوشتووە، بەکۆمەڵ خەڵکی ڕاگواستووە، بەکۆمەڵ خەڵکی گرتووە، ژیان و پێشکەوتنی ناوچە کوردییەکانی شێواندووەو سنووردار کردووەو چەکی مۆدێرن، بەتایبەتیش کیمیاوی بە کارهاتووە، ژیانێکی سەخت بۆ خەڵکەکە دروست کراوە، ئەو کارانەش بەشێوەی سیستێماتیک ئەنجام دراون، بۆیە بەگوێرەی بیروڕای ڤان دێر

ستویل-ئەو کارانە دەچنە چوارچێوەی ئەو کردارانەی کە لەبەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨دا دەربارەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزاخستنە سەر تاوانکارانی، دیاری کراوە[٥٩].

ڕاپۆرتەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ گەلێ زانیاری گرنگی تێدایە، جگە لەوەی کۆمەڵێ لەو بەڵگەنامە و نووسراو و بڕیارە نهێنییانەی ڕژێمی عێراقی تێدایە کە لە دژی گەلی کوردن، لەو بەڵگەنامانەدا ئەو سیاسەتە دیاری کراوە کە بریتییە لە چۆڵکردنی کوردستان لە خەڵک، وێرانکردنی ناوچەکان، بە کۆمەڵ ئیعدامکردنی خەڵکی کوردستان بەئافرەت و منداڵ و پیریشەوە، قەدەغەکردنی بوونی مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵیش لەو ناوچانەدا. ڕاپۆرتەکە ڕوونی دەکاتەوە کە بە ئەنقەست و بە مەبەست ڕژێمی عیراق نزیکەی (٤٠٠٠) چوار هەزار گوندی وێران کردووە کە ئەمەش ئەنجامەکەی بووەتە سەرگەردان کردنی زیاتر لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن مرۆڤی کورد.

ئەوەی کە بێ ڕاڕایی لەو دۆکومێنتانەدا ڕوون دەبێتەوە، بەکۆمەڵ گوللەباران کردنی پیاو و ئافرەت و منداڵی کوردە لەکاتی هێرشەکانی-ئەنفال دا/خاڵی ٩٨/[٦٠].

لە یەکێ لەو بەڵگەنامانەی کە وێرانکردنی کوردستانیان تێدا ڕوون کراوەتەوە پلان و نەخشەی وێرانکردنەکە بەم جۆرە دیاری کراوە:

١- وێرانکردنی ٣٨٣٩ گوند و شار

٢- وێرانکردنی ١٧٥٧ قوتابخانە

٣- وێرانکردنی ٢٤٥٧ مزگەوت و جێگەی ئاینی

٤- وێرانکردنی ٢٧١ نەخۆشخانەو تیمارگە

٥- ڕاگواستنی ٢١٩,٨٢٨ خێزان .../ خاڵی ١٠٠ بەڵگەنامەی UN/

ڕاپۆرتەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ لە خاڵی (١٠٣)دا دەڵێ:

(ترسناکترین بەدڕەفتاریی لە دژی خەڵکی کورد ئەوەبوو کە بەجۆرێکی ڕێکوپێک و بە بەرنامە -سیستێماتیک- خێزانە کوردەکان بەناوی ئاژاوەچیانەوە ئیعدام دەکران. ئەو بەڵگەنامانەی کە لە دایەرەکانی ئەمن و ئیستخبارات و دەزگاکانی ناوچە کوردییەکاندا گیران، شایەتی ئەوە دەدەن کە بیرۆی کاروباری باکوور - مکتب شؤون الشمال-لەماوەی نێوان پایزی ١٩٨٧ تا زستانی ١٩٨٩ و لەهێرشی ئەنفالدا سەرپەرشتی کارەکانی کردووە. زۆربەی ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامانە بریتین لەتالانکردن، کۆنترۆڵ کردن و دەست بەسەراگرتنی مەڕو ماڵات، داخستنی فابریکەی مریشک و ڕاگواستنی خەڵک بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ. ئەگەر سەرجەم ئەو بەڵگەنامانە بەیەکەوە سەیر بکرێن، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە لە بەکۆمەڵ ئیعدامکردنی ئاژاوەچییەکان لەگەڵ خێزانەکاندا، دەدوێن، ئەوا کارەکە زەقتر ڕوون دەبێتەوە، بەتایبەتیش لە هەندێ بەڵگەنامەدا باسی بەکۆمەڵ ئیعدامکردن دەکرێ). پاشتر ڕاپۆرتەکە لە هەمان خاڵی (١٠٣)دا دەڵێ، کە نوێنەری UN لیستەی (١٥،٠٠٠) پانزە هەزار خێزانی وەرگرتووە کە سەرەونگوون کراون کە نزیکەی (١٨٢،٠٠٠) سەد و هەشتاو دوو هەزار کەس دەبن بێ سەر و شوێن. هیچ گومانی تێدا نییە ئەم سیاسەتە بەتایبەتی هێرشەکانی ئەنفال سیاسەتی جینۆسایدە. ڕاپۆرتی UN لە ل ٧٧-٩٦ ناوی (٢٣٩) دوو سەد و سی و نۆ کەسی تۆمار کردووە، لەوانەی کە سەرنگوون کراون[٦١].

پێویستە ئەوەش بڵێین، لەو ڕاپۆرتەی UN دا، جگە لەوەی بەتایبەت

و بەفراوانی بە بەڵگەنامەوە، باس لە جینۆسایدی کورد کراوە، باس لە کوشتن و چەوساندنەوەی عەرەب و تورکمان و ئاسورییەکانیش کراوە، کە لەئەنجامی سیاسەتی ڕژێمی عێراقدا تووشی بوونە.

کۆمەڵەی هاوکاری کردنی گەلانی چەوساوە لە ئەڵمانیا لە بەڵگەنامەی ژمارە (٤) شوباتی ١٩٩١، بەتێروتەسەلی لەگەڵ لایەنی چەوساندنەوەو قڕکردنی گەلی کورد دواوەو بە شایەت و بەڵگەشەوە لە جینۆساید دەدوێ. لەو ڕاپۆرتەدا باس لە ڕاگواستنی (٧٠,٠٠٠) حەفتا هەزار کەس دەکات ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر. بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی (ئێدوارد مۆرتیمیر) لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٣، لە ڕۆژنامەی (فاینانشل تایمس)دا باسی لە ڕاگواستنی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار کەس دەکات. ڕاپۆرتەکە دەڵێ: لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ١٩٨٨دا صدام حسین ڕێگەی دا (٢٠٠) ڕۆژنامەنووسی جیهانی سەر لە ناوچە کوردییەکانی عێراق بدەن، لەدوای ئەوەی کە داگیرکرابوون، هەمان کات نزیکەی (١٥٠,٠٠٠ - ٢٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار تا دوو سەد هەزار کورد بەرەو تورکیا و ئێران لە ترسی هێرش و چەکی کیمیاوی هەڵاتبوون.

پەیامنێری ڕۆژنامەی بەرلینی (تاگیس تسیتۆنگ)، (یوگین گانشیلیخ) لە ١٩٨٨/٩/٢١ دا دەنووسێ: کاتێ لەناو کۆپتەرێکی سوپای عێراقدا بەسەر ناوچە کوردییەکانەوە بووین، گوندی دێرینی کوردەکانمان دەبینی وەکو پارچە خاکێکی ڕەش داگەڕاو دیاربوون، بەدرێژایی سنووری ئێران و تورکیا لە ناوچە کوردییەکاندا، هەرێمێکی ڕەش لە خوارەوە دیار بوو، گوندی وێرانکراو، ماڵی

بەسەریەکدا ڕووخاو، پارچە بۆمباو خاکی سووتاوی نێوان چیای ڕووتاوە، تاکە مرۆڤێک نەدەبینرا حکوومەتی عێراق لە هەوڵی سی ساڵەیدا توانی زاڵ بێت بەسەر کوردەکاندا، زیاتر لە چوار هەزار گوند وێران کراون و خەڵکەکەی ئاوارە بوونە[٦٢].

هەمان ڕاپۆرت دەڵێ: بەگوێرەی ڕاپۆرتی فیدراسیۆنی جیهانی مافی مـــــــــرۆڤ لـە پاریس لـە ١٢ /١٩٩٠/-١/١٩٩١ دا ڕایگەیاندووە کەڕاگواستنی چوار شاری کوردستانی عێراق دەستی پێ کردووە. بەگوێرەی هەمان ڕاگەیاندن خەڵکێکی زۆر بێ کار ماونەتەوە. ژمارەی ڕاگوێزراوانیش خۆی لە دوو ملیۆن کەس دەدات[٦٣]. ڕۆژنامەنووس هیلگا گراهام لە نۆیزێرفەری بەریتانی لە ١٩٨٩/٧/٢ دا دەنووسێ: (قەڵادزێی سەد هەزار کەسی وێران کرا، زۆر دڕندانە داری بەرداری دارستانەکانیش هەڵکێشران)[٦٤].

سیاسەتی ڕژێمی عێراق بۆ جێبەجێ کردنی زنجیرە هێرشی ئەنفال پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو، پلانی ڕێکوپێکی بۆ دانرابوو ئەم خۆ ئامادەکردنە پێشەکییەش لە تاوانی جینۆسایددا، وەکو هەر تاوانێکی تر بە (پێشنیاز) پێناسە دەکرێ و ئەو خۆ ئامادەکردنەش، ئەگەرچی درێژە پێدانی سیاسەتێکی کۆنەو پاشتر قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرا، لەگەڵ بەڵگەنامەی نهێنی ڕژێمی عێراقدا جێگیر بووە. هەروەکو (ڤان دیرستویل) نوێنەری تایبەتیUN لە ڕاپۆرتەکانیدا جەختی لەسەر دەکات و دەڵێ کە هێرشەکانی ئەنفال باش نەخشەیان بۆ کێشرابوو، بەبەرنامەوە کە پێشتر وەکو لە(٣٣) سی و سێ برووسکەی ڕژێمدا دەردەکەوێ کە لەیەک ناوچەدا لە نیسانی ١٩٨٨دا جێبەجێ کراون[٦٥].

ڕووداوەکانی ئەنفال، ئەوەندە سەخت و دڕندانە بوون، ئاسەواری بەژیانی گەلی کوردەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێ. بەشێکی زۆری خەڵکی گەرمیان-یان بە (٢٥٠) زیلی عەسکەری بردووە بۆ زیندانەکانی نوگرە سەلمان. یەکێک لەو زیندانییانە دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

(لەچوار زیندانی نوگرە سەلمان (٥,٠٠٠) پێنج هەزار گیراوی خەڵکی گەرمیان بووین، لە ماوەی شەش مانگ و دە ڕۆژدا (١,٧٨٥) هەزار و حەوت سەد و هەشتا و پێنج ژن و پیاو و منداڵ مردن. لەکاتی مردنی هەر زیندانییەکدا، چوار پیاویان بانگ دەکرد بۆ چاڵ هەڵکەندن و ناشتنی بێ شۆردن و بێ کفن کردن. لەدوای چەند ڕۆژ سەگ لاشەی مردووەکانی دەخوارد)[٦٦].

بەڵگەنامەی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ژ. ٢٥١٦٣ لە ١٩٨٨/١٠/٢٩ دا بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ڕوونی دەکاتەوە بە گوێرەی قسەکردنێکی تەلەفۆنی، ئەم کارانە ئەنجام دراون:

١- ٩ تاوانبار، بەگوێرەی بڕیاری (مكتب تنظيم الشمال) ئیعدام کراون.

٢- ١٩ گوناهبار، لەبەر ئەوەی لە دێهاتە قەدەغەکراوەکاندا بوون، بەگوێرەی برووسکەی (أمن تنظيم الشمال) ژمارە (٤٠٠٨) لە ١٩٨٧/٦/٢٠دا /خاڵی ٥/ ئیعدام کراون.

٣- ٦ خێزان کە ژمارەیان ١٨ کەس بوو لە کەسوکاری تاوانباران، بەگوێرەی فەرمانی(مكتب تنظيم الشمال) ئیعدام کراون.

٤- فەرمانی ئیعدامکردنی (٤٧) چل و حەوت گوناهبار لە (رئاسة محكمة الثورة) دەرچووە.

٥- (٢.٥٣٢) دوو هەزار و پێنج سەد و سی و دوو کەس و (١٨٦٩) هەزار و هەشت سەد و شەست و نۆ خێزان کە ژمارەیان (٩٠.٠٣٠) نۆ هەزار و سی کەس بوو لەکاتی ئەنفالەکاندا دەسگیر کراون و ڕەوانەی ئۆردوگای سەربازی کراون لە پارێزگای تەئمیم[٦٧].

لە ٢٥-١٩٨٨/٨/٢٩ فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق کەوتنە کیمیابارانکردنی ناوچەی دهۆک. لە کاتی هێرشەکانی ڕژێمدا لە ناوچەی بادینان، (٤٣٠) چوار سەد و سی خێزان پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوتەکان و لە (گەلی بازێ)دا خۆیان حەشاردابوو (٢٤٧٠) دوو هەزار و چوار سەد و حەفتا کەسیان منداڵ و ئافرەت بوون. لە بەرەبەیانی ١٩٨٨/٨/٢٩ دا شەش فڕۆکەی ڕژێمی عێراق کەوتنە بۆمبابارانکردنی گەلی بازێ بەچەکی کیمیاوی، پاش چەند دەقیقەیەکی تر شەش فڕۆکەی دیکە دووبارە هێرشیان کردەوە سەر گەلی بازێ، ئەنجامیش (٢٩٨٠) دوو هەزار و نۆ سەد و هەشتا کەس شەهید بوون[٦٨].

هێرشەکانی ژڕێمی عێراق، هەر تەنیا مەبەستی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد نەبوو، بەڵکو مەبەست وێرانکردنی کوردستان و چۆڵکردنی لە گەلی کوردیش بوو. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتەش دەبوایە زۆر دڕندانە کاری بۆ بکرایە، هەر وەکو تاوانەکانی ڕژێم دەریان خست. ئالێرەوە مەبەستی جینۆساید وەکو تاوانێکی سەربەخۆ دەردەکەوێ، کە ئەم قۆناغە جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی پلان و نەخشە بۆکێشراوە، هەر وەکو لە گەلێ بڕیار و بەڵگەنامەی نهێنی ڕژێمدا دەردەکەوێ:

١- بڕیاری نهێنی و تایبەتی حیزبی بەعس - لقی زاخۆ - ژمارە

س/ش/٦٦٤ له ١٩٨٧/٦/١٤دا بۆ هەموو ڕێکخراوە حیزبییەکان، کە پشت بە نووسراوی(مکتب تنظیم الشمال ٢٨/ ٢٦٥٠ له ١٩٨٧/٦/٣) دەبەستێ[٦٩].

٢- نامەی فەیلەقی یەک/س ف/ ١٧٢٥ له ١٩٨٧/٦/٢١دا کە پشت بەنامەی (قیادة مکتب تنظیم الشمال س ف/٤٠٠٨ له ١٩٨٧/٦/٢٠) دەبەستێ[٧٠].

٣- نامەی (قیادة مکتب تنظیم الشمال ٢٨/٤٠٠٨ له ١٩٨٧/٦/٢٠) بۆ سەرکردایەتی فەیلەقی یەک و دوو پێنج[٧١]. بەئیمزای (علی حسن مجید)ـەوە لێپرسراوی سەرکردایەتی ڕێکخستنی باکوور و بە مۆری - مجلس قیادة الثورة- ـەوە کۆمیتەی کاروباری باکوور، وێنەی بۆ هەموو پارێزگاکانی کوردستان نێردراوە. لەو بەڵگەنامانەدا بڕیار دراوە دەبێ گوندەکانی کوردستان کە ژیانیان تێدا قەدەغە کراوە، تا ١٩٨٧/٦/٢١ دانیشتوانی کۆبکرێتەوە و له ٦/٢٢ پشەوە:

١- هەموو گوندەکان ناوچەی قەدەغەکراون.

٢- بوونی مرۆڤ و ئاژەڵیش قەدەغەیە لەو ناوچانە.

٣- تەقەو دەسرێژ ئازادە، سوپا بۆی هەیە هەموو جۆرە چەکێک بەکاربهێنێ.

٤- هەموو جۆرە هاتوچۆیەک لەو ناوچانەدا قەدەغەیە.

٥- هیچ جۆرە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەک لەو ناوچانەدا ناکرێ.

٦- سوپا شەو و ڕۆژ ئازادە لە گرتن و کوشتنی هەر زیندەوەرێک (مرۆڤ و ئاژەڵ) لەو ناوچانەدا.

٧- هەر کەسێک لەو ناوچانەدا بێت دەسگیر دەکرێ، ئەوەی تەمەنی له

١٥ ساڵ بەرەو سەرەوە بێ تا ٧٠ ساڵ ئیعدام دەکرێ.

٨- جاشەکان هەر تالانییەک دەکەن بۆ خۆیان دەبێ جگە لە چەکی قورس.

ئاشکرایە کە هەموو بڕیارێکی ڕژێم لە عێراقدا، حوکمی یاسای هەیەو دەبێ جێبەجێ بکرێ. ئەم بڕیاردانەش پێش زنجیرە هێرشی ئەنفال، ڕژێم خۆی بۆ ئامادە کردبوو، ئەوەتا دەبینین لە ١٩٨٧/٦/٣٠ ـەوە(ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق) بەسەرکردایەتی صدام حسین بەبڕیاری ژمارە(٤٥٧) هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکی کشتوکاڵی لە پارێزگاکانی کوردستاندا هەڵوەشاندەوەو هەموو بڕیار و بەڵگەنامەیەکی کشتوکاڵیش هەڵوەشێندرانەوە[٧٢]. لە بڕیاری ژمارە/١١٨٢ لە ١٩٨٨/٨/٢٨ یشدا وەزیری بەرگری بڕیاری وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستانی جێگیر کردووە[٧٣].

ئیتر وێرانکردنی کوردستان دێهات و ناحیەو قەزاکانیشی گرتەوە، لە سەرجەمی ناوچەکانی سەر بەهەولێر و کەرکووک و سلێمانی، لەو هێرش و وێرانکردنەشدا هیچ شتێک نەپارێزراوە، دێهات و ناحیەو قەزاکان بە قوتابخانەو نەخۆشخانەو تیمارگەو مزگەوت و کلێساو مەرقەد و جێگای مێژوویی، تەنانەت لە هەندێ ناوچە گۆڕستانەکانیشی گرتووەتەوە.

یەکێک لەو دەزگا نێودەوڵەتییە دیارانەی هێرشەکانی عێراقیان مەحکوم کرد، پەرلەمانی ئەوروپا بوو، ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٤ لەدژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستانی عێراق، هاتە دەنگ و لەبڕیاری نارەزایی و مەحکومکردنی ئەو تاوانانەدا، ئەندامانی پەرلەمان داوایان لە وڵاتەکانی خۆیان کرد

کە پشتگیری لە گەلی کورد بکەن[٧٤].

لەو ماوەیەی سەردەمی وێرانکردن و کیمیاباران کردنی کوردستان، لەسەر داوای سەرۆکی لیژنەی پەیوەندی دەرەوە لە کۆنگرێسی ئەمریکی، لیژنەیەکی تایبەت کە پێکهاتبوو لە شارەزایانی چەکی کیمیاوی سەردانی ناوچەکانی کوردستانیان کردبوو لە سنووری تورکیاوە، پیتر و. کالبرایت و کریستۆفر ڤان هولین لە١٢/٩/١٩٨٨ لە راپۆرتی خۆیاندا دەڵێن:

بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی سەدان هەزار دەبن. حکومەتی عێراق بە سیاسەتێکی سەربازییەوە ئالاوە بەمەبەستی چۆڵکردنی کوردستانی عێراق لە دانیشتوانی، ئەو سیاسەتەش بریتییە لە:

١- وێرانکردنی گوند و شارەکانی کوردستان.

٢- راگواستنی هاووڵاتییە کوردەکان و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگاکاندا، تاکو کۆنترۆڵی سەربازی بکرێن.

٣- دوورخستنەوەی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان.

٤- بەکارهێنانی تاکتیکی تۆقاندن، بەتایبەتیش بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆ وەدەرنانی خەڵکی و چۆڵکردنی ناوچەکانیان، ئەنجامی ئەم سیاسەتەش گۆڕینی تایبەتمەندی نەتەوەیی و کەلتووری کوردی و نەهێشتنی جۆری ئاسایی ئەو ژیانەیە کە چەندین سەدەیە لەسەری راهاتوون[٧٥].

لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بڕیاری ژمارە (٢٧٦٣-٥)، دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید لە ١٩٨٨ دەرچوو، ئەو بڕیارە رەفتاری عێراق لە کوردستان بەجینۆساید پێناسە دەکات[٧٦].

کوردستانی بەعێراقەوە لکێندراو پانتایی (٨٦,٠٠٠ کم٢) هەشتاو

شـەش هەزار کـیلۆمـەتری چوارگۆشـەیە، ڕژێمی عێـراق تـا کـۆتایی ١٩٨٨ ئەو خـەڵکەی کـە لەکـوردسـتـان مـابوونـەوە لە پانتـایی(٧,٧٢٩ کم٢) کـــەمـــارۆی دابوون واتـە (٧٨,٢٧١ کم٢) لە کـــوردســـتـــان دابڕیبوو[٧٧].

بۆنموونە، ئەگەر ئامارێکی ئەو وێرانکارییانەی پارێزگای کەرکووک بکەین، دەبینین وێرانکارییەکە ئەوەندە بەرفراوانە بەجارێک سیمای ناوچەکان دەگۆڕێ و لە ناوچەی ئاوەدان و بەرهەمدارەوە دەبێتە، یەک پارچە وێرانەو بێ ژیان کە لە ئەنجامی ئەو تاوانکارییانەدا تابلۆیەکی ترسناک بەم جۆرە دێتە بەرچاو:

١- (٧٨١) حـەوت سـەد و هەشـتـاو یەک گوند سـووتێنران و وێران کران.

٢- (٦) شـەش ناحیـە وێران کراون: قـادر کەرەم، ئەوجـول، سـەنگاو، ڕێدار، تیلەکۆ، ئاغجەلەر.

٣- (٣٩,١٧٨) سی و نۆ هەزار و سـەد و حـەفـتـاو هەشت خـانوویەرە ڕووخێنراون.

٤- (٤٥,٧٧٧) چل و پێنج هەزار و حـەوت سـەد و حـەفـتـاو حـەوت خێزان ئاوارەو بەند و بێ سەروشوێن و هەڵاتوون.

٥- (٢٢٨,٨٨٥) دوو سـەد و بیست و هەشت هەزار و هەشت سـەد و هەشتاو پێنج کەس ئاوارەو بەند و بێ سەروشوێن و هەڵاتوون.

٦- (٣٨١) سێ سەد و هەشتاو یەک قوتابخانە، (٦٥٧) شەش سەد و پەنجـاو حەوت مـزگەوت و(٦٩) شـەست و نۆ نەخـۆشـخـانە وێران کراون.

٧- (٥٢) پەنجـاو دوو عـەمـاراو و مـەکینەی ئاو هەڵگوێز، (٤٢) چل و

دوو فابریکەی مریشک، (٧٥) حەفتاو پێنج مەکینەی ئاش و (١٣٥) سەد و سی و پێنج کارێزو ئەستێل، تەقێنراونەتەوە.

٨- (١٥٧) سەد و پەنجاو حەوت تەکییە و خانەقاو شوێنەواری ئاینی وێران کراون.

٩- (١,٤٣٥) هەزار و چوار سەد و سی و پێنج ڕەز و باخات سووتێنراون و وێران کراون.

١٠- (١٧,٢٠٠) حەڤدە هەزار و دووسەد دەزگای تراکتۆر و ماشینی هەمەجۆر سووتێنراون و تالآن کراون.

١١- (٤٧٢,٧٧٠) چوارسەد و حەفتاو دوو هەزار و حەوت سەد و حەفتا سەر مەڕو بزن تالآن کراون و فەوتێنراون.

١٢- (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار سەر ڕەشە وڵاخ تالآن کراون و فەوتێنراون.

١٣- (٥٧٠,٠٠٠) پێنج سەد و حەفتا هەزار تەن گەنم و جۆ و دانەوێڵە سووتێنراون و فەوتێنراون[٧٨].

لە پارێزگای دهۆکیش لەساڵی ١٩٨٥ـەوە تا ١٩٨٧، (١٥٠) سەد و پەنجا گوند وێران کراون. لە کاتی ئەنفالەکانیشدا لە ٨/٢٥-١٩٨٨/٩/١٥ وێرانکردنەکە بەم جۆرە بوو:

١- (٢٣٣) دووسەد و سی و سێ گوند لە ئامێدی.

٢- (٣٥) سی و پێنج گوند لە ئاکرێ.

٣- (١٩) نۆزدە گوند لە شێخان.

٤- (١٠٠) سەد گوند لە زاخۆ.

٥- (٦٣) شەست و سێ گوند لە دهۆک[٧٩].

سیاسەتی جینۆساید لەدژی گەلی کورد، ئەوەنەبێ هەر لە سنووری

عێراقدا جێبەجێ بکرێ، بەهەموو لایەکدا پەلی هاویشتووە، ئەو خەڵکەی لەبەر هێرشی کیمیاوی و وێرانکردنی ناوچەکانیان پەنایان بردبووە بەر تورکیا و لەوێ ببوونە پەنابەندە، لەوێش لە ئۆردوگای پەنابەندەییدا، ڕژێمی عێراق هەوڵی بە کۆمەڵ کوشتنی داون، ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٨ لە ئۆردوگای ماردین، بەهۆی بەکرێگیراوانی عێراقەوە، نانی ژەهراوی دابەش کرا بەسەر پەنابەرەکاندا، بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی کاریگەریتی نانە ژەهراوییەکە ئاشکرابوو. بەکۆمەڵ منداڵ و ژن و پیاو نەخۆش کەوتن، تا ١٩٨٩/٦/١١ ژمارەی نەخۆشەکان گەیشتە ٣،٠٠٠ سێ هەزار کەس، نەخۆشییەکان بریتی بوون لە هەناسەسواری، لەش خوران، چاوئاوسان، سەرگێژبوون، لەرز لێهاتن و ئیفلیج بوون(٨٠). ڕێکخراوی Helsinki watch لە مانگی ١٩٩٠/٦ لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی تورکیا باسی مەینەتی و ناخۆشی ژیانی کورد دەکات. هەر لەوێشدا وتراوە کە لە ئۆردوگای قزڵ تەپە و ماردین (٢،٠٠٠) دوو هەزار کەس بەهۆی نانی ژەهراوییەوە دەرمان خوارد کراون، ژەهرەکەش کاری لە دەمار و لەشی نەخۆشەکان کردووە. بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت لە ئۆردوگای دیاربەکریش، ١٩٩٠/١/١، (١،٧٠٠) هەزار و حەوت سەد کەس دەرمان خوارد کراون(٨١). ڕێکخراوی Amnesty Internationa لە لەندەن، لە ١٩٨٨/١/١٣ لە ڕاپۆرتی خۆیدا، ڕژێمی عێراقی بە بەکارهێنانی ژەهری سالیوم لەدژی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن تاوانبار کردووە(٨٢). دیارە بەکارهێنانی ژەهر، ئەگەر بۆ کەسانی دیاریکراویش بێت، لەناو خواردندا، لەگەڵ ئەوەی کە خۆی کارێکی تاوان و قەدەغەیە، وەک تریش خەڵکێکی زۆر دەگرێتەوە، چونکە هەر مەبەست لە بەکارهێنانەکە تاوانێکی نائاسایی و کۆمەڵ کوژە.

وەکو لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا ڕوونمان کردەوە، لە بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید، وەکو لە خاڵی دووەمیدا دیاری کراوە، مەرج نییە تاوانی جینۆساید، هەر ڕاستەوخۆ کوشتنی بەدەنی -فیزیکی-بێ، بەڵکو (زیان گەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە) هەر لە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایددایە. سەرباری ئەوەش، ژەهر دەبێتە هۆی پەککەستن یا ئیفلیج بوونی ئەندامانی لەش، دیارە چ بۆ پیاو یا ئافرەت ڕەنگە کار لە ئەندامانی زاووزێ بکات، چ بەپەک خستنیان یا شێواندنی ئەندامانی لەش و بیر و دەماری منداڵەکانیان، کە ئەمە دەچێتە خانەی جینۆسایدی بایۆلۆژییەوە.

ئەنجومەنی ئاسایشی UN، ١٩٨٨/٥/٩ بڕیاری ژمارە (٦١٢)ی بە مەحکوم کردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەرکرد. ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ناوی عێراق نەهاتووە، بەڵام کاتی ئەو بڕیارە پەیوەندی بە عێراقیشەوە هەیە کە ئەو سەردەمە بەفراوانی گازی کیمیاوی لە کوردستان و لە شەڕی عێراق-ئێرانیشدا بەکار دەهێنا[٨٣].

٢٨ ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا لە کۆتایی ١٩٨٨دا نامەیەکی نارەزاییان دەربارەی شاڵاوی ڕاگواستن لە کوردستان بەهۆی سەفارەتی عێراق لە واشنتۆن ئاراستەی صدام حسین کردووە. لەو نامەیەدا دەڵێن: (بەسەدان هەزار کورد لە باکووری وڵاتەکەتان لە ماڵ و گوندی خۆیان ڕاگوێزراون، بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە ئاگادارەکان ئەم هەڵوێستە لەپاش ئەوە ئەنجام دەدرێ کە هەمان ناوچە ساڵی پار وەبەر هێرشی چەکی کیمیاوی کەوتبوو. ئەم ڕاگواستنە پێشێل کردنێکی ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤن). هەروەها ئەندامانی پەرلەمانی

ئەمریکی لە نامەکەیاندا داوا دەکەن: (دەستبەجێ ئەم سیاسەتە ڕاگرن و ڕژێمی عێراق بەڵێنێکی هەمیشەیی بدات کە ڕێز لە مافەکانی گەلی کورد دەگرێ و دەپارێزێ)[٨٤]. هەر لەدوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە، ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی نامەیەکیان نارد بۆ خاڤییر پێرێس دیکویلار–ی سکرتێری UN، داوایان لە UN کردبوو کە بەر لەو جۆرە کارانە بگیرێ[٨٥].

بەرەی کوردستانی عێراق ١٩٨٩/٢/٢٤ یاداشتنامەیەکی ئاڕاستەی لیژنەی مافی مرۆڤ UN کردووە، گەلێ فاکتی تاوانی جینۆساید لەوێدا ڕوون کراوەتەوە. لیستی ئیعدام کراوانی ساڵی ١٩٨٨، (١٤٦) سەد و چل و شەش قوربانی چەکی کیمیاوی، لیستی قوربانییانی ئەنفال و کیمیاوی لە ١٩٨٨/٨/٢٥ـەوە، ناوی (٧٢٤) حەوت سەد و بیست و چوار گوند و شارۆچکەی وێرانکراوی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووک لە مانگی ئازار و نیسانی ١٩٨٨دا، ناوی (٤٤٨) چوارسەد و چل و هەشت گوندی وێرانکراوی ناوچەی دهۆک و موسڵ لە کۆتایی مانگی ئاب و سەرەتای مانگی ئەیلولی ١٩٨٨دا، ڕوونکردنەوەی وەزعی ئاوارە بووان، وێنەی دێهاتە وێرانکراوەکان و کاسێتی ڤیدیۆ دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە لە ئازاری ١٩٨٨دا[٨٦].

لەو یاداشتنامەیەدا هەندێ لە تاوانەکانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٨٨دا بەم جۆرە دیاری کراوە:

١- گرتنی (٧,٤٠٧) حەوت هەزار و چوار سەد و حەوت ئافرەتی ناوچەی زەنگەنە و جەباری و سەنگاو و بەندکردنیان لە قەزای دوبز–سەر بە کەرکووک.

٢- گــرتنی (٥،٦٠٠) پێنج هـەزار و شــەش ســـەد ئافــرەتی تر و بەندکردنیان لە ناوچەی یایچی-کەرکووک.

٣- گرتنی (٤،٥٦٠) چوار هەزار و پێنج سەد و شەست منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا.

٤- گــرتنی(٧،٦٤٠) حــەوت هـەزار و شــەش ســـەد و چل کــەس و سەرنگوون کردنیان.

٥- سووکایەتی کردن بە ڕەوشت و کەرامەت و ئازاردانی ئافرەتان.

بەگوێرەی یاداشتنامـەکەی بەرەی کوردستـانی، وا زانراوە، ئەو منداڵانەی تەمـەنیـان لە شـەش مـانگ تـا ســاڵێکە، ڕژێم بەخـەڵکی دەیانفرۆشێتەوە، هەر منداڵی بە(٥٠) دینار. هـەروەها یاداشتنامەکە دەڵێ، کـە لە ناوچەکانی کەرکـووک و سلێمـانی لە ئازار و نیـسـانی ١٩٨٨دا، (٤٠،٠٠٠) چل هەزار خێـزان گیـراون، (١٦،٠٠٠) شـانزە هەزاریان لە زیندانەکانی ڕژێمدان[٨٧]. یەکێک لەو بەڵگەنامـانەی کە ڕاست و ڕەوان سیاسـەتی ڕژێم ڕوون دەکـاتەوە لە دژی گەلی کـورد، جـیـاوازی نەکـردنە لە نێـوان خـەڵکی مـەدەنی و خـەڵکی چەکـداری بزووتنـەوەی کـورددا. بەگـوێرەی نـاوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامـەیە، خـەڵکی مــەدەنیش دەبێ ئیـعـدام بکرێن، سـەیر لەوەدایە خـەڵکی بریـنداری مــەدەنیش بەتایبـەت دیاری کـراوە کـە دەبێ ئیـعـدام بکرێن. هـیچ یاسایەک نە زەمینی نە ئاسمانی، ئەم سیاسەتەی بۆ قووت ناچێ!

نووســـراوی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هـەڵەبجـــە ژمـــارە/٢٣٢٤ لە١٩٨٧/٥/١٤دا بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی دەڵێ:

" أعلمتا معاونية أمن حلبجة ببرقيتها: ٢٨٥٨ في ١٩٨٧/٥/١٤ بأنه اعلمتهم آمرية الجحفل الوطني الخامس ببرقيتها ٦٤٥ في ١٩٨٧/٥/١٣

مايلي: بأنه امر السيد قائد الفيلق الاول بايعاز من الرفيق علي حسن المجيد اعدام الجرحى المدنيين بعد التأكد من المنظمة الحزبية ودائرة الامن والشرطة ومركز الاستخبارات مناوئتهم للسلطة...»(٨٨).

بەگوێرەی ئەو نووسراوە، بە فەرمانی علی حسن المجید، بریندارە مەدەنییەکان لەدوای ئەوەی لە ڕێکخراوی حیزبی و دایەرەی ئەمن و پۆلیس و ئیستیخباراتەوە دیاری بکرێ لە دژی ڕژێمن، ئەوا دەبێ ئیعدام بکرێن. لەلایەکی ترەوە نەک هەر کەسانی مەدەنی ئەگەر خۆشیان بەرژێمدا نەیەت ئیعدام دەکرێن، بەڵکو جیاوازیش نییە لەلای ڕژێم لەنێوان کەسێک کە خۆی کارێکی کردبێ و کەسێکی تری خزمی یا نزیکی ئەو کەسە، ئەگەر ئاگاداریش نەبێ، تەنانەت ئافرەت و منداڵیش لەو سیاسەتە دەرناهاوێژرێن و بەردەکەون. لە نووسراوی نهێنی و تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی حوکمی زاتییەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر ژمارە /٥٥٨٥ لە ١٦/٤/١٩٨٨دا دیار و ئاشکرا، علی حسن المجید دەڵێ: (ئەگەر خێزانەکەی خۆی تەسلیم کردووە یا گەڕایەوە مانگانە وەربگرێ، پێویستە دوای بکەون بۆ نەهێشتنی ڕەچەڵەکی ئەو پیسە)(٨٩). دواکەوتنیش بۆ نەهێشتنی ڕەچەڵەک فەوتاندنی یەکجارەکییە، با ئەوەش بڵێین. لە دەقە عەرەبییەکەدا تەنیا مەبەست لە ژنی کابرا نییە بەڵکو سەرجەمی ئەندامانی خێزانەکەیە، چونکی بە"کۆ" دەنووسێ، وەکو دەقی نووسراوەکە دەڵێ: (... من الضروري متابعتهم لقطع نسل هذا القذر).

دیسانەوە نووسراوی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ژمارە /١٧٩٨٠ لە ٢٥/٥/١٩٨٧ دا بۆ ئەمنی ناوچەی تۆتۆنۆمی، بەناو ئەوە دیارکراوە، نەک هەر ئەوانەی لە چالاکییەکی دژی ڕژێمدا بەشدار

بوونه، بەڵکو دایک و باوکیش لەگەڵ خۆیاندا ئیعدام کراون(٩٠).

نامـەیەکی تری نهـێنی (مكتب تنظيم الشـمـال) ژمـاره/ ٤٣٥٠ له ١٩٨٧/٩/٧دا، ئەوە ڕوون دەکـــاتـەوە لە کـــۆبوونـەوەی ٩/٦دا بـه سەرپەرشتی علی حسن المجيد جەخت لەسەر بەدەرنانی خێزان و کەس و کـاری "ئاژاوەچییـەکـان!" دەکـات، تەنیـا ئەو پیـاوانەی کـه تەمـەنیـان لە ١٢-٥٠ سـاڵە دەگـیرێن. لەهەمـان نامـەدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە هەر خێزانێک ئەگەر کەسێکیان لە شەڕدا لێ کوژراوە (مەبەست لە شەڕی عێراق - ئێرانە)، یا دیل بووە، یا فەوتاوە، ئەوا ئەو خێزانە تەنیا دایک و کوڕەکانی بەدەردەنرێن(٩١). ئەمە گوایە ڕەحم بەو خێزانانە کراوە کە کەسێکیـان لە پێناو بەعسدا فەوتاوە، دایک و کوڕەکانی ئاوارە دەکرێن و کوڕەکانی ناگیرێن! علی حسن المجيد، حاکمی دەسەڵاتداری بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنراو قسەو ڕەفتـاری یاسـایەک بوون کەس نەیدەتوانی جێبەجێیـان نەکـات. لە کۆبوونەوەی ١٩٨٩/٤/١٥دا دەڵێ: (نحن احرار في ان نحرم المواطنين من دخول مكان (س) ونعلنه مكانا محظورا او لانحرم المدن)(٩٢). واتە: (ئێمە ئازادین لەوەی کە هاووڵاتیان قەدەغە بکەین نەچنە جێگای (س) و ڕای بگەیێنین کـە شـوێنێکی قـەدەغـەکـراوە یان ئازادین لەوەی ناو شارەکان قەدەغە نەکەین).

جینۆسـاید، کارێکی وای کردووە بەهەزاران کەس ئاوارەبن، ژمارەی ئاوارەکانی کوردستانی بەعێراقەوە لکێنراو کە لەئۆردوگای ئێراندا پەنابەرن تـا سـاڵی ١٩٨٩ خۆی لـە (٣٩٨,٣٨٢) سێ سـەد و هەشـتـاو دوو هەزار و سێ سەد و نەوەت و هەشت کەس دەدات(٩٣).

ئەمە جگەلەوەی بەهەزاران کەس لە تورکیا و ئێران و پاکستان و

وڵاتە ئەوروپییەکان و ئەمریکا و کەنەدا بوونەتە پەناهەندە و بڵاوبوونەتەوە. بەگوێرەی زانیاری سەرچاوەکانی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٨٨، لەکوردستانی بەعێراقەوە لکێندراو، ژمارەی قوربانییان بەلای کەمەوە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دەبێ(٩٤).

لیژنەی داکۆکیکردن لە کەمە نەتەوەییەکان لە UN لە کۆنگرەی مانگی ٨ و ١٩٨٨/٩دا جنێف لە وەزعی مافی مرۆڤی کۆڵییەوە لە وڵاتانی دونیادا، نوێنەری هۆڵەندا تیۆدۆر بۆڤن- Thodor Boven لەباسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەتایبەتیش بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی کورد لە عێراق، داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کرد لەرێگای UNـەوە کە بەر بەعێراق بگرن لەو ڕەفتارە نامرۆڤانەیدا. نوێنەری چەند وڵاتێکی تریش باسی وێرانکردنی کوردستان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بەکۆمەڵ ئیعدامکردنی خەڵکی کوردستانیان کرد. ئەنجام ناوی عێراق خرایە لیستی ئەو وڵاتانەوە کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن. دەبوایە ١٩٨٨/٩/١ بەیاننامەیەک دەرچووایە لەدژی عێراق بەڵام نوێنەری مەغریب بەبیانووی ئەوەی ئەو بەیانە دەبێتە هۆی تێکچوونی گفتوگۆی نێوان عێراق و ئێران لە جنێف لەدژی ئەو بڕیارە وەستایەوە. پانزە وڵاتی تریش پشتگیری نوێنەری مەغریبیان کرد و داکۆکییان لە عێراق کرد، بەبێ گوێدانە قڕکردنی کورد و وێرانکردنی وڵاتەکەی. لەو وڵاتانەش کە پشتگیری مەغریبیان کرد (ئۆردن، جەزائیر، چین، یەکێتی سۆڤێت، سۆماڵ، یۆگسلافیا، ڕۆمانیا، کوبا، ژاپۆن... هتد)(٩٥).

مەسەلەی پشتگیری کردنی مافی مرۆڤ، پەیوەندی بەسیاسەتی وڵاتانەوە هەیە، خۆ هەر ئەمریکا لەبەرئەوەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا

باش بوو، ساڵی ١٩٨٢ ناوی عێراقی لەلیستی ئەو وڵاتانە دەرهاوێشت کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن[٩٦].

کەواتە لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەی لە ستانداردی جیهانیدا هەیە لە پاراستنی مافی مرۆڤ لە جێبەجێ کردندا بەرژەوەندی وڵاتانی جیهان دەور دەبینێت لە میکانیزمی جێبەجێ کردنی پرنسیپ و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتاندا.

لە ٣٠/١-١٠/٣/١٩٨٩ لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە UN لەدەورەی ٤٥ هەمیندا، چەند ڕێکخراوێکی جیهانی داوای داکۆکی کردنیان لە گەلی کورد کرد کە سیاسەتی جینۆسایدی لەدژ ڕەفتار دەکرێت لەعێراق بەتایبەتیش باسی گرتن و ئازاردان و ئیعدامکردنی منداڵان جەختی لەسەر کرا. ڕێکخراوی Amnesty International داوای لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ کرد کە هەموو هەوڵێک بدات بۆ پاراستنی منداڵان و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ لە عێراقدا[٩٧].

١٤/٥/١٩٩٠ دەزگاکانی ڕژێم لە سلێمانی وەفاتنامەی ١٥٠ کەسی ئیعدامکراویان دایەوە خاوەنەکانیان و داوایان لێ کردن کە نابێ تەعزێ دابنێن و لە هۆی مردن و جێگەی ناشتنی کورەکانیان بپرسن[٩٨].

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە تەلگرامێکدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی UN لە نیویۆرک لە ٧/١٢/١٩٩١دا دەربارەی نارەزایی خەڵکی کە مانیان گرتووە لە نان خواردن لە سلێمانی لەدژی سیاسەتی ڕژێمی عێراق و گەمارۆی ئابووری کوردستان دەدوێ. تەلگرامەکە داوای ئازادی تەواو بۆ کوردستان دەکات، کە چیتر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقی بەسەرەوە نەمێنێت[٩٩].

راپۆرتێکی کۆمەڵەی گشتی UN لە ١٩٩٠/٥/٤ لەسەر عێراق باس لە تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دەکات بەتایبەتیش ڕاگواستنی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەسی دێهاتەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە دیاری دەکا و دەڵێ:

(حکوومەتی عێراق لە حوزەیرانی ١٩٨٩دا ڕایگەیاندووە کە ناوچەیەکی بەتاڵ و بێ مرۆڤ پێک دێنێ)، هەروەها ڕاپۆرتەکە جۆری سیاسەت و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق ڕوون دەکاتەوە[١٠٠].

لەکاتی ڕاپەڕینەکانی جەماوەری کوردستان، لە ساڵی ١٩٩١دا، ڕژێمی فاشی عێراق، کۆنترۆڵی لەدەست دا و جەماوەر دەستی بەسەر دام و دەزگاکانی ڕژێمدا گرت، بەتایبەتی دایەرەو زیندانە سامناکەکانی ئەمن و موخابەرات و ئیستیخبارات. دەرگای زیندانەکانیان شکاند و خەڵکی کۆت و پێوەند کراو ئازاد کران، بەڵگەنامە و دۆکومێنتە نهێنییەکانی ڕژێم کەوتنە دەست گەل و بەڵگەی تاوانی جینۆسایدی کە پێشتر لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینرا، ئیتر بە نووسراو و بەکاسێت دەردەکەوتن. لەوانە (٣٠) سی تەن بەڵگەنامە، کاسێتی ڤیدیۆ و وێنە، لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کوردەوە، ڕەوانەی ئەمریکا کران[١٠١].

بەگوێرەی ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ لە E/CN.4/ 1993/ 31, UN خاڵی ٩٧/ -١٠٣/ جینۆساید لەدژی گەلی کورد پراکتیکە کراوە، هەروەها ڕاپۆرتێکی تری لیژنەی مافی مرۆڤ E/CN. 4/ 1993/ 45 جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە (١٤) چواردە تەن لەو بەڵگەنامانەی لە دەزگاکانی ڕژێمدا گیراون، بەڵگەی تەواوی تاوانی جینۆسایدن لە کوردستان لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨[١٠٢]. دوای هەرەسهێنانی ڕژێم،

لەدوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، ئەو جێگایانەی کە لە خەڵکی قەدەغە کرابوون و لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدا بوون، جەماوەری کوردستان توانییان بچنە سەر ئەو شوێنانە و گەلێ نهێنی ئاشکرا بکەن. لەگەلێ ناوچەی کوردستاندا گۆڕستانی بەکۆمەڵ و چاڵە مەیت دۆزرانەوە، کە ڕژێمی فاشی عێراق بەکۆمەڵ خەڵکی کوشتوومو چاڵی بۆ هەڵکەندوون و بەکۆمەڵ شاردوونییەوە. لە ئەیلولی ١٩٩١دا لەنزیک ڕێگای هەولێر-مەخموور جەماوەری هەولێر گۆڕستانێکیان دۆزییەوە کە چواردەوری تەلبەند کرابوو، (١,٥٠٠) هەزار و پێنج سەد لاشەی تێدا بوو، لە پیاو و ئافرەت و منداڵ، چەندین خێزانی تێدا بوو کە هەر هەموویان لەوێدا نێژرابوون[١٠٣].

ڕۆژی ١٩٩١/١٠/٢٧ گۆڕێکی بە کۆمەڵ مرۆڤ تێدا نێژراو، لەسەر ڕێگای موسڵ - دهۆک دۆزرایەوە کە تەرمی(٧٠) حەفتا کەسی تێدا بوو، هەندێکیان ژن و منداڵ بوون. چاڵێکی ٣ مەتری بە بەرزایی ٦ مەتر گڵی بەسەردا کرابوو، بەگوێرەی ئەو ئامێرە پزیشکییانەی لەناو گۆڕەکەدا دۆزرانەوە، دیارە کاربەدەستانی ڕژێمی عێراق خوێنیان دەرهێناون پاشان هەموویان بەکۆمەڵ کوشتوون[١٠٤].

لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا لە شوێنی سەربازگەی سارداو، لەنزیک سلێمانی، گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە. ئەوانە لە ١٩٨٥/١٠/١٧ گیرابوون و ڕۆژی دوایی واتە ١٩٨٥/١٠/١٨ لە گۆڕەپانی نالی لەناو شاری سلێمانیدا ئیعدام کرابوون[١٠٥]. هەر لە نزیک سلێمانی لە کۆتایی هاوینی ١٩٩٤دا، گۆڕستانێکی شەهیدانی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ دۆزرایەوە کە تەرمی(٤٤) چل و چوار ژن و پیاو و منداڵی تێدا بوو[١٠٦].

کارێکی تری سیاسەتی جینۆساید لەدژی گەلی کورد، مین چاندنە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەبێ جیاوازی مرۆڤ و ئاژەڵیش بەرکەوێ، ئەنجامەکەیشی مردن، سەقەت کردن و پەککەوتنی مرۆڤە لەبەردەوامبوونی ژیان، پەککەوتن لەبەرهەمهێنان، پەککەوتن لەزیادبوونی وەچەی مرۆڤ، دروست کردنی ترس و ڕاڕایی لەناو خەڵکیدا، تا لەو ناوچانەدا نەژین. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی UN، بە ملیۆنان مین لە ناوچەکانی کوردستاندا چێندرابوون، تەنیا لە شاری سلێمانی لە مانگی ئازارەوە تا ئەیلولی ١٩٩١ لە نەخۆشخانەکاندا (١،٦٥٢) هەزار و شەش سەد و پەنجاو دوو برینداری مین هەبوون. ئەو مینانە بەبێ نەخشەی دابەشکردن و بەبێ دیاریکردنی جێگاکانیان لەو ناوچانەشدا کە خەڵکی مەدەنی تێدا دەژین و تەنانەت دووریش بوون لە سنووری شەڕی عێراق-ئێرانەوە دانرابوون، بەجۆرێکی وایش، بەکەرەسەی ئاسایی نەدۆزرانەوە، بۆیە ئەنجامەکەی هەزاران قوربانی و خەڵکێکی زۆر پەککەوتەو سەقەتبوو مانەوە(١٠٧).

تاوانی جینۆساید، وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە، لە گەڵێ بەڵگەنامەی ڕژێمی فاشی عێراقدا جێگیر کراوە. علي حسن المجيد، سەرپەرشتکاری ڕەسمی هێرشەکانی ڕژێم لە کوردستاندا، لە کاسێتێکدا دەڵێ: (تەنیا ڕێگە بۆ ئازادکردنی خێزانی بەند و گیراوە کوردەکان، زیندەبەچاڵ کردنیانە)(١٠٨).

لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی دهۆک ژمارە/٤٨ لە ١٩٩١/٣/٦دا لەخاڵی ٣/ و ٤/دا داوای کۆنترۆڵکردنی شاری دهۆک دەکات لەکاتی کۆبوونەوە یا ڕاپەڕینی جەماوەردا، بەو مەرجەی کە

سوپا بەکاربهێنرێ و گەمارۆی خەڵکەکە بدرێ و چاودێری بکرێن. لە هەمان نووسراودا فەرمان دراوە کە ٩٥٪ی بەشدارانی ئەو کۆڕو کۆبوونەوە یا خۆپیشاندانانە ئیعدام بکرێن و ٥٪ی بۆ وەرگرتنی زانیاری بهێڵرێنەوە[١٠٩].

لیژنەی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەز لە UN لە کۆبوونەوەی چواردەهەمینی خۆیدا لەجنێڤ لە ٥-١٩٩١/٨/٢٣، داوای لە نوێنەری عێراق کرد کە وەزعی کورد لە عێراق و ژمارەی ئەو کوردانەی لەکاتی جەنگی عێراق-ئێراندا ڕایان کردووە ڕوون بکاتەوە، هەروەها لیژنەکە داوای کرد کە نوێنەری عێراق باسی پاراستنی ماڵ و سامان و ژیانی کورد بکات و باسی ئەو توند و تیژییەش بکات کە لە دژی کورد و شیعەکان بەکاردەهێنرێ. لە ئەنجامدا، نوێنەری عێراق ڕایگەیاند کە وەفدی عێراق ناتوانێ وەڵامی پرسیاری سیاسی بداتەوە..![١١٠].

لەدوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ـەوە کە ڕژێم کۆنترۆڵی لەدەست دا و لە زۆربەری ناوچەکان کشایەوە، ئیتر گەمارۆیەکی نابووری خستە سەر کوردستان و ڕێگە بەکەرەسەو پێویستییەکانی ژیان نەدرا کە بگەنە کوردستان. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتەش هەموو جۆرە ڕێگایەک دەگرێتە بەر. تاوانێکی سەیر و تەواو فاشییانەی ڕژێم ئەوەبوو ڕۆژی ١٩٩٢/٤/١٥، چەند مناڵێکی لە سەیتەرەی کەرکووک-سلێمانی گرت، کە شتومەک و خواردنیان پێ بوو، سەرباری گرتنەکە ئەو مناڵانەیان لە حەوزی بەنزین هەڵکێشا[١١١].

پەرلەمانی ئەورووپی، لە بڕیارێکی تایبەتدا دەربارەی مافەکانی گەلی کورد کە لە ١٩٩٢/٦/١٢ دا بڵاوی کردووەتەوە:

١- پشت بە بەڵگەنامەکانی پێشووی خۆی و بەڵگەنامەکانی

نێونەتەوەیی دەبەستێ و گەمارۆی ئابووری لەدژی گەلی کورد مەحکوم دەکات.

٢- داوا لە ١٢ وڵاتی ئەورووپا دەکات کە هەوڵی بەپەلە بدەن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی UN لە عێراق.

٣- داوا لە UNو وڵاتانی کۆمەڵەی ئەورووپی دەکات کە چاودێری لەمافی گەلی کورد لەئاستی نێونەتەوەییدا بکەن.

٤- داوا دەکات کە چاودێرانی UN لە عێراقدا بەردەوام بن کە بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی UN، زۆنی ئاسایش-یان پێک هێناوە.

٥- یارمەتی کورد و شیعەکان بدرێ لەڕووی مرۆییەوە.

٦- لە مەسەلەی ئەو مینانە بکۆڵدرێتەوە کە عێراق لەدژی خەڵکی مەدەنی چاندوونی[١١٢].

ئەو فاکتانەی کە خستمانە ڕوو بەشێکن لە سیاسەتی جینۆسایدی ڕژێمی عێراق لەدژی گەلی کورد، ئاماژە کردن بەو ڕووداوانەو ئەو بەڵگە جیهانییانە دەمان گەیەننە ئەو ئەنجامەی کە؛

١- کوشتاری بەدەنی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان کراوە، بەئیعدامکردن، گوللەباران کردن، بەکارهێنانی ئامرازی جەنگ، بەتایبەتیش چەکی قڕکەری کیمیاوی و ژەهر.

٢- کوردستان وێران کراوە و دانیشتوانی بەکۆمەڵ ڕاگوێزراون.

٣- کوردستان لە مرۆڤ و ئاژەڵ قەدەغە کراوە و سیاسەتی تەعریب کردنیش بەڕنامەرێژ کراوە.

٤- وێرانکردنی دێهاتەکان و جێگە دێرین و مێژووییەکان، بووەتە هۆی فەوتاندنی کەلتووری نەتەوەیی.

٥- ئابووری کوردستان وێران کراوەو گەمارۆی ئابووریش خراوەتە سەر گەلی کورد.

٦- بار و زرووفێکی تایبەت و سەخت دروست کراوە، بەتایبەتیش دروستکردنی ئۆردوگاری زۆرەملێ و گەمارۆدانی خەڵکێکی زۆر لەو شوێنانە وەزعێکی ناثارامی لەو ئۆردوگایانەو لە تەلبەندەکاندا لەنێوان ڕاگوێزراوەکاندا دروست کردووە، کە بووەتە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی خەڵکی.

٧- کەلتوور و شارستانییەتی کورد وێران کراوەو سیماو خەسڵەتی نەتەوەیی لە کوردستان شێوێندراوە.

٨- پیاو و ئافرەتان لەیەک دابڕێندراون، هەروەها منداڵانیش لەدایکان، بەتایبەتی لەماوەی ئەنفالەکاندا.

پێویستە ئەوە بڵێین، لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی جینۆساید، نەخشەی درێژخایان کێشراوە و جیاوازیش نەکراوە لەنێوان خەڵکی مەدەنی و کەسانی چەکداری بزووتنەوەی کورددا، هەر بۆیەش لەگەڵ ڕاگواستن و وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستاندا، تاڵان کراوە، خەڵکێکی زۆر بێ سەر و شوێن کراون، بەمناڵ و ئافرەتیشەوە، کانیاوەکان پڕکراونەتەوە، داری بەردار سووتێنراون و ژەهرڕێژ کراون. دەغڵ و دان و باخ و بێستان سووتێنراون، ژینگە وێران کراوەو لەوتێندراوە، ئۆردوگای زۆرەملێ دروست کراون و خەڵکەکەی لەژیانێکی سەخت_دا ژیاون، ئەنجامی گەلێ خراپی دروست کردووە، شێتی، تێکچوون، دزی کردن، بێ ئیشی، تاوانکاری، بێ نامووسی، خۆفرۆشی، دروستبوونی وەزعێکی نائاسایی کە بووە بەهۆی تێکچوونی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی جاران و لەدەستدانی کەلتووری

فاكتی تاوانی جینۆساید له ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان

له كوردستانی بن ده‌ستی ئێراندا، گه‌لی كورد مافی نه‌ته‌وه‌یی لێ قه‌ده‌غه كراوه و به‌ر شاڵاوی سیاسه‌تێكی كۆڵۆنیالییانه كه‌وتووه، جۆری ئه‌و تاوانانه‌ی ئه‌نجام ده‌درێن. لێره‌ش، وه‌كو له به‌شه‌كانی تری كوردستان، كوشتن، گرتن، ڕاگواستن، قه‌ده‌غه‌كردنی كه‌لتووری نه‌ته‌وه‌یی، سه‌ركوتكردنی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاری نه‌ته‌وه‌یی گه‌لی كورد، پێڕه‌و ده‌كرێ.

دكتۆر عه‌بدولڕه‌حمان قاسملۆ ده‌ڵێ: (له سه‌رده‌می دیكتاتۆری بیست ساڵه‌ی ڕه‌زا شادا زۆرداریی نه‌ته‌وه‌یی گه‌یشته ئه‌وپه‌ڕی خۆی. شۆڤێنیزمی ئێرانی بوو به سیاسه‌تی ڕه‌سمی په‌هله‌وی و گه‌لانی غه‌یری فارسی ئێران خرانه ژێر توند و تیژترین سته‌می نه‌ته‌وه‌یی، بۆ له‌نێوبردنی شوێنه‌واری نه‌ته‌وه‌یی و مێژوو و فه‌رهه‌نگی ئه‌م گه‌لانه به‌رنامه‌یه‌كی داڕێژراو و درێژخایان به‌ڕێوه ده‌چوو كه مه‌به‌ستی تواندنه‌وه‌ی گه‌لانی غه‌یری فارس بوو. ده‌ست تێوه‌ردانی مێژووی كۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گونده‌كان، قه‌ده‌غه‌كردنی گه‌لێك ڕێوڕه‌سمی نه‌ته‌وه‌یی، ته‌نانه‌ت له‌به‌ركردنی جل و به‌رگی نه‌ته‌وه‌یی، هه‌موو بۆ ئه‌وه بوو كه نیشان بدرێ له ئێراندا ته‌نیا تاقه نه‌ته‌وه‌یه‌ك هه‌یه، ئه‌ویش نه‌ته‌وه‌ی فارسه)(١٧٧).

ئه‌و سیاسه‌ته‌ی شای ئێران له دژی گه‌لی كورد، له‌چوارچێوه‌ی (تفریس)دا جێبه‌جێ ده‌كرا، زمانی فارسی سه‌پێندراو جگه له قه‌ده‌غه‌كردنی زمان و كه‌لتووری كوردی، جل و به‌رگیش قه‌ده‌غه ده‌كرا(١٧٨). به‌هه‌زاران كه‌س له ناوچه‌كانی كوردستانه‌وه بۆ به‌شه‌كانی

لەناو چوون. بەئاشکرا وا دیارە مەبەستی ڕژێمی تورکیا چۆڵکردنی کوردستان و تێکدانی زەمینەی کێشەی کورد و پەرت و بڵاوکردنەوەی خەڵکی کوردستانە بۆ تواندنەوەیان لە چوارچێوەی پرۆژەی (پێکهاتنەوەی ڕەگەزی وڵات) کە بەجینۆسایدی ئەرمەنییەکان دەستی پێکرد و دەرکردنی (١,٢٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن و دووسەد هەزار یۆنانی لە ساڵانی ١٩٢٠دا لە ئەناتۆلیای بەدوادا هات و دەیانەوێ بە پەرت و بڵاوکردنەوەی کورد کۆتایی پێ بهێنن(١٧٦).

بەگوێرەی ئەو فاکتانەی کە خستمانە ڕوو، باکووری کوردستان تاوانی جینۆسایدی بەسەردا پراکتیک دەکرێ، بەگەل و خاکەوە، ئێمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

لە دەستووری تورکیاو یاساکانی ناوخۆدا مافی گەلی کورد تەواو پێشێل کراوە. یاساکانی ناوخۆ ڕێگە دەدەن کە سیاسەتی، کوشتن، ڕاگواستن، تورکاندن، وێرانکردن و شێواندنی مێژوو و کەلتوور جێبەجێ بکرێ و وەزعێکی نائاسایی و ئاڵۆز لە کوردستاندا پێک بێت، هەر وەکو پێکهاتووە، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خەڵک و فەوتاندنی خەسڵەتی نەتەوەیی کورد. سەرباری ئەوانەش ڕژێمی تورکیا بەشدارە لە کۆمەڵێ ڕێکەوتننامە و پەیماننامەدا لە دژی بزووتنەوەی کورد و لە پراکتیکیشدا لە دژی سەرجەم گەلی کورد.

پەرلەمانی ئەورووپی لە ١٩٨٥/٥/٢٣دا بڕیارێکی دەرکرد لەدژی ڕژێمی تورکیا کە بەشێوەیەکی سیستێماتیک سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد پێڕەو دەکات. لە ١٩٨٥/١٠/٢٣یشدا بڕیارێکی تری دەرکرد، ڕەفزی دەست پێکردنەوەی پەیوەندی کردەوە لەگەڵ پەرلەمانی تورکیاداو وەفدی پەرلەمانی تورکیش لە پەرلەمانی ئەورووپی دەرکرد[١٧٤]. جارێکی تر پەرلەمانی ئەورووپی لە ١٩٩٢/٦/١٢دا بڕیارێکی دەربارەی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیاو عێراق و ئێران و سوریا دەرکرد. ئەوە وەبیر دێنینەوە لەکاتێکدا کوردانی ئێران، سوریا و تورکیا مافی کەسایەتی و نەتەوایەتیبان لێ قەدەغە دەکرێ، کورد لە عێراقدا هەڕەشەی لەناوچوون و قەلاچۆکردنی لەسەرە. ئەوسا پەرلەمان ئیدانەی هێرشی هێزە چەکدارەکانی تورکیا دەکات لە کوردستان و داوا لە حکوومەت و پەرلەمانی تورکیا دەکات. کە لەدەستوور و یاساو بڕیارەکانیدا هەموو ڕەنگ و ڕوویەکی ئاشکراو شاراوەی ڕەگەزپەرستی و دژایەتی کەس و گروپ و دام و دەزگاکان بەهۆی زمان و ڕەچەڵەکی نەتەوایەتی، دەرهاوێژن. پاشان پەرلەمان داوای دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد دەکات کە لەمەترسیدایە[١٧٥].

ئاشکرایە، سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن لە ساڵی ١٩٩٤دا زۆر بەفراوانی لەسەر باکووری کوردستان شتیان بڵاو کردووەتەوە، کە بەهەزاران گوند وێران کراون و بەهەزارانیش زیندانی و ئاوارە کران. لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ـەوە بەلای کەمەوە (٥٨٩٩) کەس زیندانی کراون و ئازاردراون لە ماوەی پانزە ڕۆژدا شەست و چوار مردوون و لەناو براون. لە ئەنجامی تیرۆری دەوڵەت کە لە ساڵی (١٩٨٠)وە لە باکووری کوردستان پەیڕەو دەکرێت. نیوەی دانیشتوانی کوردستان

دەهێنن و ئەشکەنجەیان دەدەن تا ئیعتیرافی ئیمزاکراویان لێ وەربگرن و خەڵکی تریشی بەدەمەوە بگرن. پۆلیس و عەسکەر زۆر جار خزمی گیراوەکان ئەشکەنجە دەدەن، زۆربەی مەزەندەکان وای دادەنێن کە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار یا (١٢٠،٠٠٠) سەد و بیست هەزار کەس ماوەی بەندکردنیان لەو مەرکەزانەی پۆلیس_دا بەسەر بردووە[١٧٢].

ڕێکخراوی Amnesty International لە لەندەن، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە ١٩٩١دا باس لە وەزعی سەخت و تەواو پێشێلکردنی مافی کورد دەکات لە تورکیا. لەو ڕاپۆرتەدا گەلێ فاکتی تێدایە لەسەر وەزعی کورد، وەکو ناو و کات و جێگەی ڕووداوەکان. هەروەها سیاسەتی خراپی ڕژێمی تورکیا لەگەڵ ئاوارەکانی کوردی عێراق/ لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا چوونەتە ئەوێ/، کە (٤٠) حاڵەتی تەسلیم کردنەوە بەعێراق تا (١٩٩٠) چارەنووسیان دیار نەبووە. لە ماوەی ئازار و حوزەیرانی ١٩٩٠یشدا بەزۆر (٢،٥٠٠) کەس ڕەوانەی عێراق کراونەتەوەو تورکیا ڕێگەی بە ئەفسەری عێراق داوە کە بچنە ئۆردوگای پەنابەندەکان بەو مەبەستەی بیان گەڕێننەوە بۆ عێراق[١٧٣].

بەیاننامەیەکی وەزارەتی عەدل لە تورکیا لە٢٠/٦/١٩٨٣دا دەڵێ، کە زیندانەکانی ئەوکاتە (٨٧،٨٦٦) کەسی تێدابووە، (٨١،٠٠٠) هەشتاو یەک هەزاریان کوردن، حوکمی ئیعدامی (٦،٣٥٣) کەسیان دراوە.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی_ە_یللیەت_ی تورکی/ ژمارەی ڕۆژی ٢٨/٩/١٩٨٥ لە کاتی هێرشەکانی (الشمس)دا، (٥،٨٢٣) کورد گیراون و (١٠٨) کەس کوژراون و (٤٢٦) کەسیش دیل کراون.

خستنه سەر (جیاوازی خوازان)و گەلێ دەسەلاتی تر[١٦٩].

ڕژێمی تورکیا، کوردستانی کردووەتە سەربازگەیەکی فراوان و بەحوکمی چەک سیاسەتێکی ناگراوی و سەختی لە دژی خەڵکەکە پێڕەو کردووە. بەتایبەتیش هەوڵ دەدات، خەڵکی دێهاتەکان چەکدار بکات لەدژی بزووتنەوەی ڕزگاری کوردی. لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی میلیتاریزە کردنی کوردستاندا، خەڵکەکە بەر شالاوی تالان کردن و سووتاندن و گرتن و ئازاردانێکی بەردەوام کەوتوون و چواردەوری دێهاتەکان مینڕێژ دەکرێ. بۆ نموونە (٣٧٤) گوند لە دەوروبەری وان لە ماوەی سێ مانگی ساڵی ١٩٨٩دا لە دانیشتوانی چۆڵ کراون. نزیکەی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار کەس ئاوارە بوونەو ناچار پەنایان بردووەتە بەر شارەکان[١٧٠].

لە تورکیا، نەک تەنیا کورد خۆی بەرشالاوی قڕکردن کەوتووە، بەڵکو هەر بڵاوکراوەیەکیش باس لە بوونی مەسەلەی کورد بکات دای دەخەن و بەرپرسیارانی زیندانی دەکەن، بۆ نەهێشتنی ناوی کورد تەنانەت ناوی دێهاتەکانیش لە کوردییەوە دەکەن بە تورکی، بێ ئابڕوویی گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی گۆرانی بێژێک هەر لەبەر ئەوەی گۆرانی بە کوردی وتووە داویانە بە دادگا[١٧١].

ڕێکخراوی جیهانی کیدری C. E. D. R. I.- کۆمیتەی ئەورووپی بۆ داکۆکیکردن لە پەناهەندە ئاوارەکان-کە بارەگاکەی لە سویسرایە، لە ١٩٨٣دا بڵاوی کردووەتەوە کە زیندانی دیاربەکر بۆ (٣٠٠) سێ سەد گیراو دروست کراوە، بەڵام (٥,٠٠٠) پێنج هەزار کەسی تێدایە، حوکمدانی بە کۆمەڵ بەشێکی گەورەی نەخشەی حکوومەتی تورکیایە بۆ ژێردەستەکردنی کوردەکان. کوردەکان بۆ نێوەندی نهێنی بەندکردن

ئەم بەندانەی دەستووری تورکیا تەواو دژ و ناکۆکن لەگەڵ پرنسیپی یەکسانی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤدا. پێویستە بڵێین، ئیلتیزاماتی گشتی هەیە کە دەبێ یاسای ناوخۆ کۆک و گونجاو بێ لەگەڵ ئیلتیزاماتی نێونەتەوەییدا. بۆیە ئەو یاسایەی کە دەوڵەت دایدەنێت، ئەگەر ناکۆک بێ لەگەڵ ئیلتیزاماتیدا، ئەوا دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئەو ئیلتیزاماتە(١٦٧).

ڕەفزکردنەوەی مافی گەلی کورد لە یاساکانی تورکیادا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئایدیۆلۆژیای ڕژێمی تورکیا لە تیۆری و پراکتیکدا لەسەر ئەنجامدانی جینۆساید پێگەی داکوتا. لە هەشتاکانیشدا ڕژێمی تورکیا هەر وەکو درێژە پێدانی سیاسەتی جارانی، هاوکار بووە لەگەڵ وڵاتە داگیرکەرەکانی تری کوردستاندا. ڕێکەوتنی سەربازی نێوان تورکیاو عێراق لە بەهاری ١٩٨٣دا، کە عێراق ڕێگەی دا سوپای تورکیا بچێتە ناوچەکانی بادینان، لە خوارووی کوردستان بۆ لێدانی هێزەکانی بزووتنەوەی کورد(١٦٨). ئەم ڕێکەوتنەش گەمارۆدانی هێزەکانی بزووتنەوەی کورد بوو لە هەردوو دیوی باکوور و باشووری کوردستان. ١٩٩٠/٤/٩، ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا، بەسەرکردایەتی تورگوت ئۆزال، یاسای ژمارە (٤١٣)ی دەرکرد، ئەمەش یاسایەکی نائاسایی بوو بۆ ناوچەکانی کوردستان کە بەبێ بڕیاری پەرلەمان دەرکرا و بەگوێرەی ئەو یاسایە بەرپرسیاری کاروباری سەربازی، حاکمی تەواوی کوردستانە و دەسەڵاتێکی بەر فراوانی پێ دراوە، وەکو: ڕاستەوخۆ ڕاگواستن و داخستنی چاپخانە، شکات وەرنەگرتنی خەڵکی لەدژی یاسای (٤١٣)، ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکان بەبێ ئاگادار کردنەوەیان، سزای قورس

لە ئاهەنگێکی فۆلکلۆری جیهانیدا لە شاری میونیخ لە ئەڵمانیا لە٦ /١١-٨/١٩٨٥، کە نزیکەی (١٠٠) تیپی فۆلکلۆری گەلانی جیهان بەشداربوون، کاتێک کە تیپێکی کوردی لە شاری نۆرنبێرگەوە هاتبوو، هاتە سەر شانۆ، سەفیری تورکیا لە بۆن و کونسوڵی تورکی لە میونیخ توورە بوون و نارەزایی حکوومەتی تورکیایان دایە حکوومەتی ئەڵمانیای فیدراڵی و دەستەی هەڵسووڕێنەری ئاهەنگەکە و داوایان کرد کە ئەو تیپە کوردییە رێگە نەدرێ، چونکە مەترسی لەسەر یەکێتی نیشتمانی و یەکێتی خاکی تورکیا دروست دەکات. لەبەرئەوەی داواکەیان زۆر نارەوا بوو، پشتگوێ خرا و تیپە کوردییەکە چالاکی خۆی پێشکەش کرد. سەیر لەوەدایە لەدوای ئەو رووداوە زۆربەی رۆژنامەکانی تورکیا لە دژی ئەڵمانیا وتاریان بڵاوکردەوەو وەزیری دەرەوەی تورکیاش لە ٩/٨/١٩٨٥دا رایگەیاند کە تورکیا نارازییە لەوەی وڵاتێکی دۆستی وەکو ئەڵمانیا رێگە دەدات ناحەزانی تورکیا چالاکییان هەبێت[١٦٤]. ئەم کارە تەنیا گوزارشت لەئایدیای فاشییانەی تورکیا دەکاو شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا رژێمی وا لەدونیادا هەبێ، تەنانەت دژی فۆلکلۆری نەتەوەیەکیش بێت.

وەکو پێشتر وتمان بەندی (٨٨)ی یەکەم دەستووری کۆماری تورکیا ساڵی ١٩٢٤ دەڵێ: (هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئاین و رەگەز، تورکن)[١٦٥]. لە تورکیادا، تەنیا تورک هەموو مافێکی هەیە. بەندی (٧٠)ی دەستووری ساڵی ١٩٨٢ـی تورکیا دەڵێ: (هەموو تورکێک مافی ئەوەی هەیە وەزیفەی حکومی هەبێت). بەندی (٦٦)یش دەڵێ: (ئەوەی هاونیشتمانێتی بە تورکیاوەی دەبەستێ، ئەوە تورکە)[١٦٦].

دەستووری ۱۹۸۲ جگە لە زمانی تورکی هەموو زمانێکی تر قەدەغە دەکات لە دەزگاکانی خوێندن_دا. بەندی (۲۸)ی بڵاوبوونەوەی زمانە بەربەند کراوەکانیش قەدەغە دەکات[١٦٠]. ئەم بەندانەی دەستوور ڕەفزکردنەوەیەکی یاسایی زمانی کوردی و هەر زمانێکی ترە لە تورکیا جگە لە تورکی. ئەم سیاسەتە کۆلۆنیالیانەش کە (زمانی تورکی دایکی زمانەکانە)[١٦١]. بەتەواوی لە بواری پراکتیکدا کاری بۆ کراوەو پلان و نەخشەی جۆراو جۆری بۆ دانراوە. لە پرۆگرامی قوتابخانەکانی تورکیادا، منالانی کورد دەبێ، هەموو ڕۆژێک بڵێن:

ئەز تورکم

دایکم تورکە

باوکم تورکە

داپیرەم تورکە

باپیرەم تورکە

بنیادم تورکە[١٦٢].

ئاشکرایە، کە زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بوونی نەتەوە. مەبەستی ڕژێمی تورکیا، فەوتاندنی ئەو ڕەگەزە بنچینەییەی بوونی نەتەوەی کوردە بۆ هەمان مەبەستیش تورکیا بەرنامە و پلانی بۆ زانایان و نووسەرانی سەر بە ڕژێمەکەی داناوە بۆ ئیسپاتکردنی ئەوەی کە زمانی کوردی دیالێکتێکی زمانی تورکییە. نیتر بەبیر و ڕای حکوومەتی تورکیا، ئەوەی وا دابنێت کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە، مەترسییە لەسەر یەکێتی و ئاسایشی تورکیا[١٦٣]. بەو جۆرە ڕژێمی تورکیا مێژوو و ڕەچەڵەکی کورد دەشێوێنێ و مێژوویەکی ساختە دروست دەکات.

کوژراون، (٤٨) چل و هەشت کەس لە نەیارانی تورکیا ئیعدام کراون، زیاتر لە (١٧٠) سەد و حەفتا کەسی زیندان کراویش حوکمی ئیعدامیان دراوە، (٤.٦٠٠) کەسیش لەبەردەم دادگاکاندا چاوەڕوانی حوکمی ئیعدامن. پێویستە ئەوە بڵێین لەماوەی شەست ساڵی حوکمی کۆماری تورکیا، تەنیا (١١١) کەس بەهۆی سیاسییەوە ئیعدام کراون[١٥٧].

زانای ناوداری تورک سۆسیۆلۆگ ئیسماعیل بێشکچی ئەو ڕاستییەی لە گەلێ لە نووسینە بەنرخەکانیدا ڕوون کردووەتەوە، ئەگەر یەکێک لەتورکیا پێ لەسەر ئەوە داگرێ و بڵێ کوردم، ئەوە وەکو ئەو کەسە وایە کە تاوانێکی کردبێ و دەبێ ئیعدام بکرێ[١٥٨]. ئەو ڕاستییەی کە بێشکچی باسی کردووە لە دەستووری کۆن و تازەی تورکیادا جێگیر کراوەو بەگوێرەی یاسای ناوخۆ گەلی کورد لە هەموو مافێکی بێ بەش کراوەو لە حاڵەتی داکۆکیکردنیشدا بەرەو مەرگ دەکرێتەوە.

کەنعان ئیفرین، سەرۆکی دەوڵەت لە گفتوگۆیەک لە ١٩٨١/١٠/٩، لە ڕۆژنامەی-شپیگل-دا، دەڵێ: (کوردەکان، چەند جارێک لە سەردەمی عوسمانییەکان و لە سەردەمی ئەتاتورکیشدا ڕاپەڕیون. پلانێکی شەیتانانە ڕێگەی لێ گرتووین).. هەروەها دەڵێ: (ئەوان ناتوانن هیچ لە ئێمە وەربگرن، ئێمە هەموو کارێک دەکەین بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەنین)[١٥٩].

ڕژێمی تورکیا لە دەستووری تازەدا (١٩٨٢/١١/٧) هەر وەکو لە دەستووری پێشوودا مافی کوردی پێشێل کردووە، لەچوارچێوەی یاسادا بوونی کورد پێشێل دەکات. هەر وەکو بەندی (٤٢)ی

١- ڕەوکردن بووە هۆی، ڕۆیشتنی سەرچاوە مرۆییەکانی ناوچەکە، کە بەشێوەیەکی نەگەتیڤانە کاردەکاتە سەر پێشکەوتنی کوردستان.

٢- ڕەوکردن دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ستروکتورە باوەی خێزان کە هەیبووە. ئەنجامەکەشی کار دەکاتە سەر ستروکتوری کۆمەڵایەتی سەرجەمی کوردستان.

٣- ڕەوکردن دەبێتە هۆی تواندنەوەی کورد، چونکە دوور دەبن لە خاکی خۆیان و دەچنە ژینگەیەکی جیاواز کە ناچار دەبن ڕابردووی کەلتووری و داب و نەریتی خۆیان لەدەست بدەن.

٤- ڕەوکردن ئەنجامی سیاسی هەیە، چونکە ژمارەی کورد لەکوردستان کەم دەکاتەوەو دەبێتە هۆی فەوتاندنی بوونی نەتەوەیی و زیاتر زاڵبوونی حکوومەتی تورکیا(١٥٥).

لەدوای کۆدەتا سەربازییەکەی تورکیا (١٩٨٠)، ڕژێمی تازە بڕیاری دامەزراندنی (زۆنی ئاسایش)ی دا، بەدرێژایی ناوچە سنوورییەکانی سوریاو عێراق و ئێران. بەگوێرەی ئەو بڕیارە بە پانتایی ١٠-٢٠ کم خەڵکی ئەو ناوچانە لێیان قەدەغە کرا هیچ کاسپی و ئاژەڵدارییەک بکەن. بەبیانووی بەرهەڵستی ئاژاوەچییانەوە بە هەزاران دووکان و بازاڕیان لەم شارانە داخست: گازی ئینتاب، دیاربەکر، کلیسیا، بەتلیس، بایەزید و گەلێ شاری تری کوردستان(١٥٦).

بەگوێرەی چاپکراوە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات، لە ماوەی سێ ساڵی دوای کۆدەتا سەربازییەکەی تورکیا (١٧٠,٠٠٠) سەد و حەفتا هەزار کەس گیراون، (٢٠٠) دووسەد کەس بەئازار و ئەشکەنجە مردوون، (٧٠٠) حەوت سەد کەسیش بەهۆی هێرشی سەربازییەوە

بەشێکە لە ئایدیۆلۆژیاو ڕەفتاری حکوومەتی تورکیا لەدژی گەلی کورد. لە ماوەی نێوان ١٩٣٥-١٩٤٥، ڕژێمی تورکیا (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار کوردی ڕاگواستوە، ئەوەش ئەنجامێکی وای دروست کردووە لە ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان زۆر کەم بێتەوە[١٥٢]. هەمان کات، بار و زرووفێکی سەختی دروست کردووە، کە کاری کردووەتە سەر کەلتوور و ئابووری و ژیانی کۆمەلایەتی. ئەم سیاسەتەش لە کۆمەلێ بڕیار و یاسای ناوخۆی تورکیادا بە ڕەسمی جێگیر کراوە. لە ١٩٦٧/١/٢٥دا حکوومەتی جەودەت سۆنای یاسایەکی دەرکرد، بەپێی ئەو یاسایە بەڕەسمی زمانی کوردی قەدەغە کرا. لەو ساتەوە، کتێب، ڕۆژنامە، بەڵگەنامە، قەوان، شریتی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، قەدەغە کران[١٥٣].

دکتۆر مەجید جەعفەر، پشت بە بەڵگەنامەی نهێنی تورکی دەبەستێ و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە ماوەی سالانی ١٩٦٥-١٩٧٠دا کۆچکردن (ڕەوکردن) لە کوردستانەوە، ئەندازەی زیادکردنی سالانەی دانیشتوانی زۆر کەم کردووەتەوە. لە ماوەی بیست سالی پێشتر ئەندازەی زیادکردنی سالانەی دانیشتووان ٣٪ بوو، بەلام لە سالانی ١٩٦٥-١٩٧٠ـەوە کەم بووەتەوەو ئەندازەی زیادکردنی (لەدایکبوون) سالانە بووە بە ١.٥٪. کۆچکردنیش لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا هۆی سەرەکی ئەو کەمبوونەوەیە[١٥٤].

دروستکردنی بار و زرووفێکی نائاسایی لە ناوچەکانی کوردستاندا، ئەنجامێکی ترسناکی داهاتووی هەیە لەسەر ئابووری و کەلتوور و بوونی کورد.

هەروەکو د. مەجید جەعفەر بەم جۆرە دیاری کردووە:

پرۆتۆکۆڵە، هەردوو لا پابەندن بەوەی کە ڕێگە نەدەن لە سنوورەکانیاندا هیچ کارێک لەدژی لایەکەی دیکە ئەنجام بدرێ، هەروەها یەکتر ئاگادار بکەنەوە لەو چالاکییانەی کە لەسەر سنوورەکانیاندا لەدژی هەر لایەکیان هەبێت. بەگوێرەی بەندی سێیەمیش، هەردوولا دەبێ دەست بەکاربن لەدژی هەر چالاکییەک کە لەسەر سنوورەکانیدا هەبێ[١٥٠].

لە ١٩٣٢/١/٢٣ لە تاران، حکوومەتی تورکیاو ئێران پرۆتۆکۆلێکیان دەربارەی ناوچە سنوورییەکان مۆرکرد. پاشتر لە ١٩٣٢/١١/٥ دا هەردوولا ڕێککەوتننامەی دۆستایەتییان مۆر کرد، کە لە ١٩٣٣/١٢/٢٨ دا بڕیاریان لەسەر دا، (تصدیق–Ratification کرا)، هاوکات لە ١٩٣٢/١/٩ لە ئەنقەرە پەیماننامەی نێوان تورکیاو عێراق مۆرکرا[١٥١].

سەرجەمی ئەو بەڵگەنامانە، مەبەستی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد و داخستنی سنوورەکان و تەسلیم کردنەوەی بەشدارانی بزووتنەوەکەیە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامانەش، بەشدارانی، هێزی زەمینی و ئاسمانی خۆیان بەکارهێناوەو دەستیان نەپاراستووە لە نێوان مەدەنی و چەکدارانی بزووتنەوەکەدا. بەو ڕێککەوتننامانە، ئەو وڵاتانە بەشدارن لەکار و تاوانی یەکتردا لەدژی گەلی کورد، نەک تەنیا بەشدارانی بزووتنەوەکە بەڵکو خەڵکی مەدەنی و دێهات نشینەکانی ناوچە سنوورییەکان بەر کەوتوون، لە هەموو شەڕو پێکدادانەکانیشدا ماڵ و سامانی خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئەو وڵاتانە کە لەهەردوو دیوی ئەو وڵاتانەوە هەر خاکی کوردستانە، بوونەتە قوربانی و خەڵکەکە ماڵوێران بوونە.

سیاسەتی بەتورککردنی گەلی کورد (تورکاندن) و ڕاگواستن،

کرد، کە بەندی (١٢)ی تورکیا و عێراق پابەند دەکات بکەونە کار لەدژی هەر بزووتنەوەو ڕێکخراوێک لە هەر یەکێک لە ناوچە سنوورییەکانی هەردوو لایاندا سەر هەڵدەدات[١٤٧].

لە نیسانی ١٩٢٦ لە تاران، ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان تورکیا و ئێراندا مۆرکرا، لە چەند بەندێک-دا هەردوو دەوڵەت پابەند دەکات بەهاوکاری کردنی یەکتر بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد. بەندی پێنجەمی، ئەو مەرجەی بۆ ئێران و تورکیا داناوە، ڕێگە بەهیچ دەستەو ڕێکخراوێک نەدەن کە لەهەر لایەکیانەوە بێت لەدژی لایەکەی دیکە[١٤٨].

١٩٢٦/٥/٣٠ پەیماننامەی دۆستایەتی لەنێوان تورکیاو فەرەنسادا مۆرکرا. ئەو کاتە سوریا لەژێر ماندانی فەرەنسادا بوو، بۆیە ئەو پەیماننامەیە تورکیا و سوریا دەگرێتەوە. پرۆتۆکۆلی ژمارە (٨)ی پاشکۆی ئەو پەیماننامەیە لە بارەی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی سنووری نێوان تورکیا و سوریایە. بەندی یەکەمی ئەو پرۆتۆکۆلە هاوبەشی کردنی هەردوو لایە لەدژی بزووتنەوەی کورد لە ناوچە سنوورییەکانیاندا. بەندی سێیەمی، دەسگیرکردنی "تاوانبارانە"، مەبەستیش لە تاوانباران، بەشدارانی بزووتنەوەی کوردە لەهەر لایەکیان بێت. بەندی چوارەمیش، تایبەتە بە تەسلیم کردنەوەی"تاوانباران" کە سنووریان بڕیوە و لەدژی لایەنەکەی تر لەکاردان[١٤٩].

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی ١٩٢٦/٥/٣٠، لە ١٩٢٩/٦/٢٩دا تورکیاو سوریا لە ئەنقەرە پرۆتۆکۆلی چاودێری کردن و کۆنترۆڵ کردنی سنووری نێوان خۆیان مۆرکرد. بەگوێرەی بەندی دووەمی ئەو

بەگوێرەی ئەو بڕیارەش، کورد بۆی نەبوو نە لە سوپا و نە لە کارگە و کۆمپانیاکاندا کاربکات[١٤٤].

تاوانی جینۆساید، گەیشتە ئەو ئەندازەیە کە ڕژێمی تورکیا لە ١٩٢٧دا بۆ یەکەم جار بۆمبای ژەهراوی لەدژی کورد بەکارهێنا ئیتر ئەنجامی تاوانەکان لە نێوچوونی نیو ملیۆن مرۆڤی کورد بوو[١٤٥].

لە دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی دەرسیم لە ١٩٢٧دا، کەمالیستەکان بە ئاگر و ئاسن بەربوونە گیانی خەڵکی کوردستان، (١,٥٠٠) پیرەژن و ئافرەت و منداڵ بەسترانەوەو چاڵێکی گەورەیان بۆ هەڵکەندن، نەوتیان بەسەریاندا کرد و ئاگریان تێ بەردان. بزووتنەوەی نیشتمانی خەڵتانی خوێن کرا، بەر دەرگای ئەو ئەشکەوتانەیان هەڵچنی کە هەزاران خێزانی کورد (ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە) خۆیان تیا شاردبووەوە بەتێپەڕبوونی ڕۆژگاریش مەرگ و برسێتی تەنگی پێ هەڵچنین و هەموویانی کوشت، ئەنجامیش (٤٠,٠٠٠) چل هەزار مرۆڤی کورد شەهید کران[١٤٦].

وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان (تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا)، هەرچی ناکۆکییەکیش لەنێوانیاندا هەبێت، لەسەر لێدانی بزووتنەوەی کورد و وێرانکردنی کوردستان هەمیشە تەبا و هاوبەشن. گەلێ ڕێکەوتننامە و پەیماننامە هەیە لەنێوانیاندا کە مەبەستی سەرەکییان بەربەندکردنی بزووتنەوەی کورد و سەرکوتکردنی خەباتی نەتەوایەتییە بۆ ئازادی. دەتوانین هەر لە بیستەکانەوە تاکو ئەم سەردەمە دەستنیشانی گەلێ ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی بکەین کە تورکیا بەشداربووە تیایاندا.

٥/٦/١٩٢٦ بەریتانیا و عێراق و تورکیا ڕێککەوتننامەیەکیان مۆر

دانراوه ڕێگا دەدات لە ناوچەكانی ڕۆژئاواوه خەڵكی كۆچ پێ بكا، بەگوێرەی ئەو یاسایە، ڕاگواستن، قەدەغەكردنی زمانی كوردی، فەوتاندنی تایبەتمەندیی كوردەواری، جێبەجێ دەكرێن. ئەگەر چی لەپێش ئەو یاسایەشدا، لە ئەیلولی ١٩٣١ (٢,٠٠٠) دوو هەزار كورد لەگەڵ مەڕو ماڵاتیاندا بە وەزعێكی زۆر ناخۆش ڕاگوێزران و لە ناوچە توركییەكاندا نیشتەجێ كراون هەمان كات لە جێگەی ئەو كوردانە تورك نیشتەجێ كراون[١٤١]. بەگوێرەی ئەو یاسایە، سەدان هەزار كورد لە ناوچەكانی خۆیانەوە ڕاگوێزران، دەشبێ نیشتەجێكردنی ئەو ڕاگوێزراوانە بە جۆرێك بێت لە هەر ناوچەیەك كە جێگیر دەكرێن نابێ لە ٥٪ زیاتری دانیشتووان پێك بهێنن، هەروەها نابێ بگەڕێنەوەو گوندەكانی خۆیان ئاوەدان بكەنەوە یان هەوڵ بدەن ڕێكخراو پێك بهێنن[١٤٢]. بەجێبەجێ كردنی ئەو یاسایە، ڕژێمی توركیا (٢٥,٠٠٠) سەربازی خستە كار كە ئەو بەتازەترین چەك و كەرەسەی جەنگی پڕچەك كرابوون. لە ئەنجامی ئەو هێرش و كارانەشدا (٤٠٠) دێی كوردستان وێران كران. ئیتر بەگوێرەی خاڵی (٩)ی ئەو یاسایە (بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری كاروباری ناوخۆ بۆی هەیە ئەو كوردانە ڕاگوێزێ كە هێشتا لەناو ڕەگەزو فەرهەنگی توركدا نەتواونەتەوەو لە نێو توركە ڕووناكبیرەكانی ناوچە بەفەرهەنگ ئاشناكانی توركیادا نیشتەجێیان بكا...)[١٤٣].

ڕژێمی توركیا لە دیسەمبەری ١٩٣٥دا بڕیاری ژمارە (٢٨٨٤)ی دەركرد، ئیتر بە گوێرەی ئەو یاسایە والی گشتی ناوچەی دەرسیم دەسەڵاتی وەزیری پێ درا، ئەگەر چی لە توركیا تەنیا پەرلەمان بۆی هەیە بڕیاری خنكاندن بەسەر هاووڵاتییاندا بسەپێنێ، بەڵام لە كوردستان والییەكان دەسەڵاتی خنكاندنی هاووڵاتیانیان هەیە.

١٩٣٠/١/١، ڕژێمی تورکـــیـــا بڕیاری بەزۆر کـــۆچ پێکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەرسیمی دەرکرد. بەگوێرەی هەمان بڕیار هەموو کەرەسەو شتومەک و کەلوپەلێک لەو ناوچانەدا ماونەتەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێ و ڕژێم دەیانبات[١٣٧]. لەمانگی مایسی ١٩٣٠، ڕژێمی ئێران، ڕێگەی دا کە سوپای تورکیا بەناو سنووری ئێراندا بڕوات و پشت لە شۆڕشگێڕانی کورد بگرێت، هێرشەکان دەکرانە سەر خەڵکی مەدەنی و چەکداریش، بەگوێرەی ڕاگەیاندنی تورکیا خۆی زیاتر لە (٣,٠٠٠) سێ هەزار کورد کوژراون، تەنیا لە دۆڵی زیلان_دا (١٥٥٠) کەس بەکۆمەڵ کوژران. لە ناوچەی ئەرجیش (٢٠٠) گـــونـد ســـووتێنران و تاڵان کـــران[١٣٨]. شـــایانی وتنە لەو هێرشانەدا، سوپای تورکیا لە ئێران و عێراق و سوریاوە پەلاماریان داوە. بەشـــداریکردنی ئێـــران و عێـــراق و ســـوریا لەگەڵ تورکـــیـــادا، خاڵێکی هاوبەشە لە بەجێگەیاندنی تاوانی جینۆسایددا، بەشداری کردنیش، هەروەکو تاوانکار دیاری دەکرێت. ڕاپۆرتێکی ســـەفـیری بەریتانی لە ئەستەنبوڵ لە ئابی ١٩٣٠دا دوویاتی هاوکاری نێوان حکوومەتی عێراق و بەریتانیا و خۆشحاڵی تورکیا دەکات لەدژی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد لە عێراق[١٣٩].

بەگوێرەی زانیاری گۆڤاری (زاریا فەستۆکا) لە ١٩٣١/٣/٢٠دا، کە بڵاوی کـردووەتەوە، هێـرشـەکـانی تورکـیـا بۆ سـەر کـوردسـتـان (١٠,٠٠٠–١٥,٠٠٠) قوربانی کوردی بووە، کۆمەڵەی (خۆیبوون)یش ڕایگەیاندووە کـــە(٦٦٠) گـــوند وێران کـــراون و (١٥,٢٠٦) مـــاڵ سووتێنراون[١٤٠].

لە ١٩٣٢/٥/٥، حکوومەتی تورکیا بە ڕەسمی ڕایگەیاند، یاسایەک

بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتیدا بێ و سیاسەتێکی تایبەت لەدژی ئەو ناوچانەی کوردستان بەکار بهێنرێ[١٣٥].

لەڕاستیدا تاوانەکانی ڕژێمی تورکیا لەدژی گەلی کورد ئەوەندە زۆر و بەرفراوانن، کە دەقاو دەق لە چوارچێوەی سیاسەتی فەوتاندنێکی سەراپاگیری (کورد وەکو نەتەوە)دا جێگیر دەبێ، ئەمەش لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا بە جینۆسایدی هەمە لایەنە دیاری دەکرێ.

دکتۆر بلەج شێرکۆ ژمارەی وێرانکاری و ماڵی سووتاوو ژمارەی کوژراو لە ١٩٢٥-١٩٢٨ لە (٢١٢)گوند دا بەم جۆرەی لای خوارەوە دیاری دەکات:[١٣٦].

ناوی ناوچە	ماڵی سووتاو	ژمارەی کوژراو
لیچە	١١٦٤	٦٤١٣
دارهینی	٢١١٠	٩١٤
ئەردوشین	١٤٥	٢٩٥
جباقچور	٥٧١	٢٦٠
نسیبین	٢٣٥	٥٤
جباب	٧٣٥	٩٠٢
ئەلیان	٧٩٠	١٣٧١
مدیان	٤٥٠	٦١٣
باجەرین	٥٦٣	١٠١٥
کربوران	١٠٩	٢٤٣
دیاربەکر	١٣٨	١٧٦
کنج	١٢٣٣	١٥٢٩

جیاجیای ئەو ناوە کۆ کردبوومەوە و هەموویان هێنان و هەر بەزیندوویی خۆڵیان پیا کردن و زیندەبەچاڵ کران[132].

١٩٢٧/٦/١٥ ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا یاسای ژمارە ١٠٩٧ی دەربارەی ڕاگواستنی کورد لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا دەرکرد. بەندی یەکەمی ئەو یاسایە دەسەڵاتی بەحکوومەت داوە کە لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە (١٤٠٠) کەس لەگەڵ خێزانەکانیاندا ڕاگوێزن. هەروەها خێزانی (٨٠) هەشتا "یاخیبوو" لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تاوانبارن ڕاگوێزرێن. بەندی دووەمی هەمان یاسا داوا دەکات کە پرۆسەی ڕاگواستنەکە تا کۆتایی مانگی ئابی ١٩٢٧ تەواو بکرێت. بەگوێرەی یاسای ژمارە (١٠٩٧)، هەزاران خێزان بۆ ناوچەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا ڕاگوێزران، لە کاتی ڕاگواستنیشدا سەروەت و ماڵێکی زۆریان لەدەست_دا[133].

ڕۆژهەڵاتناس ف. نیکیتین، دەربارەی سیاسەتی ڕژێمی تورکیا ئەوە دیاری دەکات کە لەساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧دا، نزیکەی یەک ملیۆن پیاو و ئافرەت و منداڵی کورد بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕاگوێزراون، ڕاگواستنەکەش زۆر بەتوندی و خراپی جێبەجێ کراوە. هەر وەکو چۆن لە سەردەمی جەنگی یەکەمدا لەگەڵ ئەرمەنەکاندا ڕەفتار کراوە[134].

١٩٢٧/٦/٢٥ ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا یاسای ژمارە (١١٦٤)ی دەرکرد. ئەم یاسایەش ڕاستەوخۆ لەدژی کورد بوو، کە دەسەڵات بە ئەنجومەنی وەزیران دەدات بۆ دروستکردنی زۆنێکی تایبەت لەم ناوچانەدا:

ئیلیازیز، ئورفە، بیتلیس، هەکاری، دیاربەکر، سیرت، وان و ماردین. ئەو زۆنەش (ناوچەی ئارام) دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی

بەکۆمەڵیش خەڵکی کوردستانی کوشتووە، بەزستانێکی سەخت لە کاتی ڕاگواستندا خەڵکێکی زۆر لە برساو لە سەرما مردوون، هاوکاتیش دێهاتەکان سووتێنراون و وێران کراون، پرۆسەی تورکاندن و تورک نیشتەجێ کردنیش لە کوردستاندا بەردەوام بووە[١٢٩].

شۆڕشی ئاگری داغ کە لە ١٩٢٧-١٩٣١ی خایاند لەلایەن تورکیاوە زۆر دڕندانە سەرکوت کراوە، دیسانەوە کوردستان کەوتووەتەوە بەر شاڵاوی تاوانکاری:

١- سەرپاکی دانیشتوانی (٢٢٠) گوند قڕکران، کە نزیکەی (١٠.٠٠٠) دە هەزار کەس دەبوون.

٢- نزیکەی (١٠٠) سەد ڕووناکبیری کوردیان بەدەست و پێ بەستراوی فڕێ دایە دەریاچەی (وان)ـەوە.

٣- لە دەوروبەری ناوچەی تاندریک_دا، (٤٠٠) گوندیان وێران کرد.

٤- لە پارێزگای (وان)، (٨٢) گوندیان وێران کرد و (٥٩٠) پێنج سەد و نەوەد کەسیان کوشت[١٣٠].

ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، باسی هێرشەکانی تورکیا دەکا و دەڵێ: (زۆربەی خانەوادەی پێشمەرگەکان لە گەلی (زیلان)دا دەبن، کە لەپشتەوە هێرش دەبەن، پێش ئەوەی دەستیان بە شۆڕشگێڕان بگات، سەرپاکی ئەو ژن و منداڵانە قڕ دەکەن)[١٣١]. دانیشتوانی ئەو گوندانەش کە بەتۆپ و فڕۆکە کاول کران، ئەوەی لە مردن ڕزگاری بوو، ژن و کچ و منداڵ، وەک ڕانە مەڕ دەدرانە بەر بۆ گوند و ناوچەکانی تورک و لەولاشەوە دەوڵەمەند و فەرمانبەرانی تورک، دەستیان درێژ دەکردە سەر ماڵ و موڵک و ناموسیان، هەر لەو ناوچانەدا، نزیکەی دوو هەزار کەسیان لە گوندی

وەزیری دادی تورکیا (لە ساڵی ١٩٣٠) دەکەین کە سەبارەت بە سیاسەتی کۆڵۆنیالیانەی ناوەند لە بەرامبەر گەلی کورد دواوە و وتوویەتی: (کورد تەنیا مافی ئەوەی هەیە، ببێ بە خزمەتکار و ببێ بە کۆیلە)[١٢٤].

سیاسەتی ڕژێمی تورکیا، درێژە پێدانی هەمان سیاسەتی کەمالیستەکانە لە بیستەکاندا لەدژی گەلی کورد، هەر وەکو ڕۆژهەلاتناس گەسرەتیان دەڵێ: (لەدوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦دا، سەدان گوند وێران کران، هەزاران ماڵ سووتێنران، سەدان هەزاریش خەڵکی مەدەنی کوژران و ئاوارە کران، بەپیر و ئافرەت و منداڵیشەوە)[١٢٥]. لەلای ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، ڕابەران و بەشدارانی بزووتنەوەی کورد خائینن، بۆیە دەبێ ئیعدام بکرێن. ڕژێمی تورکیا لە ٢٩/نیسانی ١٩٢٥دا شێخ سەعید و چل کەسی تر لە هاوکارانی لە دیاربەکر ئیعدام کرد[١٢٦].

١٩٢٥/٦/٢٥ هەندێ لەناودارانی کورد، نامەیەکیان ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرد، تیایدا باسی جینۆسایدی گەلی کوردیان ڕوون کردبووەوە، کە چۆن حکومەتی ئەنقەرە لەدژی گەلی کورد جێبەجێی دەکات، هەر وەکو چۆن پێشتر تورکیا لەدژی ئەرمەنەکان پەیڕەوی دەکرد[١٢٧]. سیاسەتی جینۆساید لە یاساکانی ڕژێمی تورکیادا جێگیر کراوە، ١٩٢٦/٥/٣١ ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا یاسای ژمارە ٨٨٥ ی دەرکرد، بەگوێرەی ئەو یاسایەش، هێرش و پەلاماردانی سەر ناوچە کوردییەکان، کاری ڕەوان[١٢٨]. لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦ ڕژێمی تورکیا، بەکۆمەڵ خەڵکی ڕاگواستووە و

یاساییەکانی تورکیا بوونی میللەتی کورد ڕەت دەکەنەوە، کەواتە واقیعێکی ڕاستەقینە ڕەت دەکەنەوە)[١٢٠]. ڕاستی ئەم بیر و ڕایەی بێشکچی لە یەکەم دەستووری تورکیادا/ ساڵی ١٩٢٤/ چەسپێندراوە.

بەندی ٨٨ دەڵێ:

(هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەچەڵەکی ئاینی و ڕەگەز، تورکن)[١٢١]. بەگوێرەی ئەم بەندەش، لەڕووی یاساوە، هەموو هاوولاتیانی تورکیا تورکن، کەواتە ئەم بەندە یاساییە، بوونی هەر نەتەوە یا گەلێکی تر یا کەمە نەتەوەیی جگە لە تورک لە تورکیادا ڕەفز دەکات و هەموویان بە تورک پێناسە دەکات. کوردیش گەورەترین بەشی نیشتمانەکەی و زۆرترین ژمارەی بە تورکیاوە لکێندراوە لەچوارچێوەی سنووری یاسایی و سیاسی تورکیادایە. ئەم ئایدیایە، بە یاساکردنی سیاسەتێکی کۆلۆنیالیانەیە بۆ هەڵلووشینی گەلی کورد بە خاک و مێژووەکەیشیەوە. هەر بۆیەش ئەو ولاتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، (کاربەدەستانیان لووت بەرزانە و مەغرووڕانە دەڕواننە کورد) هەر لەو پێودانگەشەوەیە کە (ئەو فەرماندانەی کە دەسەلاتی ناوەندیی لە کوردستاندا دایان دەمەزرێنێ، کەسانی ناسراون بە دڕی و توند و تیژی)[١٢٢]. دکتۆر مەجید جەعفەر ڕاستی بۆ چووە کە بیر و ڕای وایە: (هەموو دیاردەو پێگەی کۆلۆنیالیزم و پەیوەندی کۆلۆنیالیانە لە نێوان دەسەلاتی ناوەند و بەشەکانی کوردستاندان، ئەم بوارانەش، لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتووری و سەربازی و سایکۆلۆژی گرتووەتەوە)[١٢٣]. زیاتر بۆ دەرخستنی ئەو ڕایەی د. مەجید جەعفەر، ئاماژە بە وتەکەی

لە کۆمەڵگەی کوردەوە بۆ کۆمەڵگەی تورک. (بڕوانە: بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی).

٣- پرۆسەی تواندنەوە: بریتییە لە، جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی ئابووری تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە وازیان لە کوردایەتی هێناوە، هەروەها گەڕانی لێپرسراوانی دەوڵەت بەدێهاتەکانداو هاندانی فەرمانبەر و سەربازەکان کە ژنانی کورد بخوازن، دەوڵەتیش بۆ ئەم مەبەستە زەوییان بەسەردا دابەش دەکات بۆ ئەوەی لەناوچەکاندا جێگیر بن.

٤- زمانی کوردی قەدەغە بکرێ و ئەوەی کاری بکەوێتە دانیرەکان دەبێ وەرگێڕ لەگەڵ خۆیدا بهێنێت[١١٩].

تاوانی جینۆساید لە باکووری کوردستان، هەموو لایەنەکانی ژیانی کوردی گرتووەتەوە. لەڕووی تیۆریەوە، لە یاساکانی ناوخۆدا، گەلی کورد لە تورکیا بوونی نییە، لە پراکتیکیشدا، سوپا و پۆلیس و دەزگاکانی دەوڵەت هەموو توانایەکیان خستووەتە کار لەدژی گەلی کورد، گرتن، تۆقاندن، ئیعدامکردن، بەکۆمەڵ ڕاگواستن، فەوتاندنی کەلتوور و تایبەتمەندی نەتەوەیی. لەم ڕووەوە ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ:

(ئەو بڕیارە یاساییانەی دەرهەق بەمەسەلەی کورد دەدرێن، لە دادگا باڵاکانی تورکیا وەکو دادگای بەرزو ئەنجومەنی دەوڵەت و دادگای ڕەتکردنەوە، بڕیاری یاسایی نین، بەڵکو بڕیاری سیاسین. بەگوێرەی یاسای دەوڵەتی تورکیاش، کۆماری تورکیا، بەخاک و گەلەوە یەکگرتووەو قابیلی دابەشبوون نییە، بەمەش دەزگا

بە چ زمانێک قسە دەکەن، ئەگەر بەکوردی قسەیان بکردایە، دەبوایە بەرامبەر هەر وشەیەک (٥) قروشیان باجی ئەو تاوانە بدایە کە کوردن. جاری وا هەبوو ئەو باجەی دەیاندا زیاتر بوو لەپارەی ئەو شتومەکانەی کە هێنابوویان بۆ فرۆشتن[١١٨].

بەڵگەنامەیەکی گرنگی پشکنەری گشتی تورکیا ئابدین ئوسمان، دەربارەی ستراتیژی تواندنەوەی کورد و نەهێشتنی تایبەتمەندی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ژووروودا، لە ئەرشیفی بەریتانیادا پارێزراوە، ئەو ڕاپۆرتە لە چلەکاندا ئاڕاستەی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی تورکیا کراوە. ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە، داڕشتنی سیاسەتێکی تایبەتی ناوخۆی ویلایەتەکانی بتلیس، دیاربەکر، وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفەو سیرتە کەبریتییە لەپرۆژەیەکی کۆلۆنیالانەی درێژخایان بۆ نەهێشتنی بوونی نەتەوەیی کورد، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- نیشتەجێکردنی کۆچەرە تورکەکان، لە ناوچەکانی کوردستاندا، بەو مەرجەی هەر ساڵەی ٣-٥ دێهاتی تورک نشینی سەد ماڵی دروست بکرێ، چونکە مەسەلەی تورکاندن و تواندنەوەی گەلێکی دواکەوتووی نەخوێندەوار لە بووتەی گەلێکی ڕووناکبیر و پێشکەوتوودا ئاسانتر دەکا.

٢- دوورخستنەوەی منداڵانی کورد لەدایک و باوکیان و کۆکردنەوەیان لە فێرگەی شەوانەی تایبەتداو مامۆستای لێوەشاوەو کارامەیان بۆ دابنرێ بۆ ئەوەی بە گیانی تورکیزم و تورکپەروەری پەروەردەی تەواو بکرێن و زمانی تورکی بکرێتە تاکە زمانی ئاخاوتن و بەرنامەی تایبەتیان بۆ دابنرێ. ئەمەش بەزۆر ڕاگواستنی منداڵانە

نەهێشتنی بوونی نەتەوەیی کوردە، ئیتر بە هەر هۆ و بە هەر ئامرازو ڕێگایەک بێت. ئالێرەوە، ئەو خاڵە گرنگە دەستنیشان دەکرێ کە ئەو تاوانانەی لەدژی گەلی کورد دەکرێن، تاوانی جینۆسایدن، لە تاوانی ئاسایی جیا دەکرێنەوە، کە مەبەستەکە نەهێشتنی بوونی نەتەوەییە، دیارە ئەو نەهێشتنەش، هەر فەوتاندنی بەدەنی نییە، بەڵکو نەهێشتنی کەلتووری نەتەوەیی و هەموو سیما و دیاردەیەکە کە بوونی سەربەخۆیی میللەتی کورد دیاری دەکات.

بەندی (٦٩)ی یەکەم دەستووری تورکیا لە ١٩٢٤دا، ئەو بیر و ڕایە لە چوارچێوەی یاسادا دەچەسپێنێ و دەبێتە دەستووری وڵات لەدژی گەلی کورد، کە دەڵێت؛ (هەموو تورکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا)[١١٧]. بەگوێرەی ئەو بەندە، دوو جۆر مانا لێک دەدرێتەوە، یا تەنیا تورکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا، یا ئەوەتا جگە لە تورک، لە چوارچێوەی سنووری سیاسی-یاسایی تورکیادا هیچ گەل و نەتەوەیەکی تر نییە. ئەمەش وا نیشان دەدات بەگوێرەی دەستووری تورکیا، تەنیا تورک لە تورکیادا دانی پێدا دەنرێ و مافی ژیانی هەیە. کەواتە نە کورد بوونی هەیە و نەکوردستانیش دانی پێدا دەنرێ، هەر بۆیەش بەندی (٦٩)ی دەستووری یەکەمی تورکیا وا دیاری دەکات ئەوەی بەڕەچەڵەک تورک نەبێت مافی یەکسانی نییە لەبەردەم یاسادا. ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ هەموو کارێکی ناڕەوا (بە یاسایش دابنرێ) لەدژی ئەوانەی کە تورک نین لە تورکیادا.

زمان، هۆیەکی گرنگی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جیاوازی نەتەوەییە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بوونی زمان، بوونی نەتەوە دەسەلمێنێت. لە سییەکاندا، دەزگاکانی پۆلیس لە تورکیا، تەرخان کرابوون بۆ چاودێری کردنی جوتیارە کوردەکان، لە هاتوچۆی شارەکاندا تا بزانن

فاکتی تاوانی جینۆساید لە باکووری کوردستان

لەو میللەتانەی کە لە خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیا دەژین، کورد کۆنترین میللەتی ئەو ناوچەیەیە، هەر وەکو، ڕۆژهەڵاتناس م. س. لازەریف دیاری کردووە، دەرکەوتنی کورد لەو ناوچانەدا لەپێش تورک و عەرەبەوەیە هەر بۆیەش کورد بەشێکە لە ڕووداوە جەنگی، سیاسی و کەلتوورییەکانی ناو ئیمپراتۆری و حکوومەتە تازەکانی ئەو ناوچەیە(١١٣).

لە ساڵی ١٩١٩دا مێجەر نوئێل لە ناوچەکانی باکووری کوردستاندا گەشتی کردووە، لەباسی خانووبەرەی کوردیدا دەنووسێ، کە؛ (کورد خاوەنی چێژو شارستانیەتێکی دێرینی ڕەسەنە)(١١٤). زاناو سۆسیۆلۆگی تورک، دۆستی دڵسۆزی گەلی کورد ئیسمایل بێشکچی کە سەرجەمی ژیانی خۆی بۆ داکۆکیکردن لە گەلی کورد تەرخان کردووە، دەڵێ؛ (هەوڵی تەواو و توند بۆ خنکاندنی پێناسەی نەتەوەیی کورد بەبەردەوامی دەدرێت. هەروەها بۆ کردنیان بە کۆیلە و ئینجا سڕینەوەی نازناو و کەلتوور و شارستانێتی و زمانیان لەسەر پەڕەی مێژوو و سەر زەمین)(١١٥). بێشکچی، هەر لەبارەی فەوتاندنی گەلی کوردەوە دەڵێ: (لە تورکیا نەتەوەی کورد هێندەی نکۆڵی لە بوونی خۆی و پێناسەی نەتەوەیی خۆی بکات دەتوانێت بە ئازادییە لاوەکییەکان شاد بێت و سوود لە پرنسیپی مامەڵەی یەکسان وەربگرێت)(١١٦).

کەواتە، کێشەی کورد لەوەدایە، وەکو میللەتێکی سەربەخۆ بوونی هەیە، بۆیە سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەپلەی یەکەم

میللی و پەیوەندی کۆمەلایەتی، دەکرێ پێی بووترێ مردنێکی لەسەرخۆی خەڵکەکە.

ئەم فاکتانە بەشێکی کەمن لە مێژوویەکی دوور و درێژی تاوان و وێرانکاری و خوێن ڕشتن، لێرەشدا، زیاتر ئەو ڕووداوانەمان تۆمار کردووە کە خەڵکی کوردستانی بەگشتی گرتووەتەوە، ئەوە هەمیشە ئەوانەی لە ریزی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا یا لە ریزی سەرجەمی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقدا کاریان کردووە، خۆیان بەمەرگ مەحکومن، کەس و کاریشیان یان بەگرتن یان دەرکردن.

دیکەی ئێران دوور دەخرانەوە، زۆریان ڕەوانەی زیندانی قەسری قەجەر کران[١٧٩]. زیندانەکانی تریش پڕکران. نزیکەی (١٢٠) کورد لەماوەی نێوان ١٩٣٤-١٩٤٠ ئیعدام کران. سیاسەتێکی تایبەت بۆ دواخستنی کوردستان پێڕەو دەکرا، کە ئەنجامێکی خراپی هەبوو لەسەر ژیانی کەلتووری و تەندروستی و کۆمەلایەتی گەلی کورد لە ئێراندا. هەتا جەنگی دووەم لە سەرجەمی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کە سەردەشت و سەقز و بانە و مهاباد و شنۆ و لاجان و نەغەدە و بۆکان.. هتد دەگرێتەوە کە دانیشتوانی نزیکەی یەک ملیۆن کەس دەبوو، تاقە قوتابخانەیەکی ئامادەیی هەبوو. لە ناوچەکانی مهاباد و (٦٥) گوندی دەوروبەریدا، تەنیا پێنج قوتابخانەی سەرەتایی هەبوون، باری تەندروستیش لە باری ڕۆشنبیری خراپتر بوو، سەرجەمی ئەو ناوچەیە کە (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دانیشتوانی هەبوو یەک نەخۆشخانەی تێدا بوو کە جێگەی بیست نەخۆشی تێدا دەبووەوە. هاوکات سیاسەتی ڕاگواستنیش پێڕەو دەکرا. لە ساڵی ١٩٣٥دا بەشێکی زۆری عەشیرەتەکانی گەڵباخ و جەلالی و پیران بۆ سوڵتان ئاباد و کرمان و شیراز ڕاگوێزران. لە زرووفێکی سەختی وادا ڕاگوێزران کە بە قسەی ئەفسەری سەرپەرشتکاری ڕاگواستنەکە هەموو ژن و مناڵ و گەلێ لە پیاوانیش لەرێگادا مردن[١٨٠].

لەنێوان دوو جەنگی جیهانیدا حکوومەتی ئێران، بەچەک خەڵکی کوردستانی سەرکوت دەکرد، زمانی کوردی بەتەواوی قەدەغە بوو، هەندێ تایەفەی کورد بەتەواوی قەلاچۆ کران. عەشیرەتی جەلالی کە لە سنووری ئێران و تورکیا و سۆڤیەت دەژیان لە (١٠,٠٠٠) کەسیان کە

بۆ ناوەندی ئێران ڕاگوێزرابوون ساڵی ١٩٤١ تەنیا چەند سەد کەسێکیان گەڕانەوە کوردستان. ژەنراڵ ئەحمەد ئاغا خان سەبارەت بەقەڵاچۆ کردنی خوێناوی لوڕەکان بە (قەسابی لوڕستان) ناوبانگی دەرکرد. تایەفەی گەڵباخیش بۆ ناوچەی هەمەدان و ئەسفەهان ڕاگوێزران تا تورک زمانەکان بۆ جێگەی ئەوان بێنن) (١٨١). لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد ساڵی ١٩٤٦ و لەسێدارە دانی قازی محەمەد و کۆمەڵێ لە ڕابەرانی کۆمار، گەلی کورد کەوتەوە ژێر چەوساندنەوەو زمانی کوردی قەدەغە کرایەوە، چاپەمەنی کوردی یاساغ کراو کتێبە کوردییەکان سووتێنران[١٨٢].

سیاسەتی ڕژێمی پەهلەوی، دانی بەبوونی کورددا نەدەنا وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە فارس. کاربەدەستانی ئێران وایان بڵاو دەکردەوە کە کورد یەکێکە لە قەبیلە ڕەسەنەکانی ئێران و زمانی کوردی یەکێکە لە زاراوەکانی زمانی فارسی. چەندین مامۆستای زانستگای تاران- و زانای ئێرانی لەلایەن کاربەدەستانەوە ڕاسپێردران، بۆ ئیسپات- کردنی ئەو بۆچوونە لێکۆڵینەوەو باسی مێژوویی و جوگرافی و زمانەوانی و سۆسیۆلۆگی بنووسن[١٨٣]. دیارە ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی فەوتاندنی نەتەوەیی، زۆر بەهێمنی و بەکاوەخۆ پرۆسەی تواندنەوەی گەلی کورد ئەنجام دەدات. سەفیری بەریتانی لەگەڵ یەکەم سەفیری عێراقیدا لە دەرباری پەهلەوی، گفتوگۆ دەکات و دەڵێ:

(سیاسەتی تورک بەرامبەر کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، سیاسەتی توند و تیژی و نەهێشتنیانە بەهەموو ڕێگایەک، ئنجا بەتورک کردنیان. بەڵام سیاسەتی ئێرانی بەرامبەر کورد بریتیە لە

سیاسەتی پشتگوێ خستن، واتە فەرامۆشکردنی ڕەگەزی کورد و یارمەتی نەدانی لەڕووی پەروەردەو تەندروستی و ئیسلاحات و شتی ترەوە تا ڕۆژێ دێ ئەوەندە لاواز ببێ نەتوانێ خۆی ڕابگرێ و ناچار بێ لەناو ڕەگەزی ئێرانیدا بتوێتەوە و نەمێنێ)(١٨٤).

ئەگەر سیاسەتی ڕژێمی پەهلەوی لە کۆندا بەو جۆرە بووبێ، بۆ فەوتاندنێکی لەسەرخۆی گەلی کورد، ئەوا سیاسەتی ڕژێمی تازەی ئێران، لەگەڵ درێژەپێدانی هەمان سیاسەتدا، بەکارهێنانی چەک و بەکۆمەڵ کوشتن و وێرانکردنی هەر جێگەو بەرمیەکە، کە داخوازی خەڵکی لێوە بێ بۆ مافە ڕەواکانیان. کوردستانی بندەستی ئێرانیش هەر وەکو بەشەکانی تری کوردستان کە لکێندراون بەو وڵاتانەو لەژێر زەبری سیاسەتێکی کۆلۆنیالیانەدایە، وەکو هەمان سیاسەتی تورکیاو سوریاو عێراق. ڕۆژهەڵاتناس پرۆفیسۆر م. س. لازەریف زانستیانە هەستی بەوە کردووە کە (سەرانسەری ناوچە کوردییەکانی ئەو وڵاتانە بەئاشکرا جیاوازی پێوە دیارە، کە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری نزمترە لە ناوچەکانی تری ئەو وڵاتانە)(١٨٥).

ڕەفتارێکی تری ڕژێمی ئێران، وەکو ڕژێمە داگیرکەرەکانی تری کوردستان، ئەوەیە، لە سەرژمێری دانیشتواندا، ڕاستی دەگۆڕێ و کەمی دەکاتەوە. هەر بۆ نموونە سەرژمێری ١٩٥٦ و ١٩٦٦ چۆنیەتی پێکهاتەی نەتەوەیی ئێران، شێوێنێ، بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا(١٨٦).

ڕژێمی ئێران هەمیشە بەشداربووە لەگەڵ وڵاتانی تردا بۆ لێدانی هەر بزووتنەوەیەک لە کوردستاندا بێ. لەدوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، سەرتیپ هۆمایۆنی لە ١٩٤٧/٣/٢٥دا، لە

ناوچەی حاجی ئۆمەران چاوی بەڕێوەبەرانی عێراقی عەلی حیجازی کەوت. حیجازی پێشنیاری بە هۆمایۆنی کرد کە ئەرتەشی عێراق ئامادەیە دژی بارزانییەکان یارمەتی لەشکری ئێران بدات. هێزە چەکدارەکانی تورکیەش ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ لەشکری شادا ڕاگەیاند(١٨٧).

یەکێک لەو ڕێکەوتننامە گرنگانەی نێوان ئێران و عێراق و تورکیا کە ئەفغانستانیش بەشداربوو بەسەرپەرشتی بەریتانیا، پەیمانی سەعد ئاباد بوو لە مانگی ئابی ١٩٣٧دا. بەگوێرەی ئەم پەیمانەش ئەو وڵاتانە هاوبەش بوون لە یەکخستنی هێزیان بۆ لێدان و ڕێگەنەدانی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد لە ناوچە سنوورییەکانی هەر سێ وڵات(١٨٨). یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەو پەیمانە بریتی بوو لە بەشداربوون و هاوئاهەنگی توانای ئەو سێ وڵاتە لە دژی گەلی کورد. بەگوێرەی بەندی حەوتەمی ئەو پەیمانە بڕیاری بەکۆمەڵ ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای (کوردستانی بن دەستی ئێران) بوو بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران. هەمان بەند ئەوە دیاری دەکات کە لایەنەکانی ئەو پەیمانە پابەندێتی ئەوە دەخەنە ئەستۆی خۆیان، هەوڵ بدەن هیچ چالاکییەکی چەکدارانە یا کۆمەڵە و ڕێکخراو ڕێگە نەدەن کە بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دام و دەزگایانە بێت کە هەیە و بەرپرسیارێتی یا پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەموو بەشێکی سنووری ئەو وڵاتانەی خستووەتە ئەستۆی خۆی(١٨٩).

بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق لە ١٩٣٧/٧/١٨دا هەردوولا لە دوای بڕیار لەسەردانی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەزووترین کات

چەند ڕێکەوتننامـەیەکی تر مـۆر دەکـەن. دووان لەو ڕێکەوتننامـانە پێـوەندیـان بە کـوردەوە هـەیە، دەربارەی ئاشـتی و ئاسـایشـی ناوچە سنووریـیەکان و دەربارەی گۆڕینەوەی تـاوانباران[190]. لەدوای کەوتنی کۆماری کوردستان لە مـهاباد و کۆماری ئازربایجـانی ئێران، زیاتر لە (١٥,٠٠٠) کـەس کـوژران، ئەمـە سـەربـاری ئیـعدامکردنی ڕابەرانی کورد[191].

ڕێکەوتننامـەی ١٩٧٥/٣/٦، لە نێـوان عـێـراق و ئێـراندا، زەبرێکی کـوشنـدە بوو لە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخـوازی گـەلی کـورد. بەگـوێرەی پرۆتۆکۆلی ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١٣ دەربارەی ئاسـایشی سنووری نێـوان ئێران و عێراق تەواوی سنووری نێـوان ئەو دوو وڵاتە کۆنتـرۆڵ دەکرێ. ئەم پرۆتۆکـۆڵە نۆ بـەندە، شـەش بەندی، لە بەندی یەکـەمـەوە تا بەندی شەشەمی پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەیە.

بەندی یەکـــەمی: هـەردوو لا پابـەند دەکـــات کـــە زانیـــاری دەربارەی ئاژاوەچییەکان بگۆڕنەوەو هەر کارێکی بەپێویستی دەزانن ئەنجـامی بدەن بۆ بـەربەند کـردن و سـەرکـوتکردنـی هەر چالاکییـەک لەلایەن هەر دەستـە و تاقمـێکەوە بـێ لەسـەر خـاکی هەر یەکێ لەو دوو وڵاتە دژی ئەوی تریان.

بەندی دووەم: داخستنی سنووری نێوان ئێران و عـێراق بەهاوکاری هەمەجۆرەی هەردوو لا.

بەندی سـێـیەم: دیاریکردنی ئەو ناوچە سنووریـیانەی نێـوان ئێـران- عێراق - تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنیان.

بەندی چوارەم: تەرخـانکردنی هەموو جۆرە پێویستییـەکی مرۆیی و ماددی گرنگ بۆ داخستنی سنوورەکان.

بەندی پێنجەم: ئاگادارکردنەوەی یەکتر و تەسلیم کردنەوەی "ئاژاوەچییان".

بەندی شەشەم: لە کاتی پێویست_دا بریار لەسەر قەدەغەکردنی هەر ناوچەیەک کە پێویستە دەیدەن، بۆ بەربەندکردنی کەسانی "ئاژاوەچی"(١٩٢).

لەپاش کەوتنی ڕژێمی شا و هاتنە سەر حوکمی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران، گەلی کورد کەوتەوە بەر ئاگر باران، کوردستان بوو بە مەیدانی ئیعدامکردن و گوللەبارانکردن، ئاگر خۆشکردنی شەڕی نێوان کورد و ئازەری و کوشتاری خەڵکی قارنە(١٩٣). دیمەنی دیاری سیاسەتی ڕژێمی ئێرانن لەدژی گەلی کورد، بەبیانووی ئەوەی لە ئیسلامدا مەسەلەی نەتەوایەتی بوونی نییە، ڕژێمی ئیسلامی ئێران، کەوتە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد و بە کۆمەڵ گرتنی خەڵکی کوردستان، بەکۆمەڵ کوشتن. ئیتر سیاسەتی جینۆساید کە ڕژێمی ئێران پەیڕەوی دەکات، لە پراکتیکدا نەخشی دیار بوو، گوللەبارانکردنی لاوانی کورد لە بەندیخانەکاندا، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قارنە، قەلاتان، قەرەگۆل، کوورەخانەکانی سەروقامیش و کوشتاری بەکۆمەڵی گوندی ئیندرقاش، وسووکەند، دیلانچەرخ و سەروکانی. وێرانکردنی سەدان گوند و گواستنەوی خەڵکی زەحمەتکێش و ڕەش و ڕووت بۆ ناوچەکانی تر و ئاوارەو دەربەدەرکردنی هەزاران خاو و خێزانی کوردستان(١٩٤). وەنەبێ وێران کردن یا کوشتن و گرتن هەر تەنیا یەک ناوچەی گرتبێتەوە، سەرانسەری ناوچەکانی کوردستان – ئێران، ببوونە مەیدانی مەرگ و وێرانکردن. لە ١٩٩١دا، لەناوچەکانی باکووری کوردستانی ئێراندا، ئەم گوندانە وێران کران: سپیدارۆک، سولینک، فرخنیک و حروشە

سوور. خەڵکی ئەو گوندانەش ئاوارە بوون و ڕوویان کردە گوندەکانی تر[١٩٥].

وەکو چۆن لە سەردەمی شای ئێراندا باری سەرنجی ڕەسمی دەوڵەتی دانی بە هیچ کێشەیەکدا نەدەنا کە ناوی کێشەی کورد بێ[١٩٦]. بەهەمان شێوەش کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەدژی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردن. نەک هەر نایانەوێ چارەسەری کێشەی کورد بکەن، بەڵکو کەوتنە زیاتر ئاڵۆزکردنی و وێرانکردنی کوردستان و بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکەکەی. ئەگەرچی لەکاتی کەوتنی ڕژێمی شادا بزووتنەوەی کورد ناوچەکانی کوردستانی گرتە دەست و دەسەڵاتی خۆی تێدا دامەزراند، بەڵام ڕژێمی ئیسلامی هەر لەو کاتەوە لە سەرانسەری ناوچەکانی کوردستانی ئێران لە حاڵەتی جەنگدایە.

لە حوزەیرانی ١٩٨٣دا، حکوومەتی ئێران ڕایگەیاند کە هێزەکانی (١٠٠) سەد پێشمەرگەیان لە ناوچەی مەهاباد کوشتووە. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ (سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لە نامەیەکیدا بۆ کۆبوونەوەی یەکێتی جیهانیی مافی مرۆڤ، ڕایگەیاند کە حکوومەتی ئێران بۆمبای فسفۆری و گازی ژەهراوی لە هێرشەکانیدا بەکارهێناوە، هەروەها حیزبی دیموکرات، ئێرانی بەوە تاوانبار کردووە کە حکوومەتی تاران (٥٩) کوردی لە مهاباد و ورمێ لە دووی حوزەیراندا ئیعدام کردووە[١٩٧]. ئیتر ئەو ڕەشە کوژییە کە دەستی پێ کرا لە (١٢) ساڵی حوکمی ڕژێمی ئێراندا تا ساڵی ١٩٩١ زیاتر لە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار کورد کوژراوە[١٩٨].

ڕێکخراوی Amnesty International، لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٩٠ بەژمارەو وێنە و فاکتەوە، ئێران

بەپێشێل‌کردنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەکات، کە بەکۆمەڵ خەڵکی دەگرێ یان بەکۆمەڵ ئیعدام دەکا و هەموو جۆرە ئازارێکی گیراوەکانیش دەدات. تەنیا لە ساڵی ١٩٨٩دا زیاتر لە (١,٥٠٠) کەس ئیعدام کراون، لەناو ئەوانەدا کورد و غەیری کوردیشی تێدایە[١٩٩].

ڕێکخراوی ئەمنیستی ئنتەرناشناڵ لە چەند ڕاپۆرتێکی تردا لە ١٩٩١، ١٩٩٢ و ١٩٩٣دا باس لە تاوانەکانی ڕژێمی ئێران دەکات، کە لەبەر جیاوازی بیر و ڕای سیاسی، ئاینی خەڵکی دەداتە بەر دادگای ناعادیلانەو بەر ئازار و ئەشکەنجە، ڕژێم دوای کەسانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکەوێ و تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش دەیانکوژێ[٢٠٠]. هەر وەک لە نەیارانی ئێران لە وڵاتانی دونیا لە پاریس و یۆنان و ڤییەنا و ئەڵمانیا کوژران.

پەرلەمانی ئەورووپا لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٩٢ لە بڕیارێکیدا/خاڵی ٢٢/، داوا لە بازاڕی هاوبەش و دەوڵەتە ئەندامەکانی دەکات، کە هۆشیاربن لەوەی کە ئایا ڕێز لە مافی مرۆڤی کوردی ئێران و سوریا چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ دەگیرێ یان نا؟[٢٠١].

هەروەها لە ١٦ی حوزەیران ١٩٩٣دا دیسانەوە بڕیارنامەی ١٢ی حوزەیران لەسەر مافە مرۆییەکانی گەلی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان وەبیر دێنێتەوەو ناڕەزایی و ئیدانەی خۆی ئاشکرا دەکات و بەئاگاداربوونی تەواو لەو سەرکوتە توند و تیژە کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە دژی کورد بەڕێوەی دەبات. دوایش ناڕەزایی لەو هێرشانە دەردەبڕێ کە ئەرتەشی ئێران بەتۆپی قورس و بەپشتیوانی هێزی هەوایی کردوونیەتە سەر گوندەکانی کوردستانی عێراق. پەرلەمانی ئەورووپا، هەروەها ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و تورکیا کە لەدژی گەلی کورد پێڕەو دەکرێن وەبیر دێنێتەوەو داوا لە شوورای کۆمەڵەی

هاوبەشی ئابووری ئەورووپا دەكات كە بەپەلە مەسەلەی پێشێلكردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ و لەژێر پێ نرانی بەردەوامی مافە دیموكراتیك و فەرهەنگییەكانی گەلی كورد بخەنە بەرباس و لێكۆڵینەوە. پێشێلكردنی ئەو مافانەش جێگیربوونی ئاشتی و سەقامگیربوونی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا كەم دەكاتەوە. هەروەها پەرلەمان، داوا لە سەرۆكی پەرلەمان دەكا كە ئەو بڕیارنامەیە بە شووراى ئەورووپا، كۆمیسیۆنی پەرلەمانی ئەورووپاو هەروەها حكومەتەكانی ئێران، عێراق، سوریا، توركیا و كوردستانی عێراق ڕابگەیەنێ(٢٠٢).

ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكانی ئێران، بەشدارانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد بەتاوانبار دەزانن، هەر بۆیەش هەمیشە پیلانیان بۆ كوشتنیان ڕێكخستووە. كوشتنی سمكۆ، لە سێدارەدانی قازی محەممەد و هەڤاڵانی ساڵی ١٩٤٦، كوشتنی د. قاسملۆ و هەڤاڵانی لە ڤیەنا لە ١٩٨٩/٧/١٣دا، كوشتنی د. سادقی شەرەفكەندی و هەڤاڵانی لە بەرلین ١٩٩٢/٩/١٧، هەروەها كوشتنی هەزارانی تری بەشداری بزووتنەوەی كورد بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. ڕژێمی ئێرانیش هاوكار و بەشدارە لەگەڵ ڕژێمەكانی تری داگیركەری كوردستاندا بۆ لێدانی كورد و ڕێگە پێ نەدانی ئازادی لە هەر جێگەیەكی كوردستان بێ. وەزیری دەرەوەی ئێران ویلایەتی لە پێویستی هاوكاری سێ قۆڵی ئێران و سوریاو توركیادا داوای یەكخستن دەكات و دەڵێ:

(هەماهەنگی كردنی هەڵویستەكانی هەرسێ وڵات بەرەو پێشگرتن لە تەئسیراتی گێرەشێوێنانەی پشێوی ناوخۆ بەتایبەتی ئەوزاعی پشێوی ژووروری عێراق، لەسەر ئاسایشی نەتەوەی هەر سێ

وڵاتەکە)[٢٠٣]. هەر بۆیە بەمەبەستی لێدانی هاوبەشی ئەو وڵاتانە لەدژی کورد و تێکدانی ئەو حکوومەتەی کە لە خوارووی کوردستان دروست بووە، ڕۆژی ١٤/١١/١٩٩٢ لە ئەنقەرە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و تورکیاو سوریا پێک هێنرا. مەبەستی سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیە پیلاندانان بوو لە دژی بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتانەو تەگەرە خستنە بەر کاروباری حکوومەتی کوردستانی عێراق[٢٠٤].

کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی بەربەند کردنی جیاوازی ڕەگەزو پشتیوانی لە کەمایەتییەکان سەربە ڕێکخراوی UN، لە نیوەی یەکەمی مانگی ٨/١٩٩٤دا ڕێکخرا، نوێنەری-فرانس لیبرتی- لەو کۆبوونەوەیەدا ڕاپۆرتێکی هەمەلایەنەی دایە بەشدارانی، بەشێکی ڕاپۆرتەکە پەیوەندی بەئێرانەوە هەبوو. ڕاپۆرتەکە دەڵێ: (حکوومەتی ئێران وێڕای تیرۆریزمی دەوڵەتی، زۆر دەستدرێژی توندی دیکە لە بواری مافی مرۆڤـدا لە ناوچە کوردنشینەکان ئەنجام دەدا). هەروەها ڕاپۆرتەکە گەلێ نموونە دێنێتەوە، هەندێک لەوانە:

١- لەنێوان ژوئەنی (حوزەیران) ١٩٩٣ تا ژانویەی (کانوونی دووەم) ١٩٩٤دا، (٥٦) کەس بە تاوانی لایەنگری لە حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران گیراون و ئەشکەنجەدران.

٢- (٥) کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبە، پاش دوو ساڵ زیندانی کردن، لە مارسی ١٩٩٤دا لە شاری کرماشان ئیعدام کران.

٣- لە ٨ی سێپتێمبەری ١٩٩٣دا، (٧٠) کەس بەتاوانی لەبەرکردنی جل و بەرگی کوردان گیراون، کە (١٠) دە کەسیان بێ سەر و شوێن کراون.

٤- له مانگی ژووینه (تەمموز) تا دیسامبری ١٩٩٣دا، نزیکەی (١٠٠) دێ کە زۆربەیان لە ناوچەکانی سەردەشت، بانە، شنۆ، بۆکان و مەهابادن وێران کراون و دانیشتوانیان دەرکراون، ژمارەیەکی زۆریش لەو گوندنشینانە بەهۆی ئەو مینانەوە کە دانراونەوە گیانی خۆیان لەدەست داوە. ئەو مینانە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا لەو گوندانە کە لەگەڵ کوردستانی عێراق هاوسنوورن دانراونەوە.

٥- (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار کەس لە هێزە چەکدارەکانی ڕژێم لە ناوچەی کوردستان جێگیر کراون و دەبنە هۆی خوڵقاندنی کارەساتی دڵتەزێن.

٦- لە ساڵی ١٩٩٣دا، (١٣٠) کردەوەی تیرۆریستی لە کوردستانی عێراق بەڕێوە چوون. نزیکەی (٢٠٠) گوند کە زۆربەیان بەیارمەتی ڕێکخراوە ئینسانییەکان ئاوەدان کراونەتەوە، لە ئاکامی بۆمباباران و تۆپبارانی هێزەکانی ئێران-دا وێران کراون.

٧- خەڵکی ئاسایی کە پێشتر گیروگرفتی زۆریان هەبوو، لە ئاکامی ئەو هێرش و دەستدرێژییە نیزامییانەدا، تووشی ماڵوێرانییەکی زۆر هاتوون[٢٠٥].

ئەم ڕاپۆرتەی-فرانس لیبرتی- چمکێک لە تاوانەکانی ڕژێم لە ئێرانداو بەڵکو لە دەرەوەی ئێرانیشدا لە دژی کورد پیشان دەدات. ئەوەی گرنگە ڕوون دەبێتەوە کە ئێران بەئازادی لەدەرەوەی ئێرانیشدا سەغڵەت دەبێ و نایەوێ گەلی کورد بەئارامی لەسەر خاکی خۆی بژی و هەوڵی پێکهێنانی پاشەڕۆژێکی سەربەخۆ بدات، چونکە لەهەر جێگەیەک ئازادی بۆ کورد هەبێ، ئەو ڕژێمانە بە مەترسی دەزانن لەسەر خۆیان بۆیە خاڵی گرنگی تاوانەکانی ئەو ڕژێمانە لێرەدا وا

ڕوون دەبێتەوە کە کورد مافی نەتەوەیی نییەو سەربەخۆیی و ئازادی بۆ کوردان بەمەترسی دەزانن.

لێرەشدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سیاسەتی ڕژێمەکانی ئێران، بریتییە لە نەهێشتنی کیانی نەتەوەیی کورد کە بەگەلێ ڕێگای جیاو هاوبەش پێڕەو دەکرێ، ڕژێمی ئێران هەر خۆی سیاسەتی بەکۆمەڵ کوشتن و وێرانکردن و ڕاگواستنی لەکۆنەوە پێڕەو کردووە، لەلایەکی تریشەوە هێشتنەوەی کوردستان لە ئاستێکی نزم و دواکەوتوودا، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ڕژێمی ئێران بەشدارە لە ڕێکەوتننامە و کۆبوونەوەی چەند لایەنەدا لە دژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و لەپراکتیکیشدا ئەرتەشی خستووەتە کار و بەکوردستاندا بڵاوی کردووەتەوە و سیاسەتێکی ڕەق و ئیرهابییانە ڕەفتار دەکات. ڕێگە پێ نەدانی ئازادی و کوشتن و وێرانکردن و بەکارهێنانی چەکی جۆربەجۆر، چەوساندنەوەیەکی بەردەوامی گەلی کوردە، هەر بەردەوامیشەو لە مردنێکی لەسەرخۆدایە کە پێڕەو کردنی سیاسەتی جینۆسایدە لەپرۆسەدا دەبێ. خەڵکی کوردستان چ بەتاک چ بەکۆمەڵ ناڕەزایی دەربڕن و داوای ئازادی و مافە نەتەوەییەکانیان بکەن، ئیتر ژیان لە مەترسیدایە و ماڵ و جێگەیان وێران دەکرێ. کەواتە ڕەفز کردنەوەی مافی نەتەوەیی بۆ کورد مەرجە بۆ ئەوەی ڕژێم دەست لە سیاسەتی جینۆساید هەڵگرێ! کێشەی کوردیش لە سەردەمی ڕژێمەکانی ئێراندا هەر لەو چوارچێوەیەدا بووە، نە دان بە سەربەخۆیی خەڵکی کوردستاندا دەنرێ و نە کوردستانیش بەنیشتمانی گەلی کورد دەناسرێ.

فاكتى تاوانى جينۆسايد له ڕۆژئاواى كوردستان

گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی بەردەوام دایە. جۆری سیاسەتی ڕژێمی سوریا جیاوازە لەگەڵ سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان. لە ڕۆژئاوای کوردستان نە بزووتنەوەیەکی چەکدار هەیەو نە شەڕیش هەیە، بۆیە جێبەجێ کردنی سیاسەتی جینۆساید لەم بەشەی کوردستاندا، میتۆد و نەخشەی جیاوازی گرتووەتە خۆ. مەرج نییە جینۆساید هەر لەکاتی شەڕدا یا بەهۆی شەڕەوە ئەنجام بدرێ، هەر وەکو پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی جەختی لەسەرکردووە. جینۆساید نەک هەر لە سەردەمی شەڕدا، بەڵکو لە سەردەمی ئاشتیشدا ئەنجام دەدرێ، چونکە مەبەست لە جینۆساید هەر فەوتاندنی فیزیکی (بەدەنی) مرۆڤ نییە بە تەنیا، بەڵکو فەوتاندنی کەلتووری-نەتەوەیی مەترسییەکەی لەوەدایە، ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە پەیوەندیی نەتەوەیی یەکیان دەخات، بوونی نامێنێ و بە درێژایی مێژووی ئاسەواری کوێر دەبێتەوە. ئەمەش دەبێتە زەبر بۆ مێژوو مرۆڤایەتی، چونکە کەلتوور و ئابووری و سیاسەت و مێژووی شارستانیەتی نەتەوەیەک هەڵدەتەکێندرێ و لووش دەدرێ.

هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا و لکاندنی هەندێ ناوچەی خۆرئاوای کوردستان پێوەی، حکومەتی سوریا کەوتە پەیمانکاری لەگەڵ تورکیاو عێراق و ئێراندا. یەکێ لە مەبەستە گرنگەکانی ئەو پەیمانکاریە، هاوجووت کردنی هەوڵ و تەقەللای سوریا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بۆ بەربەرەکانێ و بەربەند کردنی هەر بزووتنەوەیەکی

کوردییە، چونکە پاشەڕۆژی ئەو بزووتنەوەیە بە مەترسی دادەنێن بۆ لەتکردنی ئەو سنووره دەسکردەی کە لەنێوان ئەو وڵاتانەدایە.

لە ١٩٢٦/٥/٣٠دا پەیماننامەی دۆستایەتی لە نێوان تورکیا و فەرەنسادا مۆرکرا، پاشتر پرۆتۆکۆڵی ژمارە هەشت وەکو پاشکۆی ئەو پەیماننامەیە مۆرکرا، لەبەرئەوەی ئەوکاتە سوریا لەژێر ماندانی فەرەنسادا بوو، بەگوێرەی بەندی یەکەمی ئەو پرۆتۆکۆڵە، سوریاو تورکیا پابەندن بە بەرهەڵستی کردنێکی هاوبەش لەدژی هەرکەس و دەستەیەک بێت لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو لایان بەگوێرەی بەندی سێیەم و چوارەمیش، هەردوولا 'تاوانباران' کە ئاودیو دەبن، دەگرن و تەسلیمی یەکدی دەکەنەوە[٢٠٦]. ئەوە ئاشکرایە کە تاوانباران و چەکداران مەبەست لەو هێزو گروپە کوردییانەیە کە ئەو سەردەمە لەخەباتدا بوون بۆ وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد.

ساڵی ١٩٤٦ لەدوای کۆتایی هاتنی ماندانی فەرەنسا لە سوریا، کە سەربەخۆیی ڕاگەیاندرا، ئیتر حکوومەتی سوریا کەوتە جێبەجێ کردنی سیاسەتی (پشتێنی عەرەبی)و تەعریبکردنی ناوچە کوردییەکان لەسەر سنووری تورکیا و عێراق[٢٠٧]. ئەم سیاسەتە دوو پرۆسەی پێ ئەنجام دەدرا، یەکەم تەعریبکردنی ناوچە سنوورییەکان و ڕاگواستنی کورد، دووەمیش، دوورخستنەوەی کوردی دیوی سوریا لە کوردی ناوچە کوردییەکانی دیوی تورکیا و عێراق.

پشتێنی عەرەبی، ناوچەیەکی پا نو بەرینی گرتەوە بەدرێژایی (٣٢٠) کیلۆمەتر و بەپانایی (٣٠) کیلۆمەتر. پرۆژەیەکی تری سیاسەتی سوریا بەپلانی (سەرژمێری نائاسایی) کوردەکان ناسراوەو تەنیا بۆ ناوچەکانی کوردستان بوو، کە (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار کورد

به بێگانه لەقەڵەم دران و بێ بەڵگەنامە و ناسنامەی سوری مانەوە. هەروەها دەوڵەتی سوری لە ساڵەکانی حەفتاکاندا لەژێر ناوی (گوندی مۆدێرن)دا پرۆژەیەکی تری داڕشت. مەبەستی ئەم پرۆژەیەش بریتی بوو لە ڕاگواستنی چەند خێڵێکی کورد بۆ دەرەوەی ناوچەکانی کوردستان و نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکان لە جێگاکانیان[٢٠٨].

بەگوێرەی پیلانی (پشتێنی عەرەبی) ڕژێمی سوریا دەیویست لە ماوەی پێنج ساڵدا دانیشتوانی کوردستان ڕیشەکێش بکات و ناچاری کۆچکردنیان بکات. بۆ ئەو مەبەستەش لە بەرایی سنووردا بەقووڵی (١٥) کیلۆمەتر و بە درێژایی (٣٧٥)کم، سەرجەم ٣٣٢ گوندی بەنێوی (کێڵگەی دەوڵەتی)یەوە چۆڵ کرد[٢٠٩]. ئەو کارانەش وا ئەنجام دەدرێ، هەر داخوازییەک لەلایەن کوردەکانەوە بکرێ بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی، ئەوا بەکوشتن و برین وەڵام دەدرێتەوە. بۆ بەربەند کردنی هەموو هەوڵێکیش، ڕێکخراو و کەسانی ناوداری کورد چەوساندنەوەیەکی توند کەوتووەتە سەریان[٢١٠].

حکومەتی سوریا لە پرۆگرامی خوێندندا ئەوەی جێگیر کردووە کە کوردەکان لە شوێنی ترەوە هاتوون و لەو ناوچانەدا جێگیر بوونە[٢١١]. ئەمەش ڕەفزکردنی ڕاستییەکی مێژووییە کە ئەو خاکەی کورد لەسەری دەژی کوردستانە. لە زانستی مێژوودا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە بوونی کورد لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌دا لە پێش بوونی تورک و عەرەبیشەوەیە.

پرۆژە نهێنییەکەی (محمد طلب هلال) لێپرسراوی سیاسی ناوچەکانی جزیرە ساڵی ١٩٦٣ بە ناونیشانی-لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ناوچەی جزیرە لە ڕوانگەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و

سیاسییەوە- لە (١٥٩) لاپەڕەدا، تابلۆیەکی دیاری سیاسەتی سوریایە و نەخشەی لەناوبردنی گەلی کوردی لە چوارچێوەدا داڕێژراوە. ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە زۆر بەڕاشکاوی سیاسەتی جینۆسایدی تێدا دیاری کراوە لەدژی بوونی نەتەوەیی کورد. محمد طلب هلال دەڵێ: (هیچ گەلێک نییە ناوی-کورد- بێت، میللەتێکیش نییە ناوی میللەتی کورد بێ).. هەروەها دەڵێ: (هەرگیز زمانێک نادۆزینەوە ناوی زمانی کوردی بێ).. ناوبراو زۆر بێ ئابڕووانە پێی لێ دادەگرێ و دەڵێ: (کوردەکان نیشتمانێکی نەتەوەییان نییە، بەڵکو کەسانێکی دانیشتووی جیاکانن..). ئیتر بەقسەی ئاغای هیلال گەلی کورد (مێژووی نییەو شارستانیەتی نییە و زمانی نییە و بەڵکو ڕەگەزیشی نییە)[٢١٢]. دیارە ئەو بیر و ڕایەی محمد طلب هلال، وەکو کاربەدەستێکی گەورەی سوریا پێشتر ڕەفتاری پێ کراوە، بۆیە وا بەڕاشکاوی و بێ ئابڕووانە کردوویەتی بە پرۆژەیەکی سیاسی و بەنووسراوی بەرزی کردووەتەوە بۆ سەرانی دەوڵەتی سوریاو ئیتر پاشتر لە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتدا تەواو ڕەنگی دایەوە.

سالانی ١٩٤٥-١٩٥٨ ڕژێمی سوریا زۆربەی ئەفسەرە کوردەکانی لە سوپا دەرکرد، ساڵی ١٩٥٨ ڕێگای زانکۆ لە قوتابیانی کورد بۆ کۆلیجەکانی ئەفسەری و پۆلیسی گیرا. کاسێت و چاپەمەنی کوردی قەدەغە کرا و کەوتنە شکاندن و سووتاندنیان. هەر کەسێک پێی بگیرایە، ئەوا دەخرایە زیندان. دەست کرا بەتەعریبکردن و (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار خێزانی عەرەب لە ناوچەکانی حەس و سەلەمیە هێنرانە کوردستان و لە زەوییە بەپیتەکانی زەهیریە و ئەحمەدیە نیشتەجێ کران. لە هاوینی ١٩٦٠دا ژمارەیەکی زۆری

سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا و نزیکەی (٥٠,٠٠٠) پێنج هەزار کوردی تر زیندانی کران. ساڵی ١٩٦٢ دەوڵەتی سوریا سەرژمێری ناوچەکانی کوردستانی کرد، بەپێی ئەو سەرژمێرە ٩٠٪ی دانیشتوانی کوردستان لە مافی هاونیشتمانێتی بێ بەش کران و بەڵگەو ناسنامەیان لێ زەوت کرا[٢١٣].

لە مانگی ئەیلولی ١٩٦٢دا ڕژێمی سوریا، سەرژمێری نائاسایی پارێزگای جەزیرەی کرد، بەگوێرەی ئەم سەرژمێرە زیاتر لە (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار کورد مافی هاونیشتمانێتییان لێ سەندرایەوەو بێ وڵات و بێ ناسنامە مانەوە. تەنانەت گەلێ خێزان هەندێ لە ئەندامانیان بەبێ ناسنامە و هەندێکیش ناسنامەیان هەرماوە. وەکو دایک و باوک ناسنامەیان هەیەو منداڵەکانیان لێیان سەندراوەتەوە یان بە پێچەوانەوە[٢١٤]. دیارە ئەم سیاسەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەوانەی بێ هیچ ناسنامەیەک ماونەتەوە مافی ژیانیان لێ زەوت کراوە، چونکە نە مافی ئیشکردن، نە کڕین، نە فرۆشتن، نە ژن هێنان یا شووکردن... هتد هیچ یەکێک لەو مافانەیان نییە، کەواتە ڕێگەی بەردەوامبوونی ژیانیان لێ گیراوە. لەلایەکی ترەوە، (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار کەس لە دیمەشق بەگوێرەی هەمان یاسای (سەرژمێری نائاسایی) بەبێ ناسنامە ماونەتەوە[٢١٥].

سیاسەتی تەعریبکردن لە کوردستاندا، لەلایەکەوە عەرەبی لەو ناوچانە نیشتەجێ دەکرد و لەلایەکی ترەوە پەیوەندی کوردی دیوی سوریاو دیوی تورکیا و عێراق لەیەک دادەبڕێ و ئەو کوردانەی ناو سنووری سوریا لە ناوچە سنوورییەکانەوە، ڕاگوێزران، کە لەئاکامدا بەگوێرەی سیاسەتی (پشتێنی عەرەبی)، (١٤٠,٠٠٠) سەد و چل

هەزار جوتیار و ڕەنجدەری کورد جێگەکانیان بەعەرەب پڕ کرایەوە و زیاتر لە (٦٠٠٠٠) شەست هەزاری تریش ڕوویان کردە تورکیاو لوبنان و شوێنەکانی تری سوریا[٢١٦].

ڕژێمی سوریاش لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی تری کوردستاندا بەشدارە لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورددا. لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ یەکێتییەکی سوپایی لە نێوان سوریاو عێراق پێکهات. ئەنجومەنێکی باڵا بۆ بەرگری هاوبەشی هەردوولا لە ١٩٦٣/٩/٢دا ڕاگەیاندرا. سوپای سوریا سنووری بڕی و هاوشانی سوپای عێراق لە ناوچەکانی زاخۆ و دهۆک بە تانک و فڕۆکە و تۆپی قورسەوە، بە قسەی عبدالسلام عارف (ئەرکی پیرۆز)ی بەجێ گەیاند. ڕژێمی عێراق بە ڕەسمی ڕایگەیاند کە هێزە چەکدارەکانی سوریا لە (باکووری عێراق!) وا دەجەنگن، سەرۆکی ئەوسای عێراق عبدالسلام عارف لە سەردانی هێزەکانی سوریادا وتی؛ (براکانم! بەناوی میللەتی عەرەبەوە بەخێرهاتنتان دەکەم، سوپاس بۆ یەزدان بۆ ئەم یەکەم بەیەکگەیشتنە. ئێمە بەختیار و خۆشحاڵین کە دەبینین سەربازانی عێراق و سوریا هاوشان دەجەنگن)(٢١٧). بەگوێرەی بیر و ڕای محمد طلب هلال، دەبوایە هێزی سوریا بەپەلە بەشدار بووایە لە شەڕی دژی کورد لە (باکووری عێراق!)، تا نەخشەی ڕاگواستن و تەعریب کردنی کوردستانی سوریا هاوکات بێت لەگەڵ لێدانی بزووتنەوەی کورد لە عێراق، چونکە ئەو شەڕە شەڕی (چەک و باوەڕ)ە[٢١٨].

چاوگێڕانێک بەناوەڕۆکی پرۆژەکەی محمد طلب هلالدا، چاکتر لە سیاسەتی سوریامان ئاگادار دەکات، چونکە ئەو پرۆژەیە بووە بە بەرنامەی سیاسی حکوومەت و جێبەجێ دەکرێ. هیلال لە پێشەکیدا

مەبەستی پرۆژەکەی دەربارەی ناوچەی جەزیرە وا ڕوون دەکاتەوە:

(اصبحت اليوم مهددة تدق ناقوس الخطر مستصرخة الضمير العربي الحي لانقاذها وتطهيرها من كل الشوائب والزبد التاريخي لتعود مساهمة فعالة كأخواتها من محافظات هذا القطر-العربي- نظرا لموقعها ومركزها وانتاجها وثروتها)

دەقەکەی بەکوردی:

پارێزگای جەزیرە (ئیمڕۆ بەر هەڕەشە کەوتووە زەنگی مەترسی لێ دەداو داوا لە ویژدانی زیندووی عەرەبی دەکات تا ڕزگاری بکا و لە هەموو پیسی و پۆخڵەواتێکی مێژوویی پاکی بکاتەوە، تا چالاکانە لەبەر جێگەو شوێن و بەرهەم و سامانی وەکو پارێزگاکانی دیکەی ئەم وڵاتە عەرەبییە بەشدار بێتەوە)[٢١٩].

سەیرە! محمد طلب هلال، خاوەن دەوڵەت و ئابووری و دەسەڵات بە دەست بەجۆرێک بوونی کورد خستوویەتییە مەترسییەوە تا هاوار بۆ (ویژدانی زیندووی عەرەب) ..ات و پارێزگای جزیرە لە کورد ڕزگار بکەن! کوردی نیشتمان دابەشکراو و ئازادی لێ زەوت کراو، ئابووری وڵاتەکەی دەکرێتە چەک بۆ پرۆژەی لەناوبردنی خۆی، هێشتا بەلای ئاغای هیلالەوە ترسناکە لەسەر (میللەتی عەرەب!). لەڕاستیدا ئەم بیر و ڕایە، لەرادەبەدەر فاشییانەو دژ بە کەمترین و سەرەتاترین مافی ئاسایی مرۆڤە.

پرۆژەکەی محمد طلب هلال بریتییە لە پێشەکی و دەسپێک و شەش فەسڵ. لە فەسڵی یەکەمدا، نووسەر کەوتووەتە شێواندنی مێژووی کورد و نکووڵی لە بوونی دەکات، چ وەک-گەل- یا وەکو-نەتەوە- کە خاوەنی مێژوو و زمان و شارستانیەت نییە و دەڵێ: (فهم أناس

يعيشون على ما تقدمه الامم من تراث وحضارات ليس لهم فيها أي سهم ولم يقدمو أو يؤثرو على تلك الامم والحضارات ولا بشعيرة صغيرة من انتاجهم ايا كانت)[٢٢٠]. واته: (ئەوانە خەڵكێکن لەسەر کەلەپوور و شارستانیەتی میللەتانی تر دەژین، هیچ بەشدارییەکیشیان تێیدا نییە و ئەوەندەی تاڵە موویەکیش هیچیان پێشکەش نەکردووەو بەهیچ جۆرە بەرهەمێکیش کاریان لەو میللەت و شارستانیەتانە نەکردووە).

تەنیا ئەم بیر و رایە خۆی لەخۆیدا پرۆسەکردنی تاوانە دەرهەق بەگەلی کورد، لێرەدا، ئێمە نامانەوێ بچینە سەر ئەو باسەی کە کورد میللەتێکی دێرینەو خاوەن کەلتوور و مێژوویەکی تایبەت و سەربەخۆیە، با لە مەبەستی سەرەکی باسەکەمان دەرنەچین تەنیا دەپرسین، ئەگەر کورد وایە کە کاربەدەستی گەورەو سیاسەتمەدارێکی دەوڵەتی سوریا، وەکو محمد طلب هلال دەڵێ، ئەی بۆچی ئەوەندە لە بوونی کورد دەترسێ و سیاسەتی خۆی و دەوڵەتەکەی لەسەر پرۆژەکەی ئەو دارێژراوە؟! ئیتر ئەو بیر و رایە نەخشەی فەوتاندنی نەتەوەیی کورد دیاری دەکات، هەر وەکو لە فەسڵی یەکەمدا گەیشتووەتە ئەم ئەنجامە و کێشەی کورد بەمەترسی لەسەر بوونی عەرەب دەزانێ، بۆیە پێی وایە ئەو کێشەیە: (قد اصبحت تهدد الكيان العربي، مغذاة من الجهات المعادية للقومية العربية قديمها وحديثها في الخارج والداخل)[٢٢١]. واتە کێشەی کورد (ئیتر هەڕەشە لە بوونی عەرەب دەکات، چونکە لە دەرەوەو لە ناوەوە لەو لایەنانەوە پشتگیری دەکرێ کە دوژمنی کۆن و تازەی نەتەوەی عەرەبن). کەواتە، دانەر و سیاسەتمەداری دەوڵەتی سوریا بڕیار دەداو دەڵێ؛ (لذا وجب حلها

جـذريا و وضع الخطط اللازمـة لذلك في القطرين الشـقـيـقين سـورية والعراق ويكون الحل موحدا والخطة واحدة)[٢٢٢]. واته: (بۆیه پێویسته له ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەری بکرێ و نەخشـەی پێویسـتی بۆ دابنرێ تا لەهەردوو وڵاتی برا، سوریاو عێراق یەک چارەسەر و یەک نەخشەی هاوبەش بێ). ئەوەمان لەبیر بێ، وەکو پێشتر باسمان کرد کە سوریاو عێراق بەسوپای هاوبەش کەوتنە لێدانی بزووتنەوەی کورد، لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، تەواوی ئەو خـاڵانەی لەو پرۆژەیەدا دراون بەڕژێمی سوریا لە پراکتیکدا تا کاتی نووسینی ئەم باسە کاریان پێ دەکرێ، بۆیە سیاسەتی ڕژێم لەدژی کورد تەواو نەهێشتنی کەلتوور و بوونی نەتەوەییـیـە لە چوارچێـوەی سـوریادا، بگرە بەشـداربوونیش لەگەڵ وڵاتانی تری داگیرکەری کوردستاندا.

لە فـەسـڵی دووەمـدا نووسـەر دەچێـتـە سـەر باسی بوونی کـورد لە پارێزگـای جـزیرەو دەڵێ: (يتكاثف هذا في الامكنة الخـصـبـة بحـيث يستعصي عليك ايجاد جيب عربي صغير في بعض المناطق وخصوصا في منطقة المالكية وقبور البيض والقمشلي وعامودا ويحتلون اخصب المناطق في الجزيرة واكثرها امطارا)[٢٢٣]. هەرچەند ئاغای دەسەڵاتدار نکۆڵی لە بوونی نەتـەوەیی کـورد دەکـات و بوونی خـاکی کـوردسـتـان لەلای ئەو نییە، بەڵام ئەم بیر و ڕایەی ئیسپاتی ئەوەیە کە خۆی بە درۆ دەخاتەوەو ڕوونی دەکاتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان کوردن و کوردستانیش وڵاتێکی دەوڵەمەندە.

سـەرنج بدەن دەڵێ: (يحـتـلـون اخـصـب المنـاطق) واتە بەپیت ـ ترین ناوچەیان داگیر کردووە، وشـەی (داگیر کردووە) بەکار دەهێنێ، پێی وایە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کورد هاتوون و خاکی عەرەبیان

داگیر کردووه. پاشتر نووسەری پرۆژەکە دەچێتە سەر باسی نەوەی نوێی کورد و دەڵێ: (ان هذا الجیل الذي اصبح متعلما هو عنصر الخطر)[224]. بەلای ئەوەوە نەوەی نوێی کورد کە خوێندەوارە، جێگەی مەترسییە. بۆیە وای بۆ دەچێ: (كان يقال قديما عربوهم بالعلم وكانت النتيجة ان العلم الذي قدمناه لهم اصبح السلاح الاول والعقائدي بين ايديهم)[225]. واتە: (لەکۆندا دەیان وت بەزانیاری تەعریبیان بکەن. بەڵام ئەنجامەکەی وا کەوتەوە ئەو زانیارییەی کە پێشکەشمان کردن، بوو بە یەکەم چەکی باوەڕ بە دەستیانەوە). کەواتە پێی وایە بەزانست خەڵکی کوردستان زیاتر بوونە بەدوژمن بۆیە دەڵێ: (خلقنا لانفسنا بأنفسنا أعداء الداء أشداء جمعوا بين الشراسة والعقيدة والحجة بل والبيان)[226]. هەر بۆیەش داوا دەکات و دەڵێ: (نقترح سياسة التجهيل لاننا لسنا بحاجة لخلق دائم وتجديد مستمر بعد الان وبواسطة مدارس الدولة ومعاهدها حيث اثبتت التجربة عكس ماكان يقال - علموهم يستعربون)[227]. واتە: (پێشنیاری سیاسەتی تجهیل دەکەین. چونکە ئێمە لەمەودوا نیتر پێویستمان بەداهێنانی هەمیشەیی و نوێ کردنەوەی بەردەوام نییە بەهۆی قوتابخانەو ئامۆژگاکانی دەوڵەتەوە، تاقیکردنەوە پێچەوانەی ئەوەی ساغ کردەوە کە وتراوە-فێریان بکەن تەعریب دەبن).

ناوەڕۆکی تەواوی پرۆژەکەی محمد طلب هلال، کە مەبەستی سەرەکییە لە داڕشتنی نەخشەو پیلانی فەوتاندنی کورد و تەعریب کردنی خەڵکەکە و خاکەکەیان، لە (12) خاڵدا بەم جۆرە خراوەتە ڕوو، وا دەقاودەق وەکو خۆی دەیان نووسینەوە:

1- ان تعمد الدولة الى عمليات التهجير الى الداخل مع التوزيع في

الداخل ومع ملاحظة عناصر الخطر اولا فأول. ولابأس ان تكون الخطة ثنائية او ثلاثية. السنين تبدأ بالعناصر الخطرة لتنهي الى العناصر الاقل خطورة وهكذا...

٢- سياسة التجهيل: أي عدم انشاء مدارس او معاهد علمية في المنطقة لان هذا اثبت عكس المطلوب بشكل صارخ وقوي..

٣- ان الاكثرية الساحقة من الاكراد المقيمين في الجزيرة يتمتعون بالجنسية التركية. فلابد لتصحيح السجلات المدنية وهذا يجري الآن انما نطلب ان يترتب علي ذلك أجلا وكل من لم تثبت جنسيته وتسليمه الى الدولة التابع لها. اضف الى ذلك يجب ان يدرس من تثبيت جنسيته دراسة ايضا معقولة وملاحظة كيفية كسب الجنسية لان الجنسية لاتكسب الا بمرسوم جمهوري. فكل جنسية ليست بمرسوم يجب ان تناقش تبقى من تبقى أي الاقل خطرا وتنزع من تنزع عنة الجنسية لتعيده بالتالي الى وطنه.

ثم هناك تنازع الجنسيات فانك تجد احدهم يحمل جنسيتين في آن واحد او قل ثلاث جنسيات. فلابد والحالة هذه ان يعاد الى جنسيته الاولى وعلى كل حال فالمهم مايترتب على ذلك الاحصا و والتدقيق من اعمال، وحيث يجب ان تقوم فورا عمليات الاجلاء.

٤- سد باب العمل: لابد لنا مساهمة في الخطة من سد ابواب العمل امام الاكراد حتى نجعلهم في وضع اولا غير قادر على التحرك وثانيا في وضع غير المستقر المستعد للرحيل في اية لحظة وهذا يجب ان ياخذ به الاصلاح الزراعي اولا في الجزيرة بان لا يؤجر ولا يملك اكراد والعناصر العربية كثيرة وموفورة بحمدالله.

٥- شن حملة من الدعاية الواسعة بين العناصر العربية ومركزة على

الاكراد بتهيئة العناصر العربية اولا لحساب ما وخلخلة وضع الاكراد، بحيث يجعلهم في وضع قلق وغير مستقر.

٦- نزع الصفة الدينية عن مشايخ الدين عند الاكراد وارسال مشايخ بخطة مرسومة عربا اقحاحا. او نقلهم الى الداخل بدلا من غيرهم. لان مجالسهم ليست مجالس، دينية ابدا بل وبدقة العبارة مجالس كردية. فهم لدى دعوتهم الينا لايرسلون برقيات ضد البرزاني انما يرسلون ضد سفك دماء المسلمين، واي قول هذا القول.

٧- ضرب الاكراد في بعضهم وهذا سهل وقد يكون ميسورا بأثارة من يدعون منهم بانهم من اصول عربية على العناصر الخطرة منهم. كما يكشف هذا العمل اوراق من يدعون بانهم عربا.

٨- اسكان عناصر عربية وقومية في المناطق الكردية على الحدود فهم حصن المستقبل ورقابة بنفس الوقت علي الاكراد يثما يتم تهجيرهم. ونقترح ان تكون هذه العناصر من شمر لانهم اولا افقر القبائل بالارض وثانيا مضمونين قوميا مئة بالمئة.

٩- جعل الشريط الشمالي للجزيرة منطقة عسكرية كمنطقة الجبهة بحيث توضع فيها قطعات عسكرية مهمتها اسكان العرب واجلاء الاكراد وفق ماترسم الدولة من خطة.

١٠- انشاء مزارع جماعية للعرب الذين تسكنهم الدولة في الشريط الشمالي على ان تكون هذه المزارع مدربة ومسلحة عسكريا كالمستعمرات اليهودية على الحدود تماما.

١١- عدم السماح لمن لايتكلم اللغة العربية بأن يمارس حق الانتخاب والترشيح في المناطق المذكورة.

١٢- منع اعطاء الجنسية السورية مطلقا لمن يريد السكن في تلك المنطقة

مهما كانت جنسيته الاصلية (عدا الجنسية العربية. الخ..) هذا وان هذه المقترحات ليست كافية بل اردنا منها اثارة المسؤولين بحسب خبرتنا لتكون تباشير مشروع خطة جذرية شاملة لتؤخذ للذكى بعين الاعتبار[٢٢٨].

کورتەی ئەو (١٢) خاڵە بەم جۆرەیە:

١- ڕاگواستن، بەتایبەتی لە سەرەتاوە ئەوانەی کە زیاتر مەترسییان لێ دەکرێ.

٢- سیاسەتی-تجهیل- : واتە نەکردنەوەی قوتابخانە لە ناوچەکەو ڕێگە گرتن لە خوێندن.

٣- ئەوانەی لە تورکیاوە هاتوون، ناسنامەی سورییان لێ وەربگیرێتەوە و ڕەوانە بکرێنەوە.

٤- ئیش نەدرێ بە کوردەکان تا بێ ئیش بن و ئاژاوە و ناخۆشییان تێدا بڵاو بێتەوەو ناچاری کۆچ_کردن بن.

٥- پڕوپاگەندە کردن لەناو عەرەبەکاندا لە دژی کوردەکان تا وەزعیان بشێوێ.

٦- ڕێگەی داب و نەریتی ئاینی لەناودارانی ئاینی لەناو کوردەکاندا بگیرێ و بە نەخشەی تایبەت شێخە عەرەبە ڕەسەنەکان بۆ ئەو ناوچانە ڕەوانە بکرێن.

٧- ئاژاوە دروستکردن لە ناو کورداندا، بەجۆرێک هەندێکیان وەکو عەرەب باس بکرێن لەدژی ئەوانەی کە مەترسییان لەسەرە.

٨- نیشتەجێکردنی کەسانی عەرەبی نەتەوەیی لە ناوچە کوردییەکاندا، بە تایبەتی عەشایری (شمر) چونکە خاوەنی

زەویوزار نین، تاکو خۆیان بە زەویوزاری کوردەکانەوە بگرن.

٩- ناوچەکانی سەرووی جەزیرە بکرێن بە پایگاو سەربازگە وەکو بەرەی شەڕ سوپای لێ جێگیر بکرێ و خەریکی ڕاگواستنی کوردان و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان بن.

١٠- دروستکردنی کێڵگەی هەرەوەزی بۆ عەرەبەکان لەو ناوچانەی کە لە جێگەی کوردەکاندا نیشتەجێ دەکرێن و چەکدار بکرێن وەکو (مستعمرات)ی یەهوودییەکان لەسەر سنوور.

١١- ئەوەی عەرەبی نازانێ مافی خۆ پالاوتن و هەڵبژاردنی نەبێ لە ناوچە کوردییەکاندا.

١٢- بەهیچ جۆرێک (جنسیە)ی سوری نەدرێ بەوانەی کە دەیانەوێ لە ناوچە کوردییەکاندا بژین، تەنیا جنسیە بدرێ بە عەرەب خەڵکی هەر ولاتێک بێت.

بەڕاستی ئەم پرۆژەیە زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی سیاسەتێکی هەتا بڵێی فاشییانەو کۆلۆنیالیانە دەرهەق بە گەلی کورد دیاری دەکات. لە جێبەجێکردنی تاوانی جینۆسایدا، هەر وەکو پێشتر وتمان تەنیا مەرج نییە کە خەڵکەکە لەڕووی فیزیکییەوە بفەوتێندرێن. سیاسەتی ڕژێمی سوریا فەوتاندنێکی نەتەوەیی، کەلتووری کوردییە. بەپرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراو و لەسەرخۆ. ڕژێمی سوریا لە واقیعدا پشتی بەهەموو پێشنیارەکان و بیروراکانی ئەو پرۆژەیە بەستووەو لە هەموو لایەکەوە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا لە (ئاستێکی نزمدا دەژی و دەرامەتی تاکەکەس تەواو بەربادە، هەژاری بەشێوەیەکی زۆر ترسناک ناوچە کوردییەکانی تەنیوەو زاڵ بووە بەسەر خەڵکەکەیدا)[٢٢٩]. ئەو سیاسەتەش گەلێ ئەنجامی خراپ و

ناناسایی دروست کردووه لەناو خێزانە کوردەکاندا، بەتایبەتیش زۆر بەخراپی کاری کردووەتە سەر ئاستی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، خەڵکەکە.

ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٨ ڕژێمی سوریا (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار خێزانی عەرەبی لە غەمرە نیشتەجێ کرد (٢٣٠). لەگەڵ ڕاگواستن و تەعریب و قەدەغەکردنی زمان و کەلتووری کوردیدا لە سوریا، ناوی گوند و ناوچە و شارەکان لە کوردییەوە کراون بە عەرەبی هەر بۆ نموونە: تربە سپی کراوە بە قبور البیض، سەرێ کانی بە رأس العین، چل ئاغا بە جوادیە، دێرک بە مالکیە. شان بەشانی ئەو پرۆسەیەش پروپاگەندەی ڕژێم بۆ نەبوونی کورد لە سوریادا لە ئارادایەو پشتگوێ خستنی ئەو ڕاستییەی کە کوردیش وەکو هەر میللەتێکی تر بەگوێرەی هەموو یاساو عورفێکی دونیا مافی ژیانێکی ئاسایی و کامەرانی هەیە، هەردوو کتێبەکەی منذر الموصلی، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. ئەوەتا منذرالموصلی دەڵێ: (الاكراد يعيشون في الوطن العربي ويتمتعون بحقوق متساوية ويؤدون واجبات متماثلة)(٢٣١).

واتا: (کورد لە نیشتمانی عەرەبدا دەژی و لە ماف و ئەرکیدا یەکسانن) نەک هەر لە سوریا بەڵکو پەل دەهاوێ بۆ عێراق وا پیشان دەدات کە حکومەتی عێراق مافی نەتەوایەتی کوردی پاراستووە(٢٣٢). لەکتێبی دووەمیشدا منذر الموصلی، بە هەمان شێوە کەوتووەتە شێواندنی مێژوو و واقیعی کورد(٢٣٣)، هەوڵی داوە بەهەر شێوەیەک بێت بوونی بەشێکی کوردستان لە سوریا ڕەت بکاتەوە و دژایەتی کردنی بزووتنەوەی کورد و بەمەترسی زانینی لەسەر عەرەب بخاتە ڕوو(٢٣٤).

له ماوەی نێوان ٥-١٩٩١/٨/٢٣، له جنێڤ لیژنەی بەربەندکردنی جیاوازی ڕەگەز له UN له کۆبوونەوەی چواردەهەمینیدا، دەربارەی چاودێری جێبەجێ کردنی پەیمانی جیهانی لەدژی جیاوازی ڕەگەز، لەبارەی بەندی شەشەمینی ئەو پەیمانە پرسیار له نوێنەری سوریا کرا، که ئاخۆ کوردەکان، یا ئەوانەی بە ڕەچەڵەک کوردن، هەست بەوە دەکەن لەڕووی ڕەگەزەوە جیاواز دەکرێن، یا ئەوەتا نوێنەری سوریا ئاگاداری وەزعیان نییە؟ نوێنەری دەوڵەتی سوریا له وەڵامدا وتی؛ کێشەی کورد له سوریادا نییە، کوردەکانی سوریا بەئارەزووی خۆیان بەتەواوی تێکەڵی کۆمەڵگەی سوری بوونەو جیاواز ناکرێن[٢٣٥]. دیارە نوێنەری سوریا لەکاتێکدا ڕاستی دەشارێتەوە که هەتا ئێستاش زمان و کەلتووری کوردی له سوریا قەدەغەن و بەهەزاران کورد بێ ناسنامە له ژیانێکی سەختدا دەژین.

پەرلەمانی ئەورووپی له بڕیاری خۆیدا ١٢/حوزەیرانی ١٩٩٢ لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان له خاڵی٢٣/دا (داوا له سوریا دەکات کۆتایی بە ستراتیژی تەعریب بێنێ، بارودۆخی عەسکەری لەناوچە کوردنشینەکاندا نەهێڵێ، دەست بەدیموکراتیزە کردن و سازدانی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکرات بکات و بەزووترین کات زیندانە سیاسییەکانی ئازاد بکات که زۆریان هەرزەکار و لاوی کوردن)[٢٣٦]. هەروەها پەرلەمانی ئەورووپی لەڕۆژی /١٦ژوونیەی ١٩٩٣دا دەربارەی هەرچوار پارچەی کوردستان بڕیارێکی تری دەرکردووە. که دێتە سەر سوریا دەڵێ؛ (بە لەبەرچاو گرتنی ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیە که لەدژی کوردەکانی سوریا بەڕێوە دەچێ) دوایی لەدوای ڕوونکردنەوەی وەزعی پارچەکانی تری کوردستان له خاڵی دووەمدا پەرلەمان دەڵێ؛

(شێلگیرانە داواکاری ئەوەین تا لەهەموو دەوڵەتان بەجیددی داوابکرێ کە مافە دیموکراتیک و فەرهەنگییەکانی کوردەکان لە وڵاتانی خاوەن کورددا بەڕەسمی بناسن بێ دواکەوتن هەنگاوی پێویست بۆ کۆتایی هێنان بە پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکان هەڵبگرن).[٢٢٧]

ڕژێمی سوریا بەشدارە لە هاوکاری کردنی ڕژێمەکانی تری داگیرکەری کوردستان لەدژی گەلی کورد. ئەوەتا ١٠/٢/١٩٩٣ وەزیرانی دەرەوەی ئێران ـو تورکیاو سوریا لە دیمەشق کۆبوونەوە، بەبیانووی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق[٢٢٨]. بەڵام مەبەستی سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیە پلان دانانە بۆ تێکدانی ئەو حکومەتە کوردییەی کە لەخوارووی کوردستان، لە چوارچێوەی عێراقدا دروست بووە. پێویستە ئەوە بڵێین بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی UN، ناوچەیەکی ئاسایش لە زۆربەی ناوچەکانی خوارووی کوردستان دروست بووە و لەژێر چاودێری چاودێرانی UN دوور لە دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق هەڵبژاردن کراوەو پەرلەمانێکی کوردی و پاشتریش ئەنجومەنی وەزیران دامەزران، لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەگەر چی عێراق هەمیشە بەردەوامە و هەوڵ دەدات وەزعەکە بشێوێنێ. حکومەتەکانی سوریاو تورکیاو ئێرانیش زۆر سەغڵەتن بەوەی کە گەلی کورد حکومەتی دامەزراندووە. مەترسییان لێ نیشتووە کە کار دەکاتە سەر بەشەکانی تری کوردستان.

***

ئەو فاکتانەی خستمانە ڕوو لە ناوچەکانی کوردستان، ئەوەی تورکیا و سوریا، عێراق و ئێران دەیکەن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە گەلی کورد فەوتاندنێکی بەردەوام هەڕەشە لەپاشەڕۆژی دەکات.

سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان خراپترە لە سیاسەتی وڵاتێکی کۆلۆنیالی دەرهەق بە خاکی کۆلۆنیالکراو. ئیتر ئەو ڕژێمانە جگە لەوەی هەر لایەو بەرنامەی تایبەتی هەیە بۆ ڕاگواستن و کوشتن و تاڵانکردن و تواندنەوەی گەلی کورد، بەردەوامیش هاوبەشن لەگەڵ یەکدا. سوپا و ئابووریيەکی بێ شوماریان لە دژی گەلی کورد خستووەتە کار، (هەر کاتێکیش بزووتنەوەی کورد نەشونومای کردبێ یان مەترسی بۆ هەریەک لەو ڕژێمانە نابێتەوە، هاوکاری ئاشکرایان بە دژی لە نێوان ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەدا بۆ بەرگری خەباتی کورد پیادە کراوە)(٢٣٩).

کەواتە هاوبەشی نێوان وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، سیاسەتێکی دیار و ستراتیژێکی گرنگە، چونکە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە لە دژایەتیکردنی گەلی کوردا یەک دەگرێتەوە. هەر یەکێک لەو وڵاتانە ئەو بەشەی کوردستان کە پێوەی لکێندراوە، بەهیچ جۆرێک بەخاکی گەلی کوردی نازانێ و کوردیش وەکو گەلێکی سەربەخۆ ناناسێ، بۆ هەمان مەبەست د. کەمال میراودەلی ڕاستی بۆ چووە کە دەڵێ: (ڕژێمە داگیرکەرەکان بەرویووم و داهاتی کوردستان بۆ بەهێزکردنی سوپای داگیرکردن و دامەزراوەو پرۆژە کۆلۆنیاڵییەکان بەکار دەهێنن، هەر جۆرە دەرفەتێکی پێشکەوتن و پەرسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان لە گەلی کورد بڕیوەو لە حاڵەتی داچووندا هێشتوویانەتەوە)(٢٤٠).

ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە لە بەشەکانی کوردستاندا مێتۆدی هەمە چەشنە بەکاردێت بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئەو ڕژێمانە. ئیتر جۆری سیاسەتی جینۆساید لە ڕۆژئاوای کوردستان جیاوازە، وەک لە بەشەکانی تری کوردستان، یا لەهەر سەردەمە و قۆناغێکدا

ڕژێمە داگیرکەرەکان بەچەند جۆرێکی جیاواز هەوڵی فەوتاندن و زەبر پێگەیاندنی گەلی کورد دەدەن. ئەو ڕاستییانەی کە خستمانە ڕوو، بەشێکن لەو تاوانانەی لەدژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێن، تەنیا وردبوونەوە لەو تاوانانە دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە جینۆساید هەر چوار بەشی کوردستانی گرتووەتەوە.

پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١- م. س. لازەریف: کورد و کوردستان. کتێبی مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتە ڕزگاربووەکانی ڕۆژهەڵاتدا. مۆسکۆ، ١٩٨٦ ل.٦٠-٦١ بەزمانی ڕووسی.

٢- د. ئیسمایل بەشیکچی: کوردستان-کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ڕێبوار ڕەشید. هەولێر ١٩٩٣، ل٣١.

٣- لقاء مع المؤرخ الكردي جليلي جليل/ جريدة الشعب - گەل - العدد ١٨ أوائل أيلول ١٩٨٥ ص ٤.

٤- بەراییەک لە فەلسەفە، بەشی دووەم. مۆسکۆ، ١٩٨٩، ل ٢٢٢ بە زمانی ڕووسی.

٥- دکتۆر عەزیز شەمزینی: جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان. ف. ئەسەسەرد لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە. چاپی دووەم، ١٩٨٥، ل١١٧.

٦- پ. دیمچێنکە: کوردستانی عێراق لە ئاگردا. مۆسکۆ، ١٩٦٣، ل٣٢ بە زمانی ڕووسی.

٧- ک. د. ئەلیبێلی: ئێران و وڵاتە دراوسێکانی ڕۆژهەڵات. مۆسکۆ، ١٩٨٩، ل١٤١ بە زمانی ڕووسی.

٨- ش. خ. مگۆیی: مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە عێراق لە تازەترین سەردەمدا. مۆسکۆ، ١٩٩١، ل٢١٦-٢١٧ ; زمانی ڕووسی.

٩- ئەو تاوانانەی کە لەبیر ناچنەوە. خەبات. ژ: ٦٣٧، ٩/٩/١٩٩٢، ل١١.

١٠- ش. ج. اشيريان: الحركة الوطنية في كردستان العراق. ١٩٦١- ١٩٦٨، عربه عن الروسية: ولاتو. بيروت ١٩٧٨ ص ١١٠.

١١- ئەو تاوانانەی کە لەبیر ناچنەوە. خەبات. ژ: ٦٣٧، ل١١.

١٢- محەمەد سەعید سۆفی: کەندیناوە و سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن. کوردستانی نوێ. هەولێر، ژ: ١٥٤، ١٩٩٢/٨/٢، ل٣.

١٣- ج. نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بەکوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٨٥، ل٢٢٤.

١٤- ج. نەبەز: هەمان سەرچاوە. ل٢٢٤.

١٥- ژينية موريس: كردستان أو الموت. ترجمة جرجيس فتح الله المحامي. لندن ١٩٨٦، ص ٥٢.

١٦- م. داڤید: کورد. ڕاپۆرتی ژمارە ٢٣. لەندەن ١٩٨٩، ل٢٠، بەزمانی ئینگلیزی.

١٧- م. داڤید: هەمان سەرچاوە. ل٢٨.

١٨- ش. ج. أشيريان: الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق. بيروت، ١٩٨٩، ص١٠٦.

١٩- ميشيل عفلق: نقطة البداية. بيروت ١٩٧٤، ص١٠٨. بڕوانە: كمال غمبار: القضية الكردية من وجهة نظر حزب البعث. جريدة الشعب العدد ٥٠ أب ١٩٩٢ ص٢.

٢٠- ج. نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. ستۆکهۆڵم ١٩٨٥، ل٢٩٢. هەروەها ج. نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا. ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ل٨٨. هەروەها: خەبات. ژ: ٦٣٧، ل١١.

٢١- خەبات. ژ: ٦٣٧، ل١١.

٢٢- ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی هاوکاری کردنی گەلانی چەوساوە. ژ ٤. ١٩٩١، گویتنگن. ل٤٣.

٢٣- الشرارة. العدد ٧ تموز ١٩٨٩، ص٨.

٤٢- نداء و الي الرأي العام الاوروبي والعالمي. الحزب الديمقراطي الكردستاني، فرع اوروبا، ٤ كانون الثاني ١٩٧٤.

٢٥- کۆمەڵەی هاوکاریکردنی گەلانی چەوساوە. ڕاپۆرتی ژ ٤، ل٢٤.

٢٦- مارف عومەر گوڵ: کورد قران و یاسای نێودەوڵەتان/گۆڤاری بەربانگ. ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠، ژ٦٦، ل٤٦.

٢٧- گ. د. ئەلیبێلی: ئێران و وڵاتە دراوسێکانی ڕۆژهەلات. مۆسکۆ، ١٩٨٩، ل١٤٦ بەزمانی ڕووسی.

٢٨- العفو الدولية تفضح انتهاكات حقوق الانسان في العراق/ حقوق الانسان: نشرة دورية تصدرها لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق. العدد ١٦، آب ١٩٩١، ص ١٢-١٣، هەروەها: اخبار كردستان: العدد ١٧١، ١/٢/١٩٨٨.

٢٩- عبدالرقيب يوسف: بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد. سلێمانی ١٩٨٥، ل٢٢.

٣٠- عبدالرقيب يوسف: هەمان سەرچاوە. ل٦١.

٣١- سووتاندنی قەیسەری نەقیب بەشێکە لە سیاسەتی وێرانکردنی کوردستان/ ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ ژ ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ل١.

٣٢- قرار المؤتمر العاشر للجمعية العالمية للدفاع عن اللغات والحضارات المهددة، جريدة الشعب العدد ١٧ن أوائل أب ١٩٨٥، ص٩.

٣٣- قەسابخانەیەکی گەورە لە زیندانەکانی-ئەبو غرێب-دا/ گۆڤاری پێشەنگ ژ ١٢، ئاب ١٩٨٦، ل٣٢-٣٣.

٣٤- جەمال نەبەز: ئێستەو پاشە ڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا. ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ل٩٢.

٣٥- قنابل ولعب، جريدة الشعب العدد ٢٠-، كانون الثاني ١٩٨٦، ص ٨.

٣٦- النظام الفاشي الشوفيني يقترف جريمة غلق اكثر من ٧٧٦ مدرسة في كردستان، جريده الشعب العدد ٢٠ كانون الثاني ١٩٨٦، ص٨.

٣٧- ئەمنستی ئینتەرناشیونال MDE 14/03/ 89

٣٨- المجموعة الاوروبية، المجلس. بروكسل، ١٣/ ٤/ ١٩٨٧ تسلسل ٥٩٥٥/٨٧، قرار بشأن اعتقال وتعذيب الاطفال في العراق، گۆڤاری هەڵوێست. ژ٣، لەندەن ١٩٨٧، ل١٦١.

٣٩- چیا: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێ کۆچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب،

تەبعیس. چاپی یەکەم ١٩٨٧، ل٢٣٢.

٤٠- چیا: هەمان سەرچاوە ل٢٥٧.

٤١- چیا: هەمان سەرچاوە. ل٢٨٤.

٤٢- الدكتور نوري طالباني: كردستان- الحقوق القومية والفيدرالية والدستور، جريدة المنار الكردي. العدد ٨ لندن ايلول ١٩٩٣، ص٥.

٤٣- ج. نەبەز: ئێستەو پاشەرۆژی نەتەوەی کورد لەبەر ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا. ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ل٩٤.

٤٤- رۆژنامەی پرافدا: ژمارە ٩٢، ٣/ ٤/ ١٩٩٠، ل٢.

٤٥- رۆژنامەی خەبات. ژمارە ٥٧٥، کانوونی دووەم ١٩٨٨، ل١٨.

٤٦- بەربانگ ژمارە ٥١، ستۆکهۆڵم، ٣٠/ ٦/ ١٩٨٨، ل٤١.

٤٧- حلبجة-المدينة الدامية. الجز و الاول. منشوارت المكتب الاعلامي للحزب الاشتراكي الكردستاني- العراق/ فرع السليمانية ١٩٨٩.

٤٨- بەڵگەنامەی CD/872.12 September 1988 UN کۆنگرەی چەک داماڵین/ دەقی رووسی.

49- Documentation of the international conference on Human Rights in Kurdistan. 1989 Bremen. P. 219-225

٥٠- بەڵگەنامەی E/CN. 4/Sub. 2/1988 UN

٥١- ألف باء. بغداد العدد ١٠٤٢، ٢ ايلول ١٩٨٨، ص٧.

٥٢- یاسای نێودەوڵەتان لە بەڵگەناماندا. مۆسکۆ، ١٩٨٢، ل٨٣٢ بەزمانی رووسی.

٥٣- دادگای نۆرنبێرگ. ٨ بەرگ، بەرگی یەکەم. مۆسکۆ، ١٩٨٧، ل٩٠-٩١ بەزمانی رووسی.

٥٤- هەمان سەرچاوە. ل١٠٤-١٠٥.

٥٥- هەمان سەرچاوە. ل١٤٦.

٥٦- یاسای نێودەوڵەتان لە بەڵگەناماندا. مۆسکۆ، ١٩٨٢، ل٨٣٢.

٥٧- هەمان سەرچاوە. ل٧٣٤.

٥٨- هەمان سەرچاوە. ل٢٣٢.

٥٩- بەڵگەنامەی E/CN. 4/1992/31. 18 February 1992. P. 27 UN دەقی ڕووسی.

٦٠- هەمان ڕاپۆرت. ل٢٧.

٦١- هەمان ڕاپۆرت. ل٢٨-٢٩.

٦٢- ئەڵمانیاو جینۆساید لە عێراق. کۆمەڵەی هاوکاریکردنی گەلانی چەوساوە. ڕاپۆرتی ژمارە ٤، ١٩٩١، لە ٤٥-٤٦ بەئەڵمانی و ئینگلیزی.

٦٣- هەمان سەرچاوە. ل٤٦.

٦٤- رسالة العراق. الحزب الشيوعي العراقي. اعلام الخارج. العدد ٩٩، تموز/١٩٨٩، ص ١٨.

٦٥- تقرير فان دير ستويل حول حقوق الانسان في العراق. المنار الكردي. العدد ٥. لندن، ١٩٩١، ص٥.

٦٦- لە گوندی هۆمرملی دەشتی گەرمیانەوە، چەند بیرەوەرییەکی تاڵ. ر. خەبات. ژ. ٦٣٨، هەولێر ١٦/٩/١٩٩٢، ل٦.

٦٧- بەڵگەنامەی UN ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی: 31 E/CN. 4/ 1992/ P.72 هەروەها بەڵگەنامەی UN ئەنجومەنی ئاسایش S/ 23685/ Add. 1. 9 March 1992 P-75 دەقی ڕووسی.

٦٨- وثائق، عن محنة شعب كردستان العراق (٢). قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق. ١٩٨٨، ص١٩.

٦٩- قرار حزب البعث العربي الاشتراكي. قيادة شعبة زاخو. العدد س/ش/٦٦٤ التاريخ ١٤/٦/١٩٨٧.

٧٠- گۆڤاری هەڵوێست ژمارە ٣ لەندەن ١٩٨٧، ل١٥٨.

٧١- بەڵگەنامەی E/CN. 4/ 1993/ 45. P. 80 UN.

٧٢- الوقائع العراقية. العدد ٣١٥٨ في ١٣/تموز/١٩٨٧.

٧٣- ڕێبازی نوێ. ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ل٢.

٧٤- ڕێبازی نوێ. ژمارە ٤، نیسانی ١٩٨٩، ل١٦. دەقی ڕاپۆرتی پەرلەمانی ئەورووپی.

٧٥- تقرير خاص الى الكونفرس الامريكي حول استخدام الاسلحة الكيمياوية. ترجمة امانج. مطبعة الشهيد صالح اليوسفي. ١٩٨٨، ص٥-٦.

٧٦- هەمان سەرچاوە. ل٤٦.

٧٧- ڕێبازی نوێ. ژمارە ١٠ تشرینی یەکەم ١٩٨٨، ل٢.

٧٨- سەرژمێری گشتی دێهات و شارۆچکە وێرانکراوەکانی پارێزگای کەرکووک. ١٩٨٧-١٩٨٨، ڕاگەیاندنی لقی کەرکووکی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان-عێراق ١٩٨٩.

٧٩- د. عبدالباقي احمد: حقائق عن اللاجئين العراقيين الاكراد في تركيا. ترجمە: فریدون فەیزەلک. منشورات الجبهة الكردستانية ١٩٨٩، ص ٦٧.

٨٠- دوای دەربەدەرکردن، دەرمانخوارد کردن/ بەربانگ. ژمارە ٥٧ و ٥٨، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ل٧١.

81- News From Helsinki Watch. News from Turkey. New York 1990. P. 16-17.

82- Amnesty international News release-MED 14/ 01/ 88

٨٣- الشرارة. العدد ٣ أذار ١٩٨٩، ص٤.

٨٤- سەردەمی نوێ. ژمارە ١٠ ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ل١.

٨٥- الشرارة. العدد ٣ أذار ١٩٨٩، ص٤.

٨٦- مذكرة الجبهة الكردستانية العراقية. منشورات الجبهة الكردستانية ١٩٨٩، الملحق، ص ١-٢٦.

٨٧- مذكرة الجبهة الكردستانية. الملحق ص ٢٩.

٨٨- کۆمەڵێ بەڵگەنامەی: Kurdistan Human Rights Commision Maastricht. 1992/ Doc.3

٨٩- هەمان سەرچاوە. ل١٦.

٩٠- هەمان سەرچاوە. ل١٧.

٩١- بەڵگەنامەی UN ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. P.82 E/Cn. 4/1993/45.

٩٢- کۆمەڵێ بەڵگەنامەی: Kurdistan Human Rights commision Maastricht 1992/ Doc.3/

٩٣- ليژنەی بالآی ئاوارەکانی کوردستانی عێراق. نەخشەو ئاماری سەرژمێری ئاوارەکان لە ئوستانەکانی ئێراندا. ئابی ١٩٨٩.

94- Jeremy Webb. Iraq caught out over nerve gas attack/ New Scientist-London 1 May. 1993. P.4

٩٥- ادانة عالمية لنظام صدام. ولكن؟ / طريق الحرية. جريدة الحزب الاشتراكي الكردستاني/ العراق. العدد ١٣-١٤، تشرين الثاني ١٩٨٨، ص ٣-٤.

٩٦- الدكتور مصطفي سلامة حسين: تأملات دولية في حقوق الانسان، المجلة المصرية للقانون الدولي. المجلد الاربعون. القاهرة ١٩٨٤، ص ١٩٨.

97- Hussein Saado. Document on the UN& the kurdish Question/ Doucumentation of the International Conference P. 171-179.

٩٨- صدى كردستان. العدد ٣٢ اوائل تموز ١٩٩٠/جريده الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق. مكتب بنان. ص٣.

٩٩- مارف عومەر گوڵ: رێکخراوی کوردی مافی مرۆڤ لە کوردستان/ رۆژنامەی دەنگی کورد- کۆڵەس کوردا، ژمارە ٥-٦، مۆسکۆ ١٩٩٢، ل٢ بەزمانی رووسی.

١٠٠- شهادات تفضح انتهاكات حقوق الانسان في العراق- اصدار لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق. دمشق، ١٩٩٠، ص ٧١.

١٠١- کوردستانی نوێ. ژمارە ٩٥، ١٨/٥/١٩٩٢، ل١.

١٠٢- بەڵگەنامەی UN، ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی: E/CN.4/ 1993/45. P.27.

١٠٣- الكشف عن مقبرة جماعية قرب اربيل/طريق الشعب- الجريدة المركزية للحزب الشيوعي العراقي. العدد ٧ اواسط تشرين الاول ١٩٩١، ص١.

١٠٤- دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەسەر رێی موسڵ-دهۆک/رێبازی نوێ ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ژمارە ٤، ١٧ تشرینی دووەم ١٩٩١، ل١.

١٠٥- حقوق الانسان: نشرة دورية تصدرها لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق. العدد ١٨ كانون اول ١٩٩١، ص١٥.

١٠٦- دۆزینەوەی گۆڕستانێکی شەهیدانی راپەڕین لە سلێمانی/کوردستانی نوێ

چاپی دەولی. لەندەن. ژمارە ٤، تشرینی یەکەم ١٩٩٤، ل٢.

١٠٧- بەڵگەنامەی UN ژ: E/CN. 4/1993/45. P. 33. 34.

١٠٨- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نێردراوی UN بۆ عێراق: ڤان دیر ستویل/ ڕۆژنامەی یەکگرتن. ئۆرگانی ناوەندی حیزبی یەکگرتنی کوردستان ژمارە ٩، کانونی دووەمی ١٩٩٣، ل٥.

١٠٩- أمر مديرية امن محافظة دهوك. العدد ٤٨، التاريخ ١٩٩١/٣/٦.

١١٠- نشرة اخبارية: المنظمة العربية لحقوق الانسان. العدد ٤٩، كانون الثاني ١٩٩٢، ص٩.

١١١- هەر لەوان دەوەشێتەوە/کوردستانی نوێ. ژمارە ٧٦، هەولێر ١٩٩٢/٤/٢٦، ل٨.

١١٢- گۆڤاری سیاسەتی دەولی. هەولێر ژمارە ٤، ١٩٩٣، ل١٠١.

١١٣- م. س. لازريف. الاكراد والقضية الكردية. ترجمة: س. ولات/ جريدة الشعب (گەل)، العدد ٨ حزيران ١٩٨٤ ن ص٥. هەروەها: م. س. لازەریف کورد و کوردستان/ کتێبی: مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتە ڕزگاربووەکانی ڕۆژهەڵاتدا. مۆسکۆ ١٩٨٦، ل ٤٢-٤٤ بەزمانی ڕووسی.

١١٤- یاداشتەکانی مەیجەر نوئیل لە کوردستان. وەرگێڕانی: حسین احمد جاف و حسین عثمان، نێرگسە جاڕی، بغداد ١٩٨٤، ل٢٤.

١١٥- د. ئیسمایل بەێشکچی: کوردستان- کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار ڕەشید. هەولێر ١٩٩٣، ل٢٣.

١١٦- هەمان سەرچاوە. ل٦٥.

١١٧- دەستووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک./ وەرگێڕانی بە سەرپەرشتی: ی. د. لیڤین/ مۆسکۆ ١٩٥٦، ل٥١٢ بەزمانی ڕووسی.

١١٨- كندال نزان: اكراد تركيا: الاضطهاد القومي واشكاله/ دراسات كردية. العدد ١-٢ باريس، كانون الثاني ١٩٨٥، ص٦٦-٦٨.

١١٩- دکتۆر عەزیز شەمزینی: جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان. ف. ئەسەسەرد لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە. چاپی دووەم؟ ئەیلولی ١٩٨٥، ل ٩٥-٩٨.

هەروەها بڕوانە: ک. پەیف. ژمارە ٤ لەندەن. نیسانی ١٩٨٧، ل٦٢٠ هەروەها: د. وليد حمدي: الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية. لندن. ١٩٩٢، ص ٣٧٤.

١٢٠- اسماعيل بيشكچي: دفاعا عن الامة الكردية المستعبدة - رسالة الي يونسكو-القسم الخامس. ترجمة: رووناك/ جريدة الشعب، العدد ١٩، اواخر تشرين الاول، ١٩٨٥، ص٢.

١٢١- دەستووری ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیک/ وەرگێرانی بە سەرپەرشتی ی. د. لیڤین/مۆسکۆ ١٩٥٦، ل٥١٥.

١٢٢- دكتور مجيد جعفر: كردستان تركيا- دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية في تحت التخلف الاستعماري-بيروت ١٩٩٠، ص٦.

١٢٣- هەمان سەرچاوە، ل٦.

124- Hussein Saado: Document on the UN and the Kuedish Question/ Documentation of the international Conference P. 171-179

١٢٥- م. ئە. گەسرەتیان: کوردەکانی تورکیا لە تازەترین سەردەمدا. یەریڤان، ١٩٩٠، ل١٠٦ بەزمانی ڕووسی.

١٢٦- د. وليد حمدي: الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية. لندن. ١٩٩٢، ص ٢٦٣- ٢٦٥.

١٢٧- گەسرەتیان: هەمان سەرچاوە، ل١٠٦.

١٢٨- گەسرەتیان: هەمان سەرچاوە. ل١٢٥.

١٢٩- عەبدوڵلا قەرەداغی (مەلا عەلی): ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا. سوید ١٩٩١، ل٤٦.

١٣٠- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بەکوردی. ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥، ل١٠٣.

١٣١- جەمال نەبەز: هەمان سەرچاوە، ل١٠٣.

١٣٢- دکتۆر بلەچ شێرکۆ: کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد. محەمەد حەمە باقی لە عەرەبییەوە کردوویە بەکوردی. چاپی دووەم، سەقز، ١٩٩٠ ، ل٨٥

١٣٣- گەسرمتیان: هەمان سەرچاوە. ل١٢٨-١٢٩.

١٣٤- ڤ. نیکیتین: کورد. مۆسکۆ ١٩٦٤، ل٩٠ بەزمانی ڕووسی.

١٣٥- گەسرمتیان هەمان سەرچاوە. ل١٣٢.

١٣٦- دکتۆر بلەچ شێرکۆ: هەمان سەرچاوە. ١٠٥-١١٤.

١٣٧- گەسرمتیان: هەمان سەرچاوە. ل١٤٥.

١٣٨- گەسرمتیان: هەمان سەرچاوە. ل١٥٩.

١٣٩- د. ولید حمدي: الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية. ص٣٧٢.

١٤٠- گەسرمتیان: هەمان سەرچاوە. ل١٦٨.

١٤١- کریس کوچیرا: مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست- دا. وەرگێرانی: محمد ریانی. تاران ١٩٩٢، ل١٧٦-١٧٧.

١٤٢- الدكتور عبدالرحمن قاسملو: كردستان والاكراد. ترجمة: ثابت منصور؟ ١٩٦٨، ص٥١.

١٤٣- دکتۆر عەزیز شەمزینی: هەمان سەرچاوە. ل١٠٠-١٠١.

١٤٤- دکتۆر عەزیز شەمزینی: هەمان سەرچاوە. ل١٠٢.

١٤٥- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. ل١٠٤.

١٤٦- د. عەزیز شەمزینی: هەمان سەرچاوە. ل١٠٢.

١٤٧- سیاسەتی نێودەوڵەتان لە تازەترین سەردەمدا لە ڕێکەوتننامە و یاداشت_و بەیاننامـەدا/ سـەرپەرشـتکاران: یو. ڤ. کلوچنیکەف، ئە. ڤ. سـەبـەنین/ بەشی٣، مۆسکۆ ١٩٢٩، ل٢١٠-٢١١ بەزمانی ڕووسی.

١٤٨- هەمان سەرچاوە: ل٢٠٤-٢٠٥.

١٤٩- گەسرمتیان: هەمان سەرچاوە. ل١٧٥.

١٥٠- گەسرمتیان: هەمان سەرچاوە. ل٢٠٩-٢١٠.

١٥١- گەسرمتیان: هەمان سەرچاوە. ل١٧٦.

١٥٢- م. أ. هسرتيان: كردستان تركيا بين الحربين. ترجمة: د. سعدالدين ملا، بافێ نازێ. بيروت ١٩٨٧، ص١٧٠.

١٥٣- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. ل١٠٩.

١٥٤- دکتۆر مەجید جەعفەر: کردستان ترکیا. ل١٨٢.

١٥٥- د. مجید جعفر: کردستان ترکیا. ل١٨٢-١٨٤.

١٥٦- گەسرمتیان: کوردەکانی تورکیا. ل٣٠٧.

١٥٧- هەمان سەرچاوە. ل٣٠٧-٣٠٨.

١٥٨- کندال نزان: اکراد ترکیا/ دراسات کردیة. العدد ١-٢ باریس ١٩٨٥، ص٦٧.

١٥٩- گەسرمتیان: دەستووری تازەی تورکیاو مەسەلەی کورد/ کتێبی: تورکیاو سەردەم. کۆمەڵێ وتار. مۆسکۆ، ١٩٨٩، ل٨٩ بەزمانی ڕووسی

١٦٠- گەسرمتیان: دەستوری تازەی تورکیا و مەسەلەی کورد. / هەر ئەوێ. ل٨٩.

١٦١- حمید بوز ارسلان: حول (الاطروحة الترکیة في التاریخ)/ دراسات کردیة. العدد ٣-٧ باریس ١٩٩٢، ص٣١.

١٦٢- مەهاباد کوردی: گەشتێک بۆ باکوری کوردستان. سوید ١٩٩١، ل٧٣.

١٦٣- میري کوجار: الاکراد والمسألة الکردیة في علم التاریخ الترکي. / مجلة: الثقافة الجدیدة. العدد ١٧٢، نیسان ١٩٨٦، ص٣١-٤١.

١٦٤- الفولکلور الکردي: تهدید لوحدة تراب ترکیا./ جریدة الشعب. العدد ٢٠، کانون الثاني ١٩٨٦، ص٧.

١٦٥- دەستوری ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیک. مۆسکۆ. ١٩٥٦، ل٥١٥ بەزمانی ڕووسی.

١٦٦- گەسرمتیان: کوردەکانی تورکیا. ل١٢٣

١٦٧- ی. براونلی: یاسای نێودەوڵەتان. کتێبی دووەم. مۆسکۆ. ١٩٧٧، ل١٤ بەزمانی ڕووسی.

١٦٨- عصمت شریف وانلي: حول الاستراتیجیة السیاسیة والعسکریة للحرکة الوطنیة الکردیة./ دراسات کردیة. العدد ١-٢ باریس. کانون الثاني ١٩٨٥، ص١٧.

169- News From Helsinki Watch.News From Turkey. New York. June 1990. P.2

هەروەها بڕوانە: یاسای کورد قڕکردن/ڕۆژنامەی سەربەخۆیی. ئۆرگانی ناوەندی پارتی سۆسیالیستی کورد. پاسۆک. ژمارە ٢٤-٢٥ تەمموزو ئابی ١٩٩٠، ل٩.

170- News From Helsinki Watch. P. 9-11

١٧١- الدكتور جبار قادر: الدستور التركي وسياسة قهر الاكراد/ جريدة المنار الكردي. العدد ٢٠، ٢٢ تشرين الاول ١٩٩٤، ص٣.

١٧٢- دۆستی: کیدری و باری سیاسی کوردستانی سەروو/ گۆڤاری هەڵوێست. ژمارە ٢، لەندەن ١٩٨٤، ل٨٢-٨٨.

١٧٣- منظمة العفو الدولية-التقرير السنوي. لندن ١٩٩١، ص١٠١- ١٠٤.

١٧٤- سياسة ابادة الجنس الكردي في تركيا/ كردستان اليوم. نشرة دورية تصدرها لجنة التضامن مع الشعب الكردي. العدد السابع. بروكسل. نيسان ١٩٨٩، ص١٠-١٥.

١٧٥- سەربەست کەرکوکی: لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێیی دەربارەی پەرلەمانی ئەوروپا/ گۆڤاری سیاسەتی دەولی. ژمارە ٤، هەولێر ١٩٩٣، ل٩٢-١٠٥.

١٧٦- بانگەوازێکی جیهانی بۆ پشتگیری کردنی گەلی باکووری کوردستان. وەرگێڕانی. نەزەند بەگیخانی/ ڕۆژنامەی هەنگاو. لەندەن. ١٩٩٤، ژمارە ٦، ل١٢.

١٧٧- عەبدلرەحمان قاسملۆ: چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی. بەرگی یەکەم. چاپی دووەم؟ ١٩٨٨، ل٢٣.

١٧٨- وليام ايغلتن الابن: جمهورية مهاباد. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله المحامي: بيروت، ١٩٧٢، ص٣٣.

١٧٩-عەبدلرەحمان قاسملۆ: چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی. ل٢٦.

١٨٠- الدكتور كمال مظهر احمد: دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر. بغداد ١٩٨٥، ص ٢٥٤-٢٥٥.

١٨١- کەریمی حیسامی: کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خودموختاری. چاپی دووەم. سوید ١٩٨٦، ل١٥-١٦-١٧.

١٨٢- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. ل١٢٠-١٢١.

١٨٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان. ئوتریخت-هۆڵەندە. ١٩٩٣، ل١٤٤.

١٨٤- توفیق السویدی: مذکراتی. بیروت، ص٢٠٨-٢٠٩ بروانە: مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، ل١٤٧.

١٨٥- م. س. لازەریف: کورد و کوردستان/ سەرچاوەی ناوبراو ل٥٧.

١٨٦- ت. ف. ئەریستۆڤا: کەلتووری ماتریالی کورد لە سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست-دا. مۆسکۆ ١٩٩٠، ل١١ بەزمانی رووسی.

١٨٧- عەبدلرەحمان قاسملۆ: چل ساڵ خەبات... ل١٣٠.

١٨٨- گەسرەتیان م. ئە. کوردەکانی تورکیا... ل١٩٨ بەزمانی رووسی.

١٨٩- الدکتور عبدالرحمن قاسملو: کردستان والاکراد. ل٥٦.

١٩٠- دەقی رێککەوتننامەی دۆستایەتی لە نێوان ئێران و عێراقدا لە ١٩٣٧/٧/١٨دا بروانە: ش. ىە. نیازماتەف: ناکۆکی نێوان ئێران و عێراق. مۆسکۆ ١٩٨٩، ل١٥٨ بەزمانی رووسی.

١٩١- الدکتور عبدالرحمن قاسملو. کردستان و الاکراد. ل٧٢.

١٩٢- بۆ دەقی پرۆتۆکۆلەکە بروانە: جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەرۆژی نەتەوەی کورد لەبەر ئاگری جەنگی ئێران و عێراق-دا. ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ل١٧٩-١٨١.

١٩٣- جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری (قەومیەت)ی رۆژهەلاتی و نەبیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاواییە. ستۆکهۆڵم ١٩٨٤، ١٤١.

١٩٤- ک. حیسامی: داخوا ئەوە (ژینوسید)نییە؟!/ ر. سەردەمی نوێ. ژ٣٢. ستۆکهۆڵم، سێپتێمبەری ١٩٨٨، ل١-٢.

١٩٥- بولتن خبري کردستان. شمارة ٢٥٨، سپتامبر ١٩٩١، حزب دمکرات کردستان ایران. نمایندگي خارج ازکشور صفحة ٥.

١٩٦- پرۆفیسور رادۆڤان باڤیچ: جوولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی. مەحمود مەلا عزت کردوویە بە کوردی/ سوید ١٩٨٥. ل٥٢.

١٩٧- دراسات كرديه: باريس. العدد ٣-٧، ١٩٩٢، ل٨٥.

١٩٨- بەربانگ: ژمارە ٧١-٧٢، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١ ل٨٦.

١٩٩- ايران: نقض حقوق بشر ١٩٨٧-١٩٩٠ سازمان عفو بين الملل. شمارە: MED/13/21/90

٢٠٠- راپۆرتی ئەمنیستی ئنتەرناشناڵ ژمارە: MED/ 13/ 10/ 90 January 1992

٢٠١- گۆڤاری سیاسەتی دەولی. ژمارە ٤، هەولێر ١٩٩٣، ل١٠٤.

٢٠٢- کوردستان: ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ژمارە ٢٠٠، ئووتی ١٩٩٣، ل١٠-١١.

٢٠٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە ٢٥٣، هەولێر، ١٩٩٢/١١/٢٦، ل٢.

٢٠٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ژمارە ٢٤٨، هەولێر، ١٩٩٢، ل٢.

٢٠٥- کوردستان: ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ژمارە ٢١٣ سپتامبری ١٩٩٤، ل١٠-١١.

٢٠٦- گەسرمتیان: کوردەکانی تورکیا...ل١٧٤-١٧٥.

٢٠٧- م. س. لازەریف: کورد و کوردستان/ سەرچاوەی ناوبراو. ل٥٦.

٢٠٨- ڕێناس: دامەزراندنی دەوڵەتی سوری و کێشەی کورد لە سوریا. وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە: خانی شەرەفکەندی/ گ. هیوا، پاریس ژمارە ٧، ١٩٩٠، ل٨٢.

٢٠٩- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. ل١٣٦.

٢١٠- الدكتور عبدالرحمن قاسملو: كردستان والاكراد. ل٧٧.

٢١١- دیدار: گەلی کورد لە کوردستانی سوریاو چارەنووسێکی نادیار/ ر. سەردەمی نوێ. ستۆکهۆڵم. ژمارە ٤٥، نۆڤەمبەری ١٩٨٩، ل١-١١.

٢١٢- محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية، الاجتماعية، السياسية. سورية- الحسكة ١٩٦٣، ص ٤-٥.

٢١٣- کرمانج گوندی: کوردستانی بندەستی سوریا/ ر. سەردەمی نوێ، ستۆکهۆڵم، سیپتیمبەری ١٩٩٠، ژمارە ٥٤، ل٨.

٢١٤- المثقف التقدمي: مجلة الحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سورية ١٩٨٩،

العدد ٧، ص١٨-١٩.

215- David McDowall. The Kurds. London, 1989. P. P. 25-26

٢١٦- كرمانج گوندی: كوردستانی بندهستی سوریا/ سهردهمی نویّ. ژماره ٤٥، ل٨.

٢١٧- ش. ج. اشريان: الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق ١٩٦١-١٩٦٨. عربه عن الروسية: ولاتو. بيروت ١٩٨٧، ص١٠٦.

٢١٨- محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة. ص٤٦.

٢١٩-محمد طلب هلال: هـ. س، ص٢

٢٢٠- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٥

٢٢١- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٢٤

٢٢٢- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٢٤

٢٢٣- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٢٦

٢٢٤- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤١

٢٢٥- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤١

٢٢٦- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤١

٢٢٧- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤٢

٢٢٨- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤٦-٤٨

٢٢٩- المثقف التقدمي. العدد ١٩٨٩،٧ ص٢٤.

٢٣٠- كرمانج گوندی: كوردستانی بندهستی سوریا/ ر. سهردهمی نویّ ژماره ٨، ١٩٩٠، ل٨.

٢٣١- منذر الموصلي: عرب واكراد-رؤية عربية للقضية الكردية. بيروت ١٩٨٦، ص٢٢٣.

٢٣٢- منذر الموصلي: عرب واكراد. ص٣١١.

٢٣٣- منذر الموصلي: الحياة السياسة والحزبية في كردستان. لندن ١٩٩١.

٢٣٤- رهشاد میران: هەڵسەنگاندنی ڕوانینێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد/

گۆڤاری ڕابوون. ژماره ۱، ستۆکهۆڵم ۱۹۹۱، ل۲٤.

۲۳۵- المنظمة العربية لحقوق الانسان. نشرة اخبارية. القاهرة. كانون الثاني ۱۹۹۲، العدد ٤۹،ص۱۰.

۲۳٦- گۆڤاری سیاسەتی دەولی. هەولێر، ۱۹۹۳، ژماره ٤، ل۷۷-۱۰٤.

۲۳۷- کوردستان: ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی ئێران. ژماره ۲۰۰، نووتی ۱۹۹۳، ل۱۰.

۲۳۸- خەبات. هەولێر: ژمارەی ڕۆژی ۱٤/۲/۱۹۹۳، ل۱.

۲۳۹- ۲٤۰-کەمال میراودەلی: دوازده نەفرەتی کۆلۆنیالیزم له کوردستاندا/ گۆڤاری ڕابوون، ستۆکهۆڵم ۱۹۹۱، ژماره ۲، ل۲۰-۳۱.

بەشی سێیەم

مافی گەلی کورد لە داکۆکیی نێونەتەوەیی لە دژی جینۆساید

بەگوێرەی ئەو فاکتانەی لە بەشی دووەمدا پێشکەشمان کرد، بەڕاشکاوی دەڵێین، وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان (عێراق، ئێران، تورکیاو سوریا) تاوانی جینۆساید لەدژی گەلی کورد ئەنجام دەدەن. کەواتە گەلی کورد جێگەی جێبەجێ کردنی تاوانەکەیە، بۆیە دەبێتە بابەتی تاوانی نێونەتەوەیی. لێرەشدا پێویستە پێگەکانی (عناصر-ارکان) تاوان بخەینە ڕوو:

١- بابەتی تاوان: بابەتی تاوانی جینۆساید بەندە بەپەیوەندی نێوان وڵاتان لەداکۆکیکردنی هەر گروپێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی، ڕەگەزی یان ئاینی. بەتایبەتیش بەربەندکردنی فەوتاندنی سەراپاگیری، کە بریتییە لەچەند جۆرێک: قڕکردنی بەدەنی، فەوتاندنی نەتەوەیی، کەلتووری و نابووری. جۆری بابەتی تاوانی جینۆسایدیش، بەگوێرەی خەسڵەت و مەبەستی ئەنجامدانی کارەکە دیاری دەکرێت. بۆیە ئەنجامدانی مەبەستیش یا فەوتاندن بەئامرازی جیاجیاو هەمەجۆر ڕەنگە وەکو تاوانی سەختی جۆربەجۆر دیاری بکرێت.

جێگەی تاوانی جینۆساید (تاوان لێکراو)، بریتییە لە گەل، یا هەر

گرووپێکی مرۆیی یا کەرەستە و پێویستییە گرنگەکانی ژیان و بوونی ئەو گەلە یا ئەو گرووپە مرۆڤە، وەکو وێرانکردنی شار، دێهات، سەرچاوەکانی ژیان.. هتد.

٢- سوبیێکتی (تاوانکار)ی تاوانی جینۆساید بریتییە لە کەسانی فەرمانبەر یا کەسانی ئاسایی کە سیاسەتێک یا فەرمانێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکەن بەمەبەستی فەوتاندنی بابەتی تاوانەکە. سوبیێکتی تایبەتی تاوانی جینۆساید، بەگوێرەی پایەو مەقامی کۆمەڵایەتی سوبێیکتەکە دیاری دەکرێت، ڕەنگە حکوومەتی یا کەسانی ئاسایی یا ڕێکخراوێکی تیرۆری جیهانی بێت.

٣- لایەنی بابەتیی (الجانب الموضوعي) تاوانی جینۆساید، بەم جۆرە دیاری دەکرێ:

یەکەم: پێشنیازی تاوانکار لە ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراوی دژ بەیاسا جا تاوانکار (حکوومەت بێت یان کەسانی ئاسایی).

دووەم: هۆکاری ڕەفتاری دژ بە یاسا.

لایەنی بابەتیی جینۆساید ئەم کارانە دەگرێتەوە:

یەکەم: جێبەجێ کردنی کاری تاوان، واتە کردن (القيام بالفعل) یا نەکردن (الامتناع عن الفعل) کە ببێتە هۆی ئەنجامدانی جینۆساید.

دووەم: ئەنجامی تاوانکاری (عواقب اجراميه)، کە ببێتە هۆی تەواوکردنی تاوانی جینۆساید، وەکو ئەو کارانەی کە یاسای نێودەوڵەتان پێشێل دەکەن و ئاشتی دەشێوێنن.

سێیەم: پەیوەندی هۆکارانە لەنێوان کار و ئەنجامدا.

چوارەم: شـوێن، کـات، بارودۆخ، شـێـوەو ئامـرازی ئەنجـامـدانی جینۆساید، ئەوانەش پێوەند نین بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە، چونکە جینۆسـاید لە سـەردەمی شـەڕو ئاشـتـیـشـدا ئەنجـام دەدرێ، بەڵام لە شـوێنێکی دیاریکراودا، شـارێک یا وڵاتێک یا ناوچەیەکی دیاریکراو.

جینۆساید، هۆی پەیڕەوکـردنی سیاسـەتێکی دژ بەمـرۆڤە دەرهەق بەگەلێک یا کۆمـەڵێک بە بەکارهێنانی شێوەو ئامرازی جیاجیا، چەکی قـڕکـردن، چەکی وێرانکردن، سـوپا یا ئـامـرازی تر کـە هـەمـوویان بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان پێشێل دەکەن.

دەبینین گـەلی کـورد بووە بەجێگە مـەبەسـتی تاوانی جـینۆسـاید، چونکە سـیـاسـەتی وڵاتە داگیـرکـەرەکانـی کـوردسـتـان بریتـیـیـە لە: بەکۆمەڵ قڕکردنی بەدەنی، فەوتاندنی نەتەوەیی، کەلتووری و ئابووری. جگە لەوەش تاوانی (ئێکۆساید) واتە وێرانکردنی ئێکۆلۆژیا - ئەنجام دەدرێ. بەکـارهـێنانی چەکی کـیـمـیـاوی، بەکـارهـێنانـی ئامـراز و کەرەستەی ژەهراوی، وێرانکردنی ژینگە، ئەمانە دەبنە هۆی سەرجەم قەلاچۆکردن، واتە قڕکردنێکی سەراپاگیری. ژینگە دەلەوتێندرێ، ئیتر ژیانی خـەڵکی سـەخت و زەحـمـەت دەبێ و ئەنجـامی دوور و خـراپی دەبێت لەسەر ژیان و بوون.

کـەواتە ئەنجـامـدانی جـینۆسـاید، واتە پێـشـێلکردنی یاسـای نێـودەوڵەتان، ئەو پێـشـێلکردنەش دەبێـتـە هـۆی لێـپـرسـینەوەی (بەرپرسـیـاریتی) سـوبێـکتی تاوانەکە. ئیـتر بەگوێرەی بەڵگەنامـە یاساییەکانی نێودەوڵەتان، وڵاتی یاسا پێشێلکەر لە لێپرسینەوەی نێـونەتەوەیی قـوتار نابێت. بەڵام مـیکانیـزمی داسـەپاندنی ئەو

لێپرسینەوەیە (بەداخەوە) هەتا ئێستاش پەیوەندی بە سیاسەت و بەرژەوەندی وڵاتانی جیهانەوە هەیە. بەبیروڕای پرۆفیسۆر ڤ. ئە. ڤاسیلێنکە (لێپرسینەوەی یاسای نێونەتەوەیی هەمیشە بەهۆی ئەرکی هەمەجۆرەی سوبیێکتی یاسا پێشێلکەرەوە دیاری دەکرێ، کە ئەویش بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندە بەچۆنێتی سەرپێچیکردنی یاساوە، بەتایبەتی وەکو بیناکردنەوە RESTORATION، ڕازی کردن، دابینکردن SATISFACTION، لە جێگەدانان (بدیل) SUBSTITUTE، قەرەبووکردنەوە REPARTATION، سنووردارکردنی سەروەری (سیادە) و کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی وڵاتی تاوان ئەنجامدەر[١]، بەڵام ئەگەر لێپرسینەوەکە بەهۆی فەوتاندنی مرۆڤەوە بێت، ئەوا تەنها بە داوەری کردنی تاوانکار چارەسەر دەکرێت.

جۆرەکانی لێپرسینەوەش بەگوێرەی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان و مەرجە بابەتییەکانی ڕەفتاری دەوڵەت و کارەکانیدا هەیە، دیاری دەکرێت. لە هەر بوارێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا بێت، بەتایبەتیش نێونەتەوەیی، ئەو پەیوەندییە ڕەنگە دوو لایەنی هەبێت:

١- پۆزەتیف.

٢- نێگەتیف.

١- پۆزەتیف: لەکاتێکدا ئەگەر ڕەفتاری سوبیێکت گونجاو بێت لەگەڵ بنەما سەپێنراوەکاندا (بنەما ئیمپێراتیفەکاندا).

٢- نێگەتیف: لە کاتێکدا سوبیێکت بنەما سەپێنراوەکان پێشێل دەکات.

بەرپرسیارێتی پۆزەتیفانە: واتە کۆنترۆڵ کردنێکی بەردەوامی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: لەلایەن سوبێیکتەوە، بەسەر رەفتاری خۆیدا، لەگەڵ چاودێریکردنی بنەما باڵاکان و پێویستییەکانی ژیاندا.

بەرپرسیارێتی نێگەتیفانەش: واتە ئەرکی سوبیێکت بە لە ئەستۆگرتنی قورسایی لە ئەنجامی پێشێلکردنی بنەما کۆمەڵایەتییە باڵاکانەوە.

کەواتە ئەگەر هەردوو جۆری بەرپرسیارێتی (پۆزەتیف و نێگەتیف)، دیاردەی یاسایین هەر وەکو چۆن تایبەتن بە بواری رێکخستنی یاسایی ناوخۆی وڵات بە هەمان شێوەش بەبواری نێونەتەوەییەوە[٢].

لەبارەی بەرپرسیارێتی پۆزەتیفانە، بەندی ٢٤ی دەستوری UN ئەوە دیاری دەکات کە: (وڵاتە ئەندامەکانی UN بەرپرسیارێتییەکی گرنگ دەخەنە ئەستۆی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پشتگیریکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و رازین بەوەی لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەی کە بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتییەوە دروست دەبێت، ئەنجومەنی ئاسایش بەناوی ئەوانەوە لەکاردا بێت)[٣]. هەمان کات بەندی شەشەمی دەستوری ر. ن. ی UN لەدەرکردنی ئەو وڵاتانە دەدوێ کە بەشێوەیەکی سیستیماتیک پرنسیپەکانی UN پێشێل دەکەن: (ئەگەر ئەندامی UN بەشێوەیەکی سیستیماتیک پرنسیپەکانی دەستوری پێشێل کرد، کۆمەڵەی گشتی دەتوانێت لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایش دەری بکات)[٤].

کۆمەڵەی گشتی ر. ن. ی لە بڕیارنامەی ٥٤٥ VI / لە ١٩٥٢/٢/٥دا بڕیار دەدات کە: (بەندێک بۆ جێگیرکردنی ئەو پرنسیپەی وا لە دەستوری ر. ن. ی دا دیاری کراوە، لە چوارچێوەی پەیمانێکی نێونەتەوەیی یا پەیمانەکانی نێونەتەوەیی لەبارەی مافی مرۆڤەوە

جێگیر بکات)[٥]، هەروەها کۆمەڵەی گشتی لەبارەی هەمان بەندەوە بڕیاری داوە کە: (هەموو گەلان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە، پێویستە هەموو وڵاتان بەو وڵاتانەشەوە کە بەرپرسیارێتی ئەو هەرێمانەی بەڕێوە نابردرێن، دەکەوێتە ئەستۆیان، دەبێ بەگوێرەی مەبەست و پرنسیپەکانی UN توانای خۆیان بخەنە کار بۆ بەجێگەیاندنی ئەو مافە بۆ گەلانی ئەو هەرێمانە)[٦]. بەندی ٧٣ی دەستوری UN جەخت لەسەر هەمان پرنسیپ دەکات و وڵاتان پابەند دەکات بەدەستپێکردنی پەرەپێدان و دابینکردنی ژیانی خۆشگوزەرانی هەتا لەتوانادا بێت لە چوارچێوەی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییدا، تا گەلانی ئەو هەرێمانە لە بواری سیاسی و ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتیدا پێش بکەون. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ وڵاتان بەویژدانەوە پارێزگاری لە گەلانی ئەو هەرێمانە بکەن و ڕێز لە خواستی سیاسییان بگرن. بەگوێرەی ئەم بەندانە، وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەسەریانە داکۆکی لە گەلی کورد بکەن و ڕێگەی بۆ خۆش بکەن کە مافی خۆی بەکاربهێنێت لە دیاریکردنی چارەنووسیدا، هەڵوێستی پێچەوانەی ئەو بەندانەش، وەکو لە سیاسەت و پراکتیکی ئەو وڵاتانەدا دەردەکەوێ، بەرپرسیارێتی نێگەتیڤانە (سلبی) دروست دەکات. چونکە ئەو وڵاتانە خۆیان نەک هەر خۆیان لە قەرەی مەبەستی ئەو بەندانە و بنەماو پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتان نادەن لە ڕێزگرتنی مافی گەلی کورددا، کە هەموو ئەندامانی UN لەسەریانە پێوەی پابەند بن، بەڵکو سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، پێشێلکردنی ئەو پەیمانەیە کە خۆیانی پابەند کردووەو پێوەی پەیوەست نابن. کەواتە لە ئەنجامی دەست بەکار نەکردنی لەبار و

لەبەر ڕەفتاری دژ بەیاسا لەلایەن وڵاتە داگیرکەرەکانەوە کە دەبێتە هۆی شکاندنی پابەندێتی نێونەتەوەیی، مەسەلەی بەرپرسیارێتی لە پەیوەندی یاسایی لە یاسای نێودەوڵەتاندا سەر هەڵدەدات[٧]. بۆیە بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین، بەرپرسیارێتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دوو لایەنەیە:

١- لە لایەکەوە: شکاندنی ئەو پابەندێتییە نێونەتەوەییەی کە لە ئەستۆیانە واتە دەست بەکار نەکردن (الامتناع عن الفعل).

٢- لەلایەکی ترەوە: پراکتیک کردنی جینۆساید لەدژی گەلی کورد، ئەمەیان ڕەفتاری نادروست و کاری دژ بە یاسای نێودەوڵەتانە (القیام بالفعل).

یاساناسی سویسری، ی. بلیونچلی دەڵێ: (ئەگەر پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتان وەکو مەترسییەک هەڕەشەی لە ئاسایشی گشتی کرد، ئەوا نەک وڵاتی تاوان لێکراو، بەڵکو هەموو ئەو لایەنانەی هێزی بەکاریان هەیە لەداکۆکیکردنی یاسای نێودەوڵەتاندا، دەبێ دژ بەو کارە بن و گرنگی بەدابینکردنەوەو سەقامگیرکردنەوەی سیستێمی یاسایی بدەن)[٨].

بەڕای ئێمە، نەک تەنیا وڵاتی تاوان لێکراو، بەڵکو هەر گەلێکی تاوان لێکراویش، لە کاتی نەبوونی دەوڵەتدا، ئەگەر بەر هەڕەشەی فەوتاندن بکەوێ، ئەوا نەک هەر ئاسایشی گشتی دەشێوێ، بەڵکو دەبێتە کارەسات بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بۆیە چ ئەو گەلەی کە تاوانی لێ کراوە، چ گەلان و وڵاتانی تر، دەبێ دەست بەکار بن لەدژی تاوانکار.

بەم جۆرە، پێویستی داسەپاندنی مەسەلەی بەرپرسیارێتی

سوبێکتی تاوانی جینۆساید له یاسای نێودەوڵەتاندا دەبێتە ئەرکێکی گرنگ و حەتمی. لێرەشدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە لە کوردستانی بندەستی تورکیاو عێراقدا، جگە لە پراکتیک کردنی جینۆساید، هاوکات تاوانی ئیکۆساید Ecocide و بیۆساید Biocide ئەنجام دەدرێ (فەوتاندنی ژینگەو کوشتنی ژیان). ئیکۆساید، هەندێ جار ئەنجامی وا دروست دەکات کە بۆ ژینگەی مرۆڤ و بوونی تەواو ترسناکە، ڕەنگە جارێکی تر ژیان دووبارە نەبێتەوە لەو ژینگەیە، یا ژیانێکی شێواو و ئاڵۆز هەبێت. مەترسی ئیکۆساید لەوەدایە، تێکدانی هاوکێشەی ئیکۆلۆژیا لەهەر هەرێمێکدا بێت، زۆر بەخراپیش کار دەکاتە سەر هەرێمەکانی تر.(٩)

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کەرەسەی ژەهراوی، بەکارهێنانی بۆمبای هێشوویی و ناپاڵمی فسفۆری لەدژی گەلی کورد، دەبنە هۆی کوشتنی ژیان بەگشتی لەو هەرێمانەی کە بوونەتە مەیدانی جەنگ و تاقیکردنەوەی چەک و تەقەمەنی. سەرباری ئەوە وێرانکردن و تێکدانی سروشت و باخ و بێستان و سەرچاوەکانی ژیان، کارگەلێکن دەبنە هۆی (گۆڕانی ترسناک کە سیستێمی ئاسایی هاوکێشەی ژینگە تێک دەدەن، ئەوەش زۆر سەخت دەبێت بۆ مرۆڤ کە دۆخەکە بگەڕێنێتەوە باری ئاسایی جارانی، ئەو تێکدانەی هاوکێشەی ژینگە لە ئەنجامدا دەبێتە پەکخستنی ژیان لەسەر زەوی)(١٠). لە سەرجەمی ئەو ناوچانە و دەوروبەرەدا، ژەهراوی بوونی ئاو و هەواو ڕووەک و خواردەمەنی، ئەمانەش جگە لەوەی دەبنە هۆی کوشتنی مرۆڤ و هەموو زیندەوەرێک، دەبنە هۆی ئەوەش کە نەخۆشی و پاشماوەی خراپ لەلای مرۆڤ دروست دەکەن، بۆیە ئەنجام لەو ئەوەیەوە دەمێنێتەوە بۆ

وەچەی پاشەڕۆژ. ئاو و هەوا سەرچاوەی سەرەکی بەردەوامبوونی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکیشن، پیس بوونیان یا ژەهراوی کردنیان، دەبێتە هۆی گەلێ نەخۆشی خراپ، وەکو کۆلێرا، تیفۆئید ((TYPHOID FEVER، پاراتیفۆئید(PARATYPHOID)، دیزانتری (DYSENTRERY)، تۆلاریمیا (TULAREMIA)، ئاوسانی جگەر (INFECTION HEPATITS)[11]. هەروەها گەلێ نەخۆشی تر کە لە مرۆڤدا دەمێنێتەوەو لە کاتی زاووزێدا دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵ. وێرانکردنی خانووبەرەو باخ و دارستان لە ناوچەکاندا بەجۆرێکی تر کار دەکەنە سەر ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵیش، کە هەڵتەکاندنی ستروکتوری هەمەلایەنی ژیانەو مرۆڤ پەک دەخات و گەڕانەوەی زەحمەتتر دەبێت، کەواتە بە ئەنجامدانی ئیکۆساید (وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگە)، تاوانی بیۆساید واتە (فەوتاندنی ژیان) دێتە ئەنجام، کە هەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ژەهراوی ئەنجامی بایۆلۆژی خراپی هەیە لەسەر ژیان. ئیتر وێرانکردنی سەراپاگیری ژینگەو سروشتی دەوروبەری مرۆڤ، جگە لەوەی پەیوەندە بە پێشێلکردنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، زەبر و زیان گەیاندنیشە بەخۆشگوزەرانی و تەندروستی نەک تەنها ئەوەی سەردەم، بەڵکو وەچەی داهاتووی مرۆڤیش[12].

هەر بەهۆی کێشەی ئیکۆسایدەوە، ١٩٧٧/٥/١٨ لەدوای بڕیار لەسەردانی کۆمەڵەی گشتی UN، پەیماننامەیەکی جیهانی تەرخان کرا بەقەدەغەکردنی کەرەسەو ئامرازی جەنگی یا زیان بەخش کە کار دەکەنە سەر ژینگە[13]. خاڵی یەکەمی بەندی یەکەمی ئەو پەیماننامەیە دەڵێ: (هەموو وڵاتانی بەشداری ئەم پەیماننامەیە دەبێ پەنا نەبەنە بەر

بەکارهێنانی ئامرازی جەنگ یا هەر ئامرازێکی زیان بەخش بەژینگە، کە ئەنجامی سەخت یا درێژخایانی هەیە، ئەویش وەکو ئامرازی وێرانکردن کە زیان و خەسارەتی هەیە بۆ وڵاتێکی تر). بەگوێرەی بەندی دووەمیش: (ئەو ئامرازانەی کە کار لە ژینگە دەکەن، هەر ئامرازێکی گۆڕانکاری بن، بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی پرۆسەی سروشت، قەدەغەن وەکو گۆڕینی دینامیکی، ستروکتور یا پێکهاتەکانی زەوی وەکو: ژینگە، چینە بەردییەکان(LITHOSPHERE) الغلاف الصخري) ، (HYDROSPHERE) (الغلاف المائي)، (ATMOSPHERE) (الغلاف الجوي) یان والآیی ئاسمان(الفضاء الجوي)[١٤].

ئاشکراشە کە چ لە جینۆساید یاهەر تاوانێکی دیکەی نێونەتەوەییدا سوبێیکتی تاوان (تاوانکار) بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆ، بەتایبەتیش ئەنجومەنی ئاسایشی UN مافی تەواوی هەیە کە بڕیاری داسەپێنەر و مەرجدار بۆ هەموو وڵاتانی ئەندامی UN بدات. ئەو بڕیارانەش دەکرێ گەلەکی و داسەپێنەر بن[١٥].

خاڵی یەکەمی بەندی ٢٤ی دەستوری UN، وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە، بۆ بەپەلەو کاریگەرانە بەجێ گەیاندنی کاری ڕ. ن. ی ئەنجومەنی ئاسایش لە بری ئەندامانی بەرپرسیارێتی گرنگ دەکەوێتە ئەستۆی بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی[١٦].

بەگوێرەی بەندی ٢٥یش، ئەندامانی ڕ. ن. ی، (بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ڕێز لێ دەگرن و جێبەجێی دەکەن)[١٧]. پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، جینۆسایدی وەکو تاوانێکی سەربەخۆی نێونەتەوەیی

دیاری کردووەو جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە:

یەکەم: ئەم تاوانە تەواو ترسناکەو هەڕەشە لە بوونی مرۆڤ دەکات، نەک تەنیا بەهۆی جەنگەوە، بەڵکو بەبێ جەنگیش لە سەردەمی ئاشتیدا، ئەنجام دەدرێ.

دووەم: لەم سەردەمەدا بەبێ جەنگیش لە ئارادایە[١٨].

ئەمەش ڕاستەوخۆ باری سەختی گەلی کورد دەگرێتەوە، لە عێراق و ئێران و تورکیا، جەنگێکی بەردەوامی لەدژ دەکرێ و باری گەلی کورد لە سوریا کە جەنگی تیادا نییە، بەڵام پرۆسەی فەوتاندنی نەتەوەیی گەلی کورد بەردەوامە، بەڕاستیش ستروکتوری ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان تێکدراوەو شێواوە. ئەو ڕاستییەش لە بەندی یەکەمی پەیماننامەی ١٩٤٨دا جێگیر کراوە، کە (جینۆساید، پەیوەند نییە بەوەی کە لەکاتی جەنگدا یا لە سەردەمی ئاشتیدا ئەنجام دەدرێ، بەڵکو تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان پێشێل دەکات و لەدژی تاوانکارانیشی بەربەندی دادەنرێ و سزا دەدرێن)[١٩].

مەسەلەی بەربەندکردنی جینۆسایدی گەلی کورد بەهۆی سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە. ئەو وڵاتانە وای دەردەخەن کە مەسەلەی کورد کێشەیەکی ناوخۆیە و ڕێگە نادەن لە دەرەوەڕا چارەسەری بۆ دابنرێ. بەڵام بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتان(پێشێلکردنی فراوان و سەختی مافی مرۆڤ، ئەپارتیید، جینۆساید، جیاوازی ڕەگەز و بێ بەشکردنی سەرجەمی گەل لە مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئەمانە تاوانی نێونەتەوەیین، بەڕاستی ناکرێ لە چوارچێوەی یاسای ناوخۆی هەر وڵاتێکدا گەمارۆ بدرێن)[٢٠]. لەم

بارەدا مەبەست لە چارەنووسی گەلی کورد و جینۆسایدە، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، تەنیا لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتاندا دەکرێ، چونکە بەڕاستی (هیچ وڵاتێک ناتوانێ پشت بەحوکمی یاسای ناوخۆی ببەستێ، بۆ ئەوەی بەجێ نەگەیاندنی ئەرکە نێونەتەوەییەکان بەڕاستی بسەلمێنێ)[٢١]، لەبارەی هەمان ڕاستییەوە، بەندی ٢٦ی پەیماننامەی ڤیەننا دەربارەی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی لە ٢٤/٥/١٩٦٩دا پێی لەسەر دادەگرێ. وەکو تر دەبێ بڵێین، مەسەلەی هاوئاهەنگی و یەکانگیری بنەماکانی یاسای ناوخۆی دەوڵەت و یاسای نێودەوڵەتان دێتە پێشەوەو دەبێ ڕەچاو بکرێ. وەکو لەو بارەیەوە پرۆفیسۆر ڤ. گ. بوتیکتیڤیچ دەڵێ: (پێویستە میکانیزمی هاوئاهەنگی یاسای ناوخۆی دەوڵەت و یاسای نێودەوڵەتان لەگەڵ میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی یەکانگیری بنەماکانی هەردوو سیستێمی یاسایی یەکتری تەواو بکەن)[٢٢].

وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دان بەوەدا نانێن کەکورد گەلێکی سەربەخۆیەو خاوەنی خاک و مێژووی خۆیەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە. دەستوری تورکیا و ئێران و سوریا بەهیچ جۆرێک باس لە بوونی کورد ناکەن. ئەگەرچی بەندی پێنجەمی دەستوری کاتیی عێراق ١٩٧٠دان بەوەدا دەنێ کە گەلی عێراق لەدوو نەتەوە پێک دێت عەرەب و کورد: (ب- يتألف الشعب العراقي من قوميتين رئيسيتين، العربية والكردية، ويؤكد هذا الدستور علي الحقوق القومية للشعب الكردي، وعلي حقوق جميع الاقليات ضمن الوحدة العراقية) واتە: (گەلی عیراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێ، عەرەب و کورد. ئەم دەستورەش مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دیاری دەکات و

مافی هەموو کەمە نەتەوایەتییەکانی تریش لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا دیاری دەکات). دیارە ئەم بەندە ڕوونە لەدان پێدانانی گەلی کورد لە عێراق، بەڵام لەدونیادا هیچ گەلێک بەبێ خاک بوونی نییە، ئەگەر دان بەوەدا نەنرێ ئەو خاکەی کە لەسەری دەژی نیشتمانیەتی. خاڵی(١) هەر لەبەندی پێنجەم دەڵێ: (العراق جزء من الامة العربية) واتە (عێراق بەشێکە لە میللەتی عەرەب)[٢٣]، کەواتە عێراق بە عەرەب و کورد و کەمایەتیەکانی تریشەوە بە سەرانسەری سنوورەکەیەوە بەشێکە لەمیللەتی عەرەب. لێرەدا مانای ئەوە دەبەخشێ، گەلی کورد بە نیشتمانەکەیەوە بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. ئەمەش کێشەی سەرەکی نێوان گەلی کورد و ڕژێمی دەسەڵاتدارە لە عێراقدا، چونکە عێراق خوارووی کوردستانی پێوە لکێندراوە، ئەو بەشەی کوردستانیش بەشێکی دابڕاوە لە بەشەکانی تر کە سەرانسەری لەنێوان عێراق و ئێران و تورکیا و سوریادا دابەش کراوە. بەم جۆرە گەلی کورد لە خوارووی کوردستان بەگوێرەی دەستووری عێراق بەشێکە لەو نەتەوەیە کە سەرانسەری سنووری سیاسی ئێستای عێراق بە بەشێک لەنەتەوەی عەرەب دەژمێردرێت. کەواتە لەڕووی تیۆرییەوە گەلی کورد لە خوارووی کوردستان تەعریب کراوە، هەر وەکو لە گەلێ بەڵگەنامەی تریشدا نەخشەی بۆ کێشراوەو لە پراکتیکیشدا تەواو پەیڕەو دەکرێ، بەتایبەتی لەم بارەیەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی یانزەهەمی حیزبی بەعس لە عێراقدا دەربارەی بوونی نەتەوەی کورد دەڵێ: (...ان هذه القوميات التي تمتلك لغات وسمات متميزة عن اللغة والسمات العربية والتي تعيش في الوطن العربي منذ حقبة طويلة كالقومية الكردية قد ارتبطت بالامة العربية

بوشائج عميقة الجذور فهي اصلا تعيش منذ نشأتها وعبر هذه الحقبة في الارض التي عرفت تاريخيا بالوطن العربي)[٢٤].

واته: (... ئەو نەتەوانەی کە زمان و خەسڵەتیان جیاوازە لە زمان و خەسڵەتی عەرەبی هەر لە کۆنەوە لە نیشتمانی عەرەبدا دەژین، وەکو نەتەوەی کورد کە بەڕەگ و ڕیشەی قووڵ پەیوەندە بەمیللەتی عەرەبەوە، هەر لە بنەڕەتدا و لە بوونیەوە بەدرێژایی ئەو سەردەمەش لەو خاکەدا دەژی کە لە مێژوودا بەنیشتمانی عەرەب ناسراوە).

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکەین لەدوای جەنگی یەکەمەوە، کە سنووری نێوان ئەو وڵاتانە، بە لکاندنی بەشەکانی کوردستانەوە دیاری کرا، کورد، وەکو گەل و خاک دابەش بوو لەنێوانیاندا، بۆیە بەگوێرەی یاسای ناوخۆی ئەو وڵاتانە کوردی هەر بەشێک هاونیشتمانی ئەو وڵاتەیە کە پێوەی لکێنراوە. بەڵام گرنگی مەسەلەکە لەوەدایە، دەبێ کورد وەکو گەل حسابی بە یەکسانی بۆ بکرێ لەناوخۆی ئەو وڵاتانەدا. واتە چارەنووسی وا دیاری کرا وەکو مەسەلەیەکی ناوخۆی ئەو وڵاتانە پەیوەندی پێیانەوە هەیە. ئەو وڵاتانەش لەسەریانە ڕێگە بەیەکسانی و پێشکەوتنی گەلی کورد لە رووی سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بدەن. لەکاتێکدا ئەو یەکسانییە لە پراکتیکدا ڕەفز دەکرێتەوە، مەسەلەیەکی هەرە گرنگ دێتە پێشەوە، کە تێڕوانینێکی تازەیە لە یاسای نێودەوڵەتاندا، ئەویش ئەوەیە، گەلی کورد لێرەدا مافی ئەوەی هەیە دووبارە چارەنووسی خۆی دیاری بکاتەوە. ئالێرەوە، تەنیا لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتاندا چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە دەدۆزرێتەوە، نەک لە یاسای ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا.

ئەو وڵاتانەش، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیان لەسەریانە یاساکانی ناوخۆیان یەک بخەن لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتاندا و لە پراکتیکیشدا پەیڕەوی بکەن. لێرەدا ئەوەمان بیر نەچێت لە زۆر حاڵەتدا سیاسەت و بەرژەوەندی وڵاتانی دنیا دەبنە تەگەرە لە پەیڕەوکردن و جێبەجێ کردنی بنەما و پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتاندا.

دەبینین، گەلێ لە وڵاتانی دنیا لە دەستوری خۆیاندا کە لەپێش جەنگی دووەمیشدا دانراون، حوکمی پەیماننامە و ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی لەبەرچاو دەگرن و یاساکانی ناوخۆیان هاوئاهەنگ دەکەن لەگەڵیاندا. دەستوری بەلجیکا لە بەندی ٦٨دا، سویسرا لە بەندی ١٣دا، لەم وڵاتانە ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی وەکو بەشێک لە یاسای ناوخۆ دەژمێردرێ[٢٥] دەستوری گەلێ وڵاتیش، بەگۆڕانکاری، یا دانراو لە دوای جەنگی دووەمەوە، پلەی سەرەکی و باڵادەستی دەدەن بە بنەماکانی ڕیکەوتننامەی نێونەتەوەیی بەسەر یاسای ناوخۆیاندا. بۆ نموونە: بەندی ٢٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی دەڵێ: (بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتان، بەشێکن لەیاسای فیدراڵی. ئەو بنەمایانە لە سەرووی یاساوەن (مەبەست لە یاسای ناوخۆیە) و ڕاستەوخۆ ماف و ئەرک دێننە ئاراوە بۆ دانیشتوانی سنووری فیدراڵ)[٢٦]. جارێ هەر نەبوونی حوکمی بنەما و پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتان، ئەوەی پەیوەندی بە ماف و ڕێزگرتنی گەلانەوە هەیە، لە یاسای ناوخۆی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، ڕاستەوخۆ ئەو وڵاتانە لەسەر پێشێلکردنی مافی گەلی کورد ڕادەگرێ و لە پراکتیکیشدا هەتا ئێستا بەردەوامن، هەر بۆیەش

ئەو پێشێلکردنە گەیشتە تاوانی جینۆساید، کە مەترسی نەک هەر لەسەر ئێستا، بەڵکو داهاتووی کوردیش دروست کردووە. دەکرێ بڵێین (تێ هەڵدان!)ێکی تەواوی پرنسیپ و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتانە لەمەڕ ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ. تاوانی جینۆساید وەک هەر تاوانێکی تری نێونەتەوەیی چوار پێگەی هەیە، بەگوێرەی ئەو چوار پێگەیەش یاسا پێشێلکەر دیاری دەکرێ: مەبەستی تاوان، سەرپێچی کردنی یاسا، هۆ و زیان، پەیوەندی نێوان سەرپێچی کردنی یاساو زیان[٢٧]. بە حوکمی ئەو چوار پێگەیە، دەبینین وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان (عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا)، پێشێلکەری یاسای نێونەتەوەیین. کۆمەڵگەی جیهانیش بۆی هەیە مەسەلەی بەرپرسیارێتی یاسایی نێونەتەوەیی، ئەو چوار وڵاتە لە چوارچێوەی UNدا بخاتە ڕوو. ئەنجامی سیاسەتی جینۆساید لەو وڵاتانەدا لایەنی(ماددی) تاوانەکەی ئاشکرا کرد، ئیتر ئەو تاوانە مەسەلەی کوردی تەواو گەیاندە یاسای نێودەوڵەتان. ئەگەرچی ئەو وڵاتانە خۆیان ئەندامن لە ڕ. ن. ی، بەڵام بەردەوامن لە شکاندنی پابەندێتی نێونەتەوەیی و پێشێلکردنی مافی گەلی کورد.

لە پێشەکی دەستووری UN دا پێویستی ئەوە دیاری کراوە (بۆ سازدانی بار و زرووفێکی لەبار بۆ دابینکردنی دادگۆیی (عدالة)و ڕێزگرتنی ئەو ئەرکانەی کە لە پەیماننامە و سەرچاوەکانی تری یاسای نێودەوڵەتانەوە دێنە ئاراوە و کار بکرێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و پێشخستنی ئاستی ژیان لە بار و زرووفێکی زیاتر ئازادیانەدا)[٢٨].

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرنسیپەدا، گەلی کورد دەبێ ئەو مافانەی خۆی

بەجێ بگەیێنێ کە یەکسان بێ لەگەڵ گەلانی تردا، بەڵام لە ئەنجامی سیـــاســـەتی ڕێگەگــرتن و تەگــەرە خـــســـتنەبەر لەلایەن وڵاتە داگیرکەرەکانەوە، ئەو مافە زەوت کراوە، ئەگەرچی (خەسڵەتی تایبەتی مافی مرۆڤ، ئەرکە لە ئەستۆی وڵاتاندا کە ڕێزی لێ بگرن، بەحوکمی ئەو ئەرکــەش کـــە پێــوەی پابەندن، هەر خـــۆدزینەوەیەکـــیش لەو پابەندێتییە، بەرپرسیارێتی بۆ دەوڵەت دێنێتە ئاراوە)[٢٩].

کــــۆمــــەڵەی گـــشـــتـــی UN ١٩٤٦/١٩/١١ لە بڕیارێکدا ڕوونی کردووەتەوە کە وڵاتانی ئەندامی ڕ. ن. ی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو پرنسـیـپانەی لە دەسـتـووری دادگای سـەربازی نێونەتەوەیـدا (دادگــای نۆرنبـێـرگ) و لە بڕیارەکـانـی دادگــادا هـاتوون، ئەوانە (پرنسیپی یاسای نێودەوڵەتانن)[٣٠]. بەندی دووەمی یاسای ژمارە ١٠ لە دادگای نۆرنبێرگ دەربارەی سزادانی کەسانی تاوانبار بەتاوانی جەنگ، تاوانی دژی ئاشتی و دژی مرۆڤایەتی، ئەم کارانەی خوارەوە بەتاوان دیاری دەکات:

١- تاوانی دژی ئاشتی

٢- تاوانەکانی جەنگ

٣- تاوانی دژی مرۆڤایەتی: دڕندایەتی، دوژمنکاری لە جۆری کوشتن، گوللەباران کردن، کۆیلە کردن، ڕاگواستن، زیندانی کردن، تەعەدا کردن لە ئافرەت یا کاری تری دژ بەمرۆڤ کە لەدژی هەر کەسێکی مـەدەنی ئەنجـام بدرێ یا ڕاونان بەهـۆی بیـروباوەڕی سـیـاسـی، ڕەگـــەز یا باوەڕی ئاینی. بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێ ئەم تاوانانە لەو وڵاتەدا کـە ئەنجـام دراون، پێشـێلکردنی یاسـان یان نا[٣١]. لێرەدا پێویسـتـە ئاماژە بەوە بکەین، لەو جۆرە تاوانانە لە

کوردستان ئەنجام دراون، تەنانەت تەعەدا کردن لە ئافرەت لە ڕووداوەکانی باکوور و باشووری کوردستاندا دیار و ئاشکران.

بەندی چوارەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی دەڵێ: (کەسانی ئەنجامدەری جینۆساید یا هەر کارێکی تر لەوانەی کە لە بەندی سێهەمدا ناویان براوە/ وەکو: پیلان گێڕان بەمەبەستی ئەنجامدانی جینۆساید، هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بە مەبەستی جینۆساید و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید/ سزا دەیانگرێتەوە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێ لە دەستوری حکومەتەکەیاندا بەرپرسیارن یان نا، جا کەسانی ئاسایی بن یان فەرمانبەر)[٣٢].

لیژنەی یاسای نێودەوڵەتان لە ڕ. ن. ی (راپۆرتی ساڵی ١٩٨٦) لە خاڵی سێهەمدا (تاوانی دیکەی دژی ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی). هەروەها ئەوە دیاری دەکات و دەڵێ: ئەو کارانە وەکو، بەشداریکردن، پیلان گێڕان، هەوڵدان لە بار و زرووفێکی دیاریکراودا کە ببێتە هۆی تاوانی دژی ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی)[٣٣]، هەمان بیرورا لە پەرەگرافی دووەمی بەندی دووەمی یاسای ژمارە ١٠ی دادگای نۆرنبێرگ-دا ئاشکرا دیارە دەڵێ کە هەرکەسێک بەبێ ڕەچاوکردنی نەتەوەیی یا پلەوپایەی ئەگەر یەکێک لەم کارانەی ئەنجام دابێ، بەئەنجامدەری تاوان دادەنرێ، ئەو کارانەش ئەمانەن:

١- کەسی سەرەکی بێ، یا.

٢- هاوکار بێ لە ئەنجامدانی هەر تاوانێکدا ئەگەر فەرمانی دابێ یا هاندەری تاوان بێ.

٣- ڕەزامەندی دەربڕیبێ لەبەشداریکردنی تاواندا.

٤- بەشداربێ لەپیلاندانان یا ڕێگە خۆشکەر بێ، کە ببێتە هۆی ئەنجامدانی تاوان.

٥- بووبێتە ئەندام لە هەر گروپێک یا ڕێکخراوێک کە پەیوەندی بەئەنجامدانی هەر یەکێک لەو تاوانانەوە هەبێ[٢٤].

ئەوەشمان لەبیر نەچێ، کە دەستووری دادگای تۆکیۆ ١٩٤٦ لە ستروکتوردا وەکو دادگای نۆرنبێرگ وایە. دادگای تۆکیۆ، هەمان ئەو تاوانانەی کە لە دادگای نۆرنبێرگدا دیاری کراون، لە لیستی تاوانی نێونەتەوەییدا دیاری دەکات[٢٥].

دی ئەریچاکە، تاوانی نێونەتەوەیی وا دیاری دەکات کە (لە ئەنجامی شکاندنی پابەندێتی نێونەتەوەییەوە لەلایەن دەوڵەتەوە، کاتێک دروست دەبێت کە ڕەفتاری دژ بەیاسای نێونەتەوەیی ئەنجام بدرێ، ئەو پابەندێتییە نێونەتەوەییەش، بەئەندازەیەک دەبێتە بناغەی بەرژەوەندییە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، هەر پێشێلکردنیان وەکو تاوانی سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەیر دەکرێ)[٣٦].

بەرپرسیارێتی یاسایی نێونەتەوەیی ئامرازێکی یاسایی پێویستە بۆدابینکردنی پاراستنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان، ئەویش بە سەقامگیرکردنەوەی ئەو پەیوەندییە جیهانییەی کە پێشێل کراوە. هەر بۆیەش بەرپرسیارێتیی سویێکتی یاسای نێودەوڵەتان، بەتوندی پەیوەندیی بەگرنگ گرتنی پاراستنی ڕەوایی نێونەتەوەیی و هەوڵدان بۆ جێگیر کردنی ئاشتی و دابینکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە[٣٧].

پڕۆژەی یاسای تاوانی دژی ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی، پشت بە کۆمیتەی یاسایی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەستێ و پێی ڕەوایە (وڵاتێکی تر دەست لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە وەردات کە لە

سنوورەکەیدا تاوان کراوە یان هاوولاتیانی زەرەرمەند بوونە، ئەو دەست تێوەردانەش دەبێ لە حالەتێکدا بێ، کە ئەو تاوانە ئەنجام درابێ وا هەڕەشە لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکات یان سووکایەتی بە ویژدانی مرۆڤایەتی کردبێ جا چ بە زەبری بەرفراوانی یا بەژمارەی زۆری قوربانی یان کاری لەو جۆرەی کە لەکاتی جیاوازدا یا لە ناوچەی جیاجیادا ڕووی دابێ)[٣٨].

لە کۆبوونەوەی سی و حەوتەمینی سالانەی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتان لە ڕ. ن. ی ١٩٨٥، لە پڕۆژەی بەرپرسیاریتی دەوڵەت، لە بەندی ١٤ خالی دووەمدا ئاشکرا ڕوون کراوەتەوە کە کاتێک دەوڵەت تاوانی نێونەتەوەیی ئەنجام دەدات، بەرپرسیاریتی بۆ ولاتانی تریش دێتە ئاراوە کە:

١- نابێ دان بەوەدا بنرێ، ئەو ئەنجامەی تاوان هێناویەتیە ئاراوە، ئەنجامێکی ڕەوایە.

٢- یارمەتی و پشتگیری ئەو ولاتە نەکرێ کە تاوانی کردووە لە پاراستنی ئەو زرووفەی کە تاوان دروستی کردووە.

٣- یەکگرتنی ولاتان و ڕێگە خۆشکردن بۆ هاوکاری یەکترکردن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیاندا، بەگوێرەی خالی ١ و ٢[٣٩].

لێرەدا مەبەست لە ڕەوایی دەست تێوەردانی کۆمەڵگەی جیهانییە لە کاروباری ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەگوێرەی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتان، چونکە جینۆساید لە ئارادایە. ئەو دەست تێوەردانەش دەبێتە هۆی بەرگرتنی جینۆساید و پشتگیری کردنی مافی گەلی کورد لە داکۆکیکردنی نێونەتەوەیی و دابینکردنی ژیان و بار و زرووفێکی ئاسایی گونجاو. ئەنجومەنی ئاسایشی ڕ. ن. ی

دەسـەڵاتی هەیە کـە دادگـایەکی جـیـهـانی پێک بێنێ بۆ دادگـاکـردنی تاوانکارانی جـینۆسـاید. لەم بارەیەشـەوە بـەندی چوارەمـی پڕۆژەی بەرپرسـیـارێتی دەوڵەت-لیـژنـەی یاسـای نێـودەوڵەتان- لە ڕ. ن. ی ۱۹۸۵ دەڵێ:

(ئەنجـامی یاسـایی ڕەفتـاری دەوڵەت لەدژی یاسـای نێـودەوڵەتان، دەبێ بەگـوێرەی حـوکـمی باوی دەسـتـوری ڕ. ن. ی دیاری بکرێ، لەبارەی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییەوە)[٤٠].

کـاتێک لە بەرپرسـیـارێتی نێونەتـەوەیی دەوڵەت دەدوێین، پێـویستـە پرنسیپە سـەرەکییەکانی ئەم ئینستیوتە دیاری بکەین، چونکە چۆنێتی سروشتی یاسـایی پیشـان دەدات و سیـستێمی گشـتی بەرجەسـتـە کردنی دیاری دەکات. ئەو پرنسیپانەش ئەمانەن:

١- پرنسیپی لەیەکچوونی بنچینەی بەرپرسیارێتی:

بەرپرسـیـارێتی نێـونەتـەوەیی دەوڵەت کـاتێک دروست دەبێ ئـەگـەر بنچینەی یاسایی و ڕاستـەقینەی پێویستی هەبێ. بنچینەی یاسایی بەرپرسیارێتی دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێ فـەرمانی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان. لەسـەر بناغـەی ئەو بنەمـایانەش جۆری ڕەفتـاری دەوڵەت وەکو یاسا پێشێلکەری نێـونەتەوەیی ناوزەد دەکرێ و ئیتر مـەسـەلەی بەرپرسـیـارێتی نێـونەتەوەیی دەوڵەتەکە دەخـرێتـە ڕوو[٤١]، بنچـینەی ڕاسـتـەقینەی بـەرپرسـیـارێتی نێونەتـەوەیی دەوڵەت تەنیا بریتـیـیـە لە ئەنجامدانی یاسا پێشێلکردن لەلایەن دەوڵەتەکەوە[٤٢].

٢- پرنسیپی لەت نەبوونی بەرپرسیارێتی:

ئەو بەرپرسیارێتییەی لە ئەنجـامی ڕەفتـاری ئۆرگانەکـانی دەوڵەتەوە دروست بووە، ئەو ئۆرگانانە خۆیانی لێ بەرپرسـیار نین بەشـێوەیەکی

سەربەخۆ، بەڵکو دەوڵەتەکە خۆی بەرپرسیارە. بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی دەوڵەت بەسەر ئۆرگانەکانیدا دابەش ناکرێ، بەجۆرێکی سەرەکی دەوڵەت دەگرێتەوە[٤٣].

٢- پرنسیپی دابەشبوونی بەرپرسیارێتی:

ڕەفتاری کەسانی ئاسایی یا کۆمەڵێکی ئاسایی کە بەناوی دەوڵەتەوە کار نەکەن، وەکو ڕەفتاری دەوڵەتەکەیان سەیر ناکرێ و دەوڵەت بەرپرسیار نییە لە ئاستیان لە تاوانی نێونەتەوەییدا[٤٤]، بەڵام کەسانی ئاسایی یا فەرمانبەر کە بەناوی دەوڵەتەوە لە کاردابن یاوەکو ئۆرگانی دەوڵەت ڕەفتار بکەن، ئەو کاتە کارەکەیان وەکو ڕەفتاری دەوڵەتەکە سەیر دەکرێ و دەبێتە هۆی بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی دەوڵەت.

لە ئاستی تاوانی جینۆسایددا، دەوڵەت بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی سیاسی و ماتریالی (ماددی) دەکەوێتە ئەستۆی[٤٥]، پێویستە ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین بەربەرەکانی کردنی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتاندا بریتییە لە بنەمایەکی ئیمپێراتیڤانە (آمر-- Jus Con-gens)و هەموو وڵاتان لەسەریانە لەکاردا بن لە دژی جینۆساید، جا مەرج نییە کە بەشداری پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکاران بن[٤٦].

ی. براونلی لەو بارەیەوە دەڵێ: (دەست بەکارکردن یا نەکردن، کە ببێتە هۆی شکاندنی پابەندێتی یاسایی، بەرپرسیارێتی یاسایی نێونەتەوەیی دروست دەکەن، جا ئەوە ڕەچاو ناکرێ کە ئەو پابەندێتییە لە ڕێکەوتننامەوە یا داب و نەریت یا هەر بناغەیەکی ترەوە پێگەی دانابێ[٤٧].

٤- پرنسیپی هاوئاهەنگی (التناسبیة):

قەبارەو جۆر و فۆرمی بەرپرسیاریتی دەوڵەتی یاسا پێشێلکەر، دەبێ هاوئاهەنگ بن لەگەڵ مەوداو سروشتی ئەو زیانەی کە پێشێل کردنی یاسای نێودەوڵەتان دروستی کردووە لە سنووری پێویست تێ نەپەڕێ، بۆ قەرەبوکردنەوەیەکی عادیلانەی زیانی سوبێکتی (لایەنی) تاوان لێکراو بۆ سەقامگیرکردنەوە و پشتگیری کردنی سیستێمی یاسایی نێونەتەوەیی[٤٨].

٥- پرنسیپی لەیەکچوونی ئامرازی دادگایی کردن (وسائل المرافعة) لە جێبەجێ کردنی بەرپرسیارێتی دەوڵەتدا:

بەرپرســـیـــارێتی دەوڵەت دەبێ وا دیاری بکرێ لە چوارچێـــوەی فۆرمێکی دادگایی دیاریکراودا بێ و بەگوێرەی ئەو سیستێمەی کە لەئەنجامی پێویستی یاسایی نێودەوڵەتانەوە پەیدا بوو[٤٩].

لە جـێگەیەکی تردا بەندی دووەمی یـاسـای ژمـارە ١٠ی دادگـای نورنبێرگ/خاڵی ٤/ دەڵێ:

(پایەی ڕەســمی هەر کـەسـێک، سـەرۆکی دەوڵەت بێ یا سـەرانی لێـپـرسـراوی کـارگـێـڕی حکومــەت بێ، لەبەرچاو ناگـیـرێ و لە بەرپرسیـارێتی تاوانەکەی دەربازی ناکاتـو ناشبێـتە هۆی سووک کردنی سزاکەی). کەواتە سەرۆکی دەوڵەت یا کەسێکی ئاسایی کە ئەنجامدەری جینۆسـاید بێ لە بـەرپرسـیـارێتی تاوانکاری-جنائی- مەرەخەس نابێت.

ئەگەرچی بڕگەی -B- لە بەندی دووەمی یاسای ژمارە ١٠ی دادگای نۆرنبێرگـدا دیاری دەکات کە (ئەگەر یەکێک فەرمانی حکوومەتەکەی یا فەرمانی لێپرسراوی سەرووی خۆی جێبەجێ کرد لە بەرپرسیارێتی

تاوان دەرباز نابێت، بەڵام ڕەنگە ببێتە هۆی سووک کردنی حوکمەکەی لە کاتی دیاریکردنی سزاکەیدا)[٥٠].

زۆر گرنگە ئەو ڕاستییە باس بکەین، جینۆساید لەبەر ئەوەی تاوانێکی نێونەتەوەیی ترسناکە، تێپەڕبوونی کاتی بۆ ڕەچاو ناکرێ و بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی هەر دەمێنێ[٥١]، بەگوێرەی بەندی یەکەمی پەیماننامەی ڕەچاو نەکردنی کات بەسەرچوونی تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی ساڵی ١٩٦٨: (تاوانی دژی مرۆڤایەتی، گوێ بەوە نادرێ لە کاتی جەنگدا یا لە سەردەمی ئاشتیدا ئەنجام دراوە، هەر وەکو لە دەستووری دادگای سەربازی نۆرنبێرگ لە ١٩٤٥/٨/٨ دا دیاری کراوە: ڕاونان لە ئەنجامی هێرشی چەکداری یا داگیرکردن و ڕەفتاری دژ بەمرۆڤ، ئەوانە ئەنجامی سیاسەتی ئەپارتید و جینۆسایدن کە لە پەیماننامەی ١٩٤٨دا دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانیدا دیاری کراوە. ئەگەر چی ئەو کارانە بەگوێرەی یاسای ناوخۆی ئەو وڵاتەی لێیان ئەنجام دراوە، یاسا شکاندنیش نەبن)[٥٢].

هەر لەبارەی مەبەستی ڕەچاو نەکردنی سەردەمی تاوانی نێونەتەوەیی، بەندی پێنجەمی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتان ڕ. ن. ی جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە: (تاوانی دژی ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی بە حوکمی خەسڵەتەکەی بەر حوکمی سەردەمی بەسەرچوو ناکەوێ)[٥٣].

بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی خستمانە ڕوو، بەپشت بەستن بەو بەڵگەنامە یاساییە نێونەتەوەییانە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گەلی کورد تاوانی جینۆسایدی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ. ئەم تاوانە نێونەتەوەییەش، پێشێل کردنێکی زۆر زەق و ترسناکی مافی گەلی

کورده. بۆیە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان و کەسانی نوێنەرانی ئەو وڵاتانە بەرپرسیارێتی یاسایی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان بەبێ ئەوەی سەیری ئەوە بکرێ تاوانەکانیان لە سیاسەت ـو یاسای ناوخۆدا قــەدەغــەن یان نا، بەبێ ئەوەی ســـەیری ئەوە بکرێ بەشــدارن لە پەیماننامەی ١٩٤٨دا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید یان نا.

جارێ کۆمەڵێ بڕیار و ڕاپۆرت و یاسای ئەو وڵاتانە کە حوکمی یاساییان هەیە، خۆی لەخۆیدا نیسپات کردنێکی پێش وەختەی تاوانی جینۆسایدە. جینۆساید وەکو تاوانێکی سەربەخۆ، زۆر ترسناک و دڕندانەیە، بۆیە سیاسەتی ئەو وڵاتانە دەرهەق بەگەلی کورد تەواو دژو ناکۆکە لەگەڵ بنەما گشتی و پرنسیپە دان پێدانراوەکانی یاسای نێودەوڵەتاندا. بەگوێرەی ئەوەی ئەو بنەمایانە (ئیمپێراتیڤن) واتە حوکمێکی بالایان هەیە Jus Cogens، وڵاتانی دنیا لەسەریانە:

١- لەسەر داخوازی ئەنجومەنی ئاسایش، هاوکاری گەلی کورد بکەن لەدژی جینۆساید، تاکو ئەو گەلەش بەشداربێ لە پرۆسەی پاراستن و دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی، بەندی ٤٣ دەستووری ر. ن. ی.

٢- تاوانی جینۆساید ئەنجام نەدەن و لە تیۆری و پراکتیکدا قەدەغەی بکەن.

٣- ئەو یاسایانە هەڵبوەشێننەوە کە دەبنە هۆی جینۆساید و یاسای کارگێڕیی قەدەغەکردنی تیۆری و پراکتیکی جینۆساید دەربکەن.

٤- سزا بخەنە سەر ئەو وڵاتانەی جینۆساید پەیڕەو دەکەن لە دژی گەلی کورد.

بەم جۆرە، وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەرپرسیارێتی سیاسی

و ماتریاڵی هەڵدەگرن. لەبەرئەوەی جینۆسـاید هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی دەکات. بۆیە هەموو وڵاتێک مافی ئەوەی هەیە مەسەلەی جینۆسـاید لە چوارچێوەی ڕ. ن. ی دا بەرز بکاتەوە، سەرباری ئەوەش، بەحوکمی پرنسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و میللەتان، لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە پێوەی لکێندراوە-ئێران، عێراق، سوریاو تورکیا-، هەموو مافێکی پێشێل کراوە و بەر پەلاماری هەمەلایەنەی قڕکردن کەوتووە، مافی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووسی خۆی هەیەو خەباتکردن بۆ بەرزکردنەوەو بەئەنجام گەیاندنی ئەو مافانە کارێکی ڕەوایە، چونکە بەسیاسەتی ئەو وڵاتانە گەلی کورد بار و زرووفێکی سەختی بۆ دروست کراوە هەڕەشە لە بوونی دەکات. ئەنجومەنی ئاسایشی UN دەسەڵاتی هەیە ئەم کێشەیە بخاتە بەر باس و لێدوان و چارەسەری بۆ دابنێ، چونکە ئەو تاوانانەی لە دژی گەلی کورد دەکرێن، هەر تاوانی ئاسایی و کاتی نین، ئاشتی و ئاسایشی نەک هەر ئەو گەلە، بەڵکو نێونەتەوەیی دەخەنە مەترسییەوە و تاوانیشە لەدژی مرۆڤایەتی.

ئەوەی ڕاستی و بەڵگەنامەی جیهانی بەمرۆڤایەتی ڕەوا بینیوە، لە دژی تاوانی نێونەتەوەیی، ئێمە هەوڵمان داوە لایەنە ڕوونەکانی بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی حوکمی یاسای نێودەوڵەتان لەو بارەیەوە لە ئاستی میللەتێکی ژێرپێ خراوی وەکو کورددا ڕوون بکەینەوە، بەڵام میکانیزمی جێبەجێ کردنی ئەو حوکمانە، زۆرجار لە پێناوی بەرژەوەندی و سیاسەتی جیهانیدا پێچەوانە دەکرێتەوە، ئالێرەوە، بە پلەی یەکەم ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەر گەلی کورد لە ئیسپاتکردنی واقیعی ژیانی خۆی.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١- ڤ. نە. ڤاسیلێنکە: سزای یاسایی- نێونەتەوەیی. کییف، ١٩٨٢، ل ٥١ (بەزمانی رووسی).

٢- ڤ. نە. ڤاسیلێنکە: بەرپرسیارێتی دەوڵەت لەپێشێلکردنی یاسای نێونەتەوەییدا. کییف، ١٩٧٦، ل١٧(بەزمانی رووسی).

٣- دەستووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. مۆسکۆ، ١٩٧٦ ل٢٤ (چاپی رووسی).

٤- دەستووری ر. ن. ی. ل٦.

٥- کارنامەی ر. ن. ی لە بواری مافی مرۆڤدا. لەبارەی دان پێدانانی دیاریکردنی چارەنووسەوە وەکو مافی مرۆڤ. نیویۆرک. ، ١٩٨٣ ل١٨، خاڵی ٧ (بەزمانی رووسی).

٦- هەمان سەرچاوە، ل١٨.

٧- مازەف. ڤ. نە. بەرپرسیارێتی لە یاسای نێودەوڵەتاندا. مۆسکۆ، ١٩٧٩. ل١١(بەزمانی رووسی).

٨- بلیۆنچلی. ی. یاسای تازەی نێودەوڵەتان لە وڵاتانی شارستانی لە شێوەی یاسادا. مۆسکۆ، ١٩٧٨. ل٢٨٣ (بەزمانی رووسی).

٩- کەرێتس. ی. ی. : تاوانی خەسڵەت نێونەتەوەیی. مۆسکۆ، ١٩٧٩. ل٢٤ (بەزمانی رووسی).

١٠- الدکتور محمد العودات: التلوث وحماية البيئة. دمشق، ١٩٨٨. ص٢٨.

١١- الدکتور محمد العودات: التلوث وحماية البيئة. ص١٤٧.

١٢- کەرێتس. ی. ی. : تاوانی خەسڵەت نێونەتەوەیی. ل٢٤.

١٣- ئەبەرنیکۆف. ڤ. پ.، کراسولین. ب. پ. چەک داماڵین. مۆسکۆ، ١٩٨٨. ل٣١٩ (بەزمانی رووسی).

١٤- یاسای نێودەوڵەتان لە بەڵگەنامەدا. مۆسکۆ، ١٩٨٢. ل ٥٩٦، (بەزمانی رووسی).

١٥- سیستێمی نێونەتەوەیی: لایەنی سیاسی-یاسایی، بە سەرپەرشتی: شاه نزاروف. گ. خ، مۆسکۆ، ١٩٨٦، ل. ١٠٠(بەزمانی رووسی).

١٦- دەستووری ڕ. ن. ی، مۆسکۆ، ١٩٧٦، ل٢٢(چاپی ڕووسی).

١٧- دەستووری ڕ. ن. ی.، ل٢٣.

١٨- کـەریێــتس. ی. ی. : تـاوانکاری نێــونەتـەوەیی. مــۆسـکۆ، ١٩٨٨، ل١٠١ (بەزمانی ڕووسی).

١٩- یاسـای نێـودەوڵەتان لە بەڵگەنـامـاندا. پەیماننـامـەی قـەدەغـەکـردنی تاوانی جینۆسـاید و سزاخسـتنە سـەر تاوانکاری، سـاڵی ١٩٤٨. مـۆسکۆ، ١٩٨٢. ل٢٣٢ (بەزمانی ڕووسی).

٢٠- زنجیرەی یاسـای نێودەوڵەتان. حەوت بەرگ، بەرگی یەکەم. مۆسکۆ، ١٩٨٩ ل٢٨٧ (بەزمانی ڕووسی).

٢١- مـینگازەف. ل. خ. : کـاریگەریێتی بنەمـاکـانی یاسـای نێـودەوڵەتان. قـازان، ١٩٩٠ ل١٨٨ (بەزمانی ڕووسی).

٢٢- بوتکێڤیچ. ف. گ. : پەیوەندی یاسای ناوخۆی دەوڵەت و یاسای نێودەوڵەتان. کیێڤ، ١٩٨١ ل٢٧٩ (بەزمانی ڕووسی).

٢٣- خالد خالد: کیف تعالج الدساتیر العراقیة الحقوق القومیة للشعب الکردي. ستۆکهۆلم، ١٩٩٠ ل٥٦.

٢٤- مسالة الاقلیات القومیة في الوطن العربي. دار الثورة. بغداد. ص٧.

٢٥- مـینگازەف. ل. خ.: کـاریگەریێتی بنەمـاکـانی یاسـای نێـودەوڵەتان. قـازان، ١٩٩٠ ل١٩١.

٢٦- هەمان سەرچاوە. ل١٩٢.

٢٧- مەنیـیـچوک. یو. ف. ئەنجامـی پێشـێلکردنـی یاسـای نێودەوڵەتان. کـیێڤ، ١٩٨٧ ل٧ (بەزمانی ڕووسی).

٢٨- دەستووری ڕ. ن. ی. ل٧.

٢٩- کولیکۆڤ. ڕ. ئو.: بەرپرسیاریێتی یاسایی-نێونەتەوەیی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا. مۆسکۆ، ١٩٧٩ ل١٤ (بەزمانی ڕووسی).

٣٠- ئەندریۆخین. م. ن. : جـینۆسـاید لە سـیاسـەتی وڵاتە ئیمـپریالیـیـەکـاندا. مۆسکۆ، ١٩٦٧ ل٢٤ (بەزمانی ڕووسی).

٢١- دادگـای نۆرنبـێرگ. هـەشت بەرگ. بەرگی یەکـەم. مۆسکۆ، ١٩٨٧ ل ١٦٠
(بەزمانی ڕووسی).
٢٢- یاسای نێودەوڵەتان لەبەڵگەنامادا. دەقی پەیماننامەکە، ل٣٢٢.
٢٣- ساڵنامەی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتان ١٩٨٦ بەرگی دووەم، بەشی دووەم. ڕ.
ن. ی. نیویۆرک، ١٩٨٩ ل٥٨ (بەزمانی ڕووسی).
٢٤- دادگای نۆرنبێرگ. بەرگی یەکەم. ل١٦٠- ١٦١.
٢٥- نیکۆلاییف. ئە. ی. تۆکیـۆ- دادگـای گـەلان، مـۆسکۆ، ١٩٩٠. ل٣٢، ٣٧
(بەزمانی ڕووسی).
٢٦- دی ئەریچـاگـەئی. غ. : یاسـای تازەی نێـودەوڵەتان. مـۆسکۆ، ١٩٨٣. ل٤١٤
(بەزمانی ڕووسی).
٢٧- زنجیرەی یاسای نێودەوڵەتان. حەوت بەرگ. بەرگی سێیەم. مۆسکۆ، ١٩٩٠.
ل١٩٠ (بەزمانی ڕووسی).
٢٨- سـاڵنامەی لیژنەی یاسـای نێودەوڵەتـان ١٩٨٦. بەرگی دووەم، بەشی یەکەم.
ڕ. ن. ی- نیویۆرک. ل٦٧ (بەزمانی ڕووسی).
٢٩- ساڵنامەی لیژنەی یاسـای نێودەوڵەتان١٩٨٥. بەرگی یەکەم. نیویۆرک، ١٩٨٨
ل١٠٦ (بەزمانی ڕووسی).
٤٠- هەمان سەرچاوە. ل١٠٥.
٤١- داڤیـد. ڤ. ڤـاسیلێنکە. ڤ.: میکانیـزمی پاراسـتنی سیسـتێمی یاسایی
نێونەتەوەیی. برنۆ-سلۆڤاک ١٩٨٦ ل٥٢ (بەزمانی ڕووسی).
٤٢- هەمان سەرچاوە. ل٨٨.
٤٣- هەمان سەرچاوە. ل٨٩.
٤٤- هەمان سەرچاوە. ل٩٣.
٤٥- ئەندریۆخین. م. ن. : جینۆسـاید لە سـیاسـەتی وڵاتە ئیـمپریالیـیەکـاندا.
مۆسکۆ، ١٩٦٧. ل٣٧ (بەزمانی ڕووسی).
٤٦- کۆلیکۆڤ. ڕ. نۆ. : بەرپرسیارێتی یاسایی-نێونەتەوەیی لەپێشێلکردنی مافی
مرۆڤدا. مۆسکۆ، ١٩٧٩. ل٣٨ (بەزمانی ڕووسی).
٤٧- براونلی. ی. : یاسای نێودەوڵەتان. کتێبی دووەم. / گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە:

س. ئەندریانەڤ/ مۆسکۆ، ۱۹۷۷. ل۸۳ (بەزمانی رووسی).

٤٨- داڤید. ڤ.، ڤاسیلێنکە. ڤ.: میکانیزمی پاراستنی سیستێمی یاسایی نێونەتەوەیی. برنۆ-سلۆڤاک، ۱۹۸٦. ل۹۸ (بەزمانی رووسی).

٤٩- هەمان سەرچاوە. ل۱۰۱.

٥٠- دادگای نۆرنبێرگ. بەرگی یەکەم. ل١٦١.

٥١- دکتور عبدالرحیم صدقي: دراسة للمبادئ الاصولية للقانون الدولي الجنائي في الفكر المعاصر./ المجلة المصرية للقانون الدولي. المجلد الاربعون. القاهرة، ١٩٨٤. ص٧١.

٥٢- یاسای نێودەوڵەتان لە بەڵگەناماندا. مۆسکۆ، ۱۹۸۲. ل٨٣٤.

٥٣- ساڵنامەی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتان. بەرگی دووەم. بەشی دووەم. نیویۆرک، ۱۹۸۹. ل٥٠ (بەزمانی رووسی).

ئەنجام

وەکو ڕوونمان کردەوە، جینۆساید لەبەرئەوەی تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی، بۆیە لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا وەکو تاوانێکی سەربەخۆ و ترسناک دیاری کراوە.

جینۆساید نەک هەر نەهێشتنی بەدەنی کۆمەڵێ مرۆڤە، بەڵکو جۆری تریشی هەیە، فەوتاندنی کەلتووری نەتەوەیی، جینۆسایدی بیۆلۆژی و ئابووری. لە باکوور و باشووری کوردستان، ڕژێمی تورکیاو عێراق بە وێرانکردنی سەراپاگیریی ناوچەکان، سەرباری سیاسەتی جینۆساید، تاوانی ئیکۆساید-وێران کردنی ئێکۆلۆژیا-یان ئەنجام داوە. ئەویش وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگەیە، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کوشتنی ژیان بەگشتی لەو ناوچانەدا، واتە تاوانێکی دیکەش ئەنجام دەدرێ ئەویش (بیۆساید). کە دەتوانین بەم جۆرە سیاسەتی دژ بەگەلی کورد دیاری بکەین: (تاوانی جینۆساید و Genocid– تاوانی ئیکۆساید Ec-ocide– تاوانی بیۆساید Biocide). لە جێبەجێ کردنی تاوانی جینۆساید دا، کەم و زۆری ژمارەی قوربانی و زەرەرمەندیی ڕەچاو ناکرێ، چونکە هەر مەبەست لە تاوانەکە فەوتاندنێکی سەراپاگیرییە، ئەویش دەبێتە هۆی زەبرێکی ترسناک لە مرۆڤایەتی و تێکدانی ئاشتی و ئاسایش و گوزەرانی ئاسایی مرۆڤ. بۆیە ئەم تاوانە ڕاستەوخۆ پێشێل کردنی بنەما و پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتانە، هەر لەبەر ئەوەش، تێپەڕبوونی کات لەبەرچاو ناگیرێ، واتە بەرپرسیارێتی لەسەر ئەو تاوانە هەر دەمێنێ و تاوانکار چ وەک حکوومەت یا فەرمانبەر و

کارمەندی دەوڵەتان یا کەسانی ئاسایی نابێ قوتاربن.

لە بەشەکانی کوردستاندا، میتۆدی هەمە چەشنە بەکاردێت بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئەو ڕژێمانە، بەڵام خاڵی سەرەکی سەرجەم سیاسەتی هەر چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان هاوبەشەو هەمیشە توانیویانە لەسەر لێدانی بزووتنەوەی کورد و وێرانکردنی کوردستان و فەوتاندنی نەتەوەیی کورد وەکو گەلێکی سەربەخۆ، یەک بگرن. جۆری جێبەجێ کردنی سیاسەتی ڕژێمی عێراق و تورکیا جیاوازە و تارادەیەکی زۆر نزیکە لە یەکەوە. کاری دیاری ئەو سیاسەتەش کە بەئەنجام گەیشتووە دەکرێ لەم خاڵانەدا دیاری بکرێ:

١- بەکۆمەڵ کوشتن.

٢- بەکۆمەڵ ڕاگواستن.

٣- تەعریب و تەتریک (عەرەباندن و تورکاندن).

٤- وێرانکردنی کوردستان (بەتاڵان کردنیشەوە).

٥- شێواندنی مێژوو و کەلتووری کورد.

٦- دروستکردنی باری نائاسایی کە دەبێتە هۆی پەرەوازە و کەم بوونەوەی خەڵکی کوردستان.

٧- بەکارهێنانی سیاسەتی برسیکردن و گەمارۆی نابووری.

٨- میلیتاریزەکردنی کوردستان.

٩- مین ڕێژکردنی ناوچە کوردییەکان.

١٠- تێکدانی سروشت و جوگرافیای ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتیش تێکدانی دیموگرافی دانیشتوان.

بەڵام سیاسەتی ڕژێمی ئێران و سوریا لە جێبەجێ کردندا، هەندێ

جیاوازە لەگەڵ عێراق و تورکیا، ئەگەرچی لەهەر یەکێ لەو وڵاتانەدا، هەر داوایەکی گەلی کورد بە چەک و ئاگر وەڵام دەدرێتەوەو ماڵ و حاڵی خەڵکەکە وێران دەکرێ، پێمان وایە ئەو جیاوازییە لەبەر ئەوەیە کە بزوتنەوەی ڕزگاری کورد لەو دوو بەشەی کوردستاندا چالاکی و خەباتیان جیاوازترە وەکو لە باکوور و باشووری کوردستان، هەر کاتێک ئەو بزووتنەوەیە لەو ناوچانەشدا پەرەی سەندبێ، ئەوا سیاسەتی ڕژێمەکانیش توندتر و خراپتر بووە. سیاسەتی ڕژێمی ئێرانیش لەم خاڵانەدا کۆ دەکەینەوە:

١- بەکۆمەڵ کوشتن.

٢- بەکۆمەڵ ڕاگواستن.

٣- شێواندنی مێژوو و کەلتووری کورد.

٤- تەفریس کردن (بەفارس کردن).

٥- وێرانکردنی دێهاتەکان.

٦- گەمارۆی ئابووری.

٧- میلیتاریزەکردنی کوردستان.

٨- تێکدانی سروشت و جوگرافیای کوردستان.

٩- مین ڕێژکردنی ناوچەکان.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، لەبەرئەوەی شەڕ نییە، بۆیە جۆری جێبەجێ کردنی سیاسەتی ڕژێمی سوریا جۆرێکی ترە. ئەو جۆرە تاوانەش لە یاسای نێودەوڵەتاندا بە جینۆسایدی سەردەمی ئاشتی ناسراوە، چونکە ئەم تاوانە چ لە سەردەمی شەڕدا یا لە سەردەمی ئاشتیدا ئەنجام دەدرێ. بۆیە دەبینین ئەو سیاسەتەی ڕژێمی سوریا

بەکاری دێنێ لەدژی گەلی کورد بریتییە لە:

١- فەوتاندنی گەلی کورد، بەشێوەی تواندنەوەی لەعەرەبدا، بۆ ئەمەش عەشایری عەرەب لە ناوچە کوردییەکاندا نیشتەجێ دەکرێن و چەکداریش دەکرێن.

٢- بە مەترسی زانینی کورد و بزووتنەوەکەی لەسەر گەلی عەرەب.

٣- بەکۆمەڵ ڕاگواستن.

٤- تەعریب کردنێکی بەرنامەڕێژکراو.

٥- قەدەغەکردنی زمان و کەلتوور و شێواندنی مێژووی گەلی کورد.

٦- بەکارهێنانی سامانی کوردستان لە دژی گەلی کورد خۆی.

٧- بەکارهێنانی سیاسەتی (تجهیل).

٨- بەکارهێنانی پرۆژەی-کێڵگەی دەوڵەتی- بۆ داگیرکردنی کوردستان بە سوریا و دابڕینی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان لە هەردوو دیوی سنووری نێوان سوریا عێراق و تورکیا.

٩- بێ بەریکردنی خەڵکێکی زۆر (بە هەزاران) لە مافی هاونیشتمانێتی، کە ئەمەیان مردنێکی لەسەرخۆیە. مرۆڤی بێ دۆکومێنت هیچ مافێکی نییە.

١٠- کۆنترۆڵکردنێکی بەردەوامی خەڵکی کوردستان بە سوریا و دەزگای جاسوسی.

خاڵێکی گرنگ کە هەر چوار وڵاتەکە بەیەکەوە گرێ دەدات، ئەویش کۆمەڵێ ڕێکەوتننامە و پەیماننامەیە لە نێوانیاندا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد و بە مەترسی زانینی هەر سەرکەوتنێکی گەلی کورد لەسەر خۆیان و وڵاتەکەیان، کە بەردەوام خەڵکی مەدەنی و ناوچە

مەدەنییەکانیشی گرتووەتەوە. لەکاتی نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیەدا، سوپای تورکیا (٤٠) چل کیلۆمەتر سنووری تورکیای بڕیوەو پەڕیوەتەوە ناوچەکانی بادینان لە خوارووی کوردستانی بە عێراقەوە لکێندراو، کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنی لەهەر دوو دیوی کوردستان بەر هێرش و پەلامار کەوتوون و ئاوارە بوونە. (مانگی ئازاری ١٩٩٥).

لە ئەنجامی تاوانی فاشیستەکان و لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەو پرنسیپ و فۆرمە یاساییانەی کە تاوانی نێونەتەوەیی قەدەغە دەکەن و سزا دەخەنە سەر تاوانکارانی، لە یاسای نێودەوڵەتاندا جێگیر کران. ئیتر جینۆساید بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی خرایە سەر. دەستووری ڕێکخراوی UN، پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، پرنسیپەکانی دادگای نۆرنبێرگ و گەلێ بەڵگەنامەی تر ئەو ڕاستییە یاساییە دەچەسپێنن، کە تاوانی نێونەتەوەیی هەڕەشە لەمرۆڤایەتی دەکات، بۆیە هەر وڵاتێک چ بەشداربێ لە پەیماننامە و ڕێکەوتننامەی جیهانیدا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید یا بەشدار نەبێت، ئەوا یەکەم: بەرپرسیار دەبێ بەرامبەر جینۆساید ئەگەر ئەنجامی دا، دووەم: لەسەر بەتی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات کە لەبەربەند کردن و سزادانی تاوانی جینۆسایددا دێتە ئاراوە. چونکە پابەندێتی نێونەتەوەیی خەسڵەتێکی باڵای هەیەو وڵاتە ئەندامەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرپرسیارن لە ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، کە زەمینەی لە دابینکردنی پرنسیپی مافی چارەنووسی گەلانەوە بۆ خۆش دەبێ و بناغە دادەکوتێ.

جێگەی داخە، جێبەجێ کردنی بەرپرسیاریتی نێونەتەوەیی لە بەربەرەکانی کردنی جینۆسایددا، بەتایبەتیش بەرامبەر بە گەلی کورد، هەتا ئەم ڕۆژگارەش لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی و سیاسەتی ولاتانی ناوچەکە و گرێدانی بە سیاسەتی جیهانییەوە سەیر دەکرێ، بۆیە لێرەدا بەپلەی یەکەم گەلی کورد خۆی لەبەر ئەوەی خاوەنی مەسەلەکەیە بەهۆی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەییەوە، ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر شانۆی سیاسەتی جیهانیدا، یاسای نێودەوڵەتان، وەکو ئامرازێکی کاریگەر بەکاربێنێ بۆ داکۆکیکردن لە بوونی خۆی و قەناعەت پێکردنی ولاتانی دنیا بە مەسەلەی ڕەوا و جەختکردن لەسەر ئەوەی کە جینۆسایدی گەلی کورد گەیشتووەتە ئەندازەیەکی ترسناک کە پاشەڕۆژی ئەو گەلە لە مەترسیدایە، ئەویش مەترسی لەسەر مرۆڤایەتی دروست دەکات.

سەرچەمی سەرچاوەکان

بە زمانی کوردی:

١- ئیسمایل بێشکچی (دکتۆر): کوردستان کۆلۆنییەکی نێونەتەوەیی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار ڕەشید. هەولێر، ١٩٩٢.

٢- بلەج شێرکۆ (دکتۆر): کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد. محەمەد حەمە باقی لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی. سەقز ١٩٩٠.

٣- جەمال نەبەز (دکتۆر): بیری نەتەوەیی کورد نە بیری (قەومیەت)ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییە. ستۆکهۆڵم، ١٩٨٤.

٤- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی. ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥.

٥- جەمال نەبەز: ئێستە و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا. ستۆکهۆڵم، ١٩٨٧.

٦- چیا: ئەمنی ستراتیژیی عێراق و سێ کوچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چاپی یەکەم، ١٩٨٧.

٧- ڕادوڤان باڤیچ (پرۆفیسۆر): جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی. مەحمود مەلا عزەت کردوویەتی بە کوردی. سوید، ١٩٨٥.

٨- عەبدولرەحمان قاسملۆ (دکتۆر): چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی. بەرگی یەکەم، چاپی دووەم،؟ ١٩٨٨.

٩- عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی): ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا. سوید، ١٩٩١.

١٠- عەبدولرقیب یوسف. بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد. سلێمانی، ١٩٨٥.

١١- عەزیز شەمزینی (دکتۆر): جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان. ف. ئەسەسەرد لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە. چاپی دووەم، ١٩٨٥.

١٢- کریس کۆچیرا: مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست_دا. وەرگێڕاوی: محمد ریانی. تاران، ١٩٩٢.

١٣- کەریمی حیسامی: کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خودموختاری. چاپی

دووەم. سوید، ١٩٨٦.
١٤- مەهاباد کوردی: گەشتێک بۆ باکووری کوردستان. سوید، ١٩٩١.
١٥- نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان. ئۆترێخت. هۆڵەندا، ١٩٩٢.

***

لێکۆڵینەوە و وتار بەزمانی کوردی

١٦- دۆستی: کیدری و باری سیاسی کوردستانی سەروو/ هەڵوێست (گۆڤار). لەندەن، ژمارە ٢/ ١٩٨٤.
١٧- دیدار: گەلی کورد لە کوردستانی سوریاو چارەنووسێکی نادیار / سەردەمی نوێ (ڕۆژنامە)، ستۆکهۆڵم. ژمارە-٤٥-، نۆڤەمبەری ١٩٨٩.
١٨- ڕەشاد میران: هەڵسەنگاندنی ڕوانینێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد/ ڕابوون (گۆڤار). ستۆکهۆڵم، ژمارە-١- ١٩٩١.
١٩- ڕێناس: دامەزراندنی دەوڵەتی سوری و کێشەی کورد لە سوریا. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: خانی شەرەفکەندی/ هیوا (گۆڤار). پاریس، ژمارە-٧- ١٩٩٠.
٢٠- سەربەست کەرکووکی: لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێیی دەربارەی پەرلەمانی ئەوروپا/ سیاسەتی دەولی (گۆڤار). هەولێر، ژمارە-٤- ١٩٩٣.
٢١- ک. حیسامی: داخوا ئەوە (ژینۆساید) نییە؟/ سەردەمی نوێ. ستۆکهۆڵم، ژمارە-٣٢- سێپتێمبەری ١٩٨٨.
٢٢- کرمانج گوندی: کوردستانی بندەستی سوریا/ سەردەمی نوێ. ستۆکهۆڵم، ژمارە-٤٥- سێپتێمبەری ١٩٩٠.
٢٣- کەمال میراودەلی: دوازدە نەفرەتی کۆلۆنیالیزم لەکوردستاندا/ ڕابوون. ستۆکهۆڵم، ژمارە-٢- ١٩٩١.
٢٤- مارف عومەر گوڵ: ڕێکخراوی کوردی مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراق/ گۆلەس کوردا-دەنگی کورد (ڕۆژنامە). مۆسکۆ، ژمارە ٦،٥- ١٩٩٢. (بەزمانی رووسی).
٢٥- محمد سەعید سۆفی: کەندێناوە و سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن/

کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە). هەولێر، ژمارە -١٥٤-، ١٩٩٢/٨/٢.

ڕۆژنامە و گۆڤار و سەرچاوەی تر

٢٦- بەربانگ (گۆڤار). ستۆکهۆڵم ژمارە- ٥١-، ١٩٨٨.
٢٧- بەربانگ. ستۆکهۆڵم، ژمارە-٥٧،٥٨- ١٩٨٩.
٢٨- بەربانگ. ستۆکهۆڵم، ژمارە-٧١-،٧٢- ١٩٩١.
٢٩- پەیڤ (گۆڤار). لەندەن، ژمارە-٤-، نیسانی ١٩٨٧.
٣٠- پێشەنگ (گۆڤار). ژمارە-١٢- ئابی ١٩٨٦.
٣١- خەبات (ڕۆژنامە). ژمارە-٥٧٥- کانوونی دووەم ١٩٨٨.
٣٢- خەبات. ژمارە-٦٣٨-، ١٩٩٢/٩/١٦.
٣٣- خەبات. هەولێر ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٣/٢/١٤.
٣٤- ڕێبازی نوێ (ڕۆژنامە). ژمارە-١٠- تشرینی یەکەمی ١٩٨٨.
٣٥- ڕێبازی نوێ. ژمارە-٤- نیسانی ١٩٨٩.
٣٦- ڕێبازی نوێ. ژمارە-٤- ١٧ تشرینی دووەم ١٩٩١.
٣٧- سەردەمی نوێ (ڕۆژنامە). ستۆکهۆڵم، ژمارە-١٠- ١٩٨٩.
٣٨- سەربەخۆیی (ڕۆژنامە). ژمارە-٢٤، ٢٥- تەمموزو ئابی ١٩٩٠.
٣٩- کوردستان (ڕۆژنامە). ژمارە-٢٠٠-نۆوتی ١٩٩٣.
٤٠- کوردستان. ژمارە-٢١٢-سێپتێمبەری ١٩٩٤.
٤١- کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە). هەولێر، ژمارە-٩٥- ١٩٩٢/٥/١٨.
٤٢- کوردستانی نوێ. ژمارە-٧٦- ١٩٩٢/٤/٢٦.
٤٣- کوردستانی نوێ. ژمارە-٢٤٨- ١٩٩٢/١١/٢٢.
٤٤- کوردستانی نوێ. ژمارە-٢٥٣- ١٩٩٢/١١/٢٦.
٤٥- کوردستانی نوێ. لەندەن. چاپی دەولی، ژمارە-٤- تشرینی یەکەم ١٩٩٤.
٤٦- هەڵوێست (گۆڤار). لەندەن، ژمارە-٣- ٤٨، ١٩٨٧.
٤٧- یەکگرتن (ڕۆژنامە)، ژمارە-٩- کانوونی دووەمی ١٩٩٣.

***

٤٨- بەڵگەنامەی UN، ١٢/٩/٠./١٩٨٨، CD/872، کۆنگرەی چەک داماڵین. (دەقی

ڕووسی).
٤٩- بەڵگەنامە .UN, E/CN. Sub/٤ ،١٩٨٨، ٢٠ (دەقی ڕووسی).
٥٠- بەڵگەنامە UN، ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی: CN/E. ٤ 31/1992 - (دەقی ڕووسی).
٥١- بەڵگەنامەی UN، ئەنجومەنی ئاسایش: S/ ٢٣٦٨٥/ .Add.1 9 March 1992 (دەقی ڕووسی).
٥٢- بەڵگەنامەی UN، ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی: E/CN.4/ 1993/45. (دەقی ڕووسی).
٥٣- ڕاپۆرتی ئەمنیستی ئنتەرناشناڵ، ژمارە: MDE 14-01-88.
٥٤- ڕاپۆرتی ئەمنیستی ئنتەرناشناڵ، ژمارە: MED 14-03-89.
٥٥- ڕاپۆرتی ئەمنیستی ئنتەرناشناڵ، ژمارە: MDE 13-10-92.
٥٦- ایران: نقض حقوق بشر ١٩٨٧-١٩٩٠ سازمان عفو بین الملل، شماره: MDE 31-21-92.
٥٧- بولتن خبری کردستان. شماره-٢٥٨-سبتامبر ١٩٩١ . حزب دمکرات کردستان ایران. نمایندگی خارج از کشور.
٥٨- کۆمەڵێ بەڵگەنامەی: Kurdistan Human Right Commision Maastricht, 27 Januari 1992.
٥٩- بانگەوازێکی جیهانی بۆ پشتگیری کردنی گەلی باکووری کوردستان. وەرگێرانی: ئەزمەند بەگیخانی/ هەنگاو (ڕۆژنامە)ی لەندەن، ژمارە ٦- ١٩٩٤.
٦٠- لیژنەی باڵای ئاوارەکانی کوردستانی عێراق. نەخشە و ئاماری سەرژمێری ئاوارەکان لە ئوستانەکانی ئێراندا؟ ئابی ١٩٨٩.
٦١- ئەڵمانیاو جینۆساید لە عێراق، کۆمەڵەی هاوکاری کردنی گەلانی چەوساوە، گوتینگن، ڕاپۆرتی ژمارە-٤- ١٩٩١. (بە ئینگلیزی و ئەڵمانی).
٦٢- سەرژمێری گشتی دێهات و شارۆچکە وێرانکراوەکانی پارێزگای کەرکووک، ١٩٨٧- ١٩٨٨. ڕاگەیاندنی لقی کەرکووکی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق.؟ ١٩٨٩.

بەزمانی عەرەبی

٦٣- اشيريان. ش. ح. الحركة الوطنية في كردستان العراق. ١٩٦١-١٩٦٨، عربه عن الروسية: ولاتو، بيروت ١٩٨٧.

٦٤- خالد خالد: كيف تعالج الدساتير العراقية الحقوق القومية للشعب الكردي، ستوكهولم، ١٩٩٠.

٦٥- رينية موريس: كردستان أو الموت. ترجمة جرجيس فتح الله المحامي. لندن، ١٩٨٦.

٦٦- عبدالباقي احمد (دكتور): حقائق عن اللاجئين العراقيين الاكراد في تركيا. ترجمة: فريدون فەيزملك. منشورات الجبهة الكردستانية، ١٩٨٩.

٦٧- عبدالرحمن قاسملو (دكتور): كردستان والاكراد. ترجمة ثابت منصور.؟ ١٩٦٨.

٦٨- كمال مظهر احمد (دكتور): دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر. بغداد، ١٩٨٥.

٦٩- محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية، الاجتماعية والسياسية، سوريا، الحسكة، ١٩٦٣.

٧٠- محمد العودات (دكتور): التلوث وحماية البيئة. دمشق، ١٩٨٨.

٧١- مجيد جعفر (دكتور): كردستان تركيا- دراسة اقتصادية، اجتماعية وسياسية في تحت التخلف الاستعماري. بيروت، ١٩٩٠.

٧٢- منذر الموصلي: عرب واكراد-رؤية عربية للقضية الكردية. بيروت، ١٩٨٦.

٧٣- منذر الموصلي. الحياة السياسية والحزبية في كردستان. لندن ١٩٩١.

٧٤- هسرتيان. م. أ. : كردستان تركيا بين الحربين ترجمة: د. سعدالدين ملا، باقي نازي. بيروت، ١٩٨٧.

٧٥- وليام ايغلتن الابن: جمهورية مهاباد. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله المحامي. بيروت، ١٩٧٢.

٧٦- وليد حمدي (دكتور): الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية. لندن، ١٩٩٢.

ليكوَلينةوةو وتار بة زمانى عةرةبى

٧٧- اسماعيل بيشكجي: دفاعا عن الامة الكردية المستعبدة-رسالة الى اليونيسكو- القسم الخامس، ترجمة روناك/ جريدة گەل- الشعب، العدد ١٩، اواخر تشرين الاول، ١٩٨٥.

٧٨- جبار قادر (دكتور): الدستور التركي وسياسة قهر الاكراد/ جريدة المنار الكردي. لندن، العدد ٢٠، ٢٢ تشرين الاول ١٩٩٤.

٧٩- حميد بوز رسلان: حول (الاطروحة التركية في التأريخ) دراسات كردية. باريس، العدد ٣،٧، ١٩٩٢.

٨٠- عبدالرحيم صدقي (دكتور): دراسة للمبادىء الاصولية للقانون الدولي الجنائي في الفكر المعاصر/ المجلة المصرية للقانون الدولي. المجلد الاربعون، القاهرة، ١٩٨٤.

٨١- عصمت شريف وانلي: حول الاستراتيجية السياسية والعسكرية للحركة الوطنية الكردية/ دراسات كردية. باريس، العدد ١،٢ كانون الثاني، ١٩٨٥.

٨٢- كمال غمبار: القضية الكردية من وجهة نظر حزب البعث/ جريدة گەل/ الشعب- العدد ٥٠، آب ١٩٩٢.

٨٣- كندال نزان: اكراد تركيا-الاضطهاد القومي واشكاله/دراسات كردية. باريس، العدد ١،٢ كانون الثاني ١٩٨٥.

٨٤- لازريف. م. س. : الاكراد والقضية الكردية. ترجمة س. ولات/ جريدة گەل- الشعب- العدد ٨ حزيران ١٩٨٤.

٨٥- مصطفى سلامة حسين (دكتور): تأملات دولية في حقوق الانسان/ المجلة المصرية للقانون الدولي. المجلد الاربعون. القاهرة ١٩٨٤.

٨٦- ميري كوجار: الاكراد والمسألة الكردية في علم التأريخ التركي/ مجلة الثقافة الجديدة. العدد-١٧٢- نيسان ١٩٨٦.

٨٧- نوري طالباني (دكتور). كردستان- الحقوق القومية والفيدرالية والدستور/ المنار الكردي، لندن، العدد-٨- ايلول ١٩٩٣.

رۆژنامه و گۆڤار و سەرچاوەی تر

٨٨- الشرارة. جريدة الاتحاد الوطني الكردستاني. العدد -٣- اذار ١٩٨٩.

٨٩- الشرارة. العدد ٧ تموز ١٩٨٩.

٩٠- اخبار كردستان. العدد ١٧١- ١٩٨٨/٢/١.

٩١- الف باء. بغداد العدد١٠٤٢- ٢ أيلول ١٩٨٨.

٩٢- المثقف التقدمي: نشرة يصدرها الحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سوريا، العدد ٧- ١٩٨٩.

٨٣- الوقائع العراقية: العدد- ٢١٥٨- ١٣ تموز ١٩٨٧.

٩٤- دراسات كردية: باريس، العدد- ٣، ٧- ١٩٩٢.

٩٥- رسالة العراق: الحزب الشيوعي العراقي. اعلام الخارج. العدد ٩٩-تموز ١٩٨٩.

٩٦- صدى كردستان. جريدة الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق. مكتب لبنان، العدد ٣٢- أوائل تموز ١٩٩٠.

٩٧- طريق الشعب. الجريدة المركزية للحزب الشيوعي العراقي. العدد ٧ أواسط تشرين الاول ١٩٩١.

٩٨- طريق الحرية. جريدة الحزب الاشتراكي الكردستاني- العراق. العدد١٤،١٣- تشرين الثاني ١٩٨٨.

٩٩- كردستان اليوم. نشرة دورية تصدرها لجنة التضامن مع الشعب الكردي. بروكسل، العدد السابع، نيسان ١٩٨٩.

١٠٠- گەل- الشعب-جريدة حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني. العدد ١٧ أوائل أب ١٩٨٥.

١٠١- گەل- العدد ١٨ أوائل ايلول ١٩٨٥.

١٠٢- گەل- العدد ٢٠ كانون الثاني ١٩٨٦.

١٠٣- المنظمة العربية لحقوق الانسان- نشرة اخبارية- العدد- ٤٩ كانون الثاني ١٩٩٢.
١٠٤- أمر. مديرية أمن محافظة دهوك. العدد-٤٨- ٦/٣/١٩٩١.
١٠٥- تقرير فان دير ستويل حول حقوق الانسان في العراق/ المنار الكردي. لندن، العدد-٥- ١٩٩١.
١٠٦- تقرير خاص الى الكونغرس الامريكي حول استخدام الاسلحة الكيمياوية. ترجمة: آمانج. مطبعة الشهيد صالح اليوسفي، ١٩٨٨.
١٠٧- حقوق الانسان: نشرة دورية تصدرها لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق. العدد- ١٦- آب ١٩٩١.
١٠٨- حقوق الانسان: نشرة دورية تصدرها لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق. العدد-١٨- كانون الاول ١٩٩١.
١٠٩- حلبجة المدينة الدامية. الجزء الاول. منشورات المكتب الاعلامي للحزب الاشتراكي الكردستاني- العراق، فرع السليمانية ١٩٨٩.
١١٠- شهادات تفضح انتهاكات حقوق الانسان في العراق. اصدار لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق، دمشق ١٩٩٠.
١١١- قرار. حزب البعث العربي الاشتراكي. قيادة شعبة زاخو. العدد- س/ش/ ٦٦٤- في ١٤/٦/١٩٨٧.
١١٢- مذكرة الجبهة الكردستانية العراقية. منشورات الجبهة الكردستانية ١٩٨٩.
١١٣- مسألة الاقليات القومية في الوطن العربي. منشورات حزب البعث العربي الاشتراكي. القيادة القومية. المؤتمر القومي الحادي عشر. دار الثورة. بغداد
١١٤- منظمة العفو الدولي. التقرير السنوي. لندن ١٩٩١.
١١٥- نداء الى الرأي العام الاوروبي والعالمي. الحزب الديمقراطي الكردستاني- فرع اوروبا، ٤ كانون الثاني ١٩٧٤.
١١٦- وثائق عن محنة شعب كردستان العراق (٢). قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق، ١٩٨٨.

- Абаринов В.П., Красулин Б.П. Разоружение. - Москва, 1988.
- Андрюхин М.Н. Геноцид – тягчайшее преступление против человечества. - Москва, 1961.
- Андрюхин М.Н. Геноцид в политике империалистических государств. - Москва, 1967.
- Аристова Т.Ф. Материальная культура курдов XIX – перв. пол. XX в. - Москва, 1990.
- Блюнчли И. Современное международное право цивилизованных государств, изложенное в виде кодекса. - Москва, 1978.
- Броунли Я. Международное право. Книга 2 /Пер. с англ. С.Н.Андриянова. - Москва, 1977.
- Буткевич В.Г. Соотношение внутригосударственного и международного права. - Киев, 1981.
- Василенко В.А. Международно-правовые санкции. - Киев, 1982.
- Василенко В.А. Ответственность государства за международные правонарушения. - Киев, 1976.
- Введение в философию. Кол. авт. - В 2-х частях. - Ч.2. - Москва, 1989.
- Гасратян М.А. Курды Турции в новейшее время. - Ереван, 1990.
- Гасратян М.А. Новая турецкая конституция и курдский вопрос// Турция и современность. - Москва, 1989.
- Губин В.Ф. Рассовая дискриминация: реакционная сущность и международная противоправность. - Москва, 1979.
- Давид В., Василенко В. Механизм охраны международного правопорядка. - Брно, 1986.
- Де Аречага Э.Х. Современное международное право. - Москва, 1983.
- Демченко П. Иракский Курдистан в огне. - Москва, 1963.
- Деятельность ООН в области прав человека. О признании самоопределения в качестве права человека. - Нью-Йорк, 1983.
- Дипломатический словарь. - Т.1. - Москва, 1984.

- Ежегодник комиссии международного права 1985 г. - Т.1. - Нью-Йорк, 1988.
- Ежегодник комиссии международного права 1986 г. - Т.II., часть I, часть II, Нью-Йорк, 1989.
- Карпец И.И. Преступление международного характера. - Москва, 1979.
- Карпец И.И. Международная преступность. - Москва, 1988.
- Конституция государств Ближнего и Среднего Востока /Перевод под ред. И.Д.Левина. - Москва, 1956.
- Краткий политический словарь. - Кол. автор. - Москва, 1989.
- Куликов Р.О. Международно-правовая ответственность за нарушение прав человека. - Москва, 1979.
- Курс международного права. В 7-ми томах. - Т.1. - Москва, 1989.
- Курс международного права. В 7-ми томах. - Т.3. - Москва, 1990.
- Лазарев М.С. Курды и Курдистан // Национальный вопрос в освободившихся странах Востока. - Москва, 1986.
- Мазов В.А. Ответственность в международном праве. - Москва, 1979.
- Манийчук Ю.В. Последствия международного правонарушения. - Киев, 1987.
- Мгои Ш.Х. Курдский национальный вопрос в Ираке в Новейшее время. - Москва, 1991. - С. 216-217.
- Международное право в документах. - Москва, 1982.
- Международная политика Новейшего времени в договорах, нотах и декларациях /Под ред. Ю.В.Ключникова и А.В.Сабанина. - Ч.III. - Вып. II. - Москва, 1929.

Международный порядок: политико-правовые аспекты / Под ред. Г.Х.Шахназарова. - Москва, 1986.
- Мингазов Л.Х. Эффективность норм международного права. - Казань, 1990.
- Никитин В. Курды. - Москва, 1964.